# شیعر

(2020_1995)

# بەرگی سێیەم

# زانا خەلیل

ناوی کتێب: شیعر (1995_2020)
زانا خەلیل
بابەت: شیعر_ بەرگی سێیەم
بەرگ : دەراو خەلیل
تیراژ: (500) دانە..
چاپی یەکەم
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی
سپاردنی  (55)ی ساڵی (2020)ی پێدراوە.

# شیعر

(2020_1995)

# بەرگی سێیەم

# زانا خەلیل

# درۆیەکی دیکەی شاعیر

# باوەڕ

گرنگ ئەوەیە باوەڕم وا بمێنێ:

که زەمین لەدەستبدەم و عەشقم هەبێ
لە جیاتی ئەوەی زەمینم هەبێ و عەشق لە دەستبدەم.
باشترە هەموو شتێ لە دەستبدەم و عەشقم هەبێ
لەوەی کە هەموو شتێکم هەبێ و عاشقبوون لە دەستبدەم.
باشترە هەموو شتێکم نەمێنێ و عەشقم بمێنێ
لەوەی کە هەموو شتێکم بمێنێ و عەشق لە دەستبدەم.

گرنگ ئەوەیە باوەڕم وا بمێنێ.

## دیسان نیشتیمان

ماڵێك بۆ ژن و شیعر و عەرەق.
گوتیان: نیشتیمانێکی کاول.

گوتم: بەهەشتی خوا.
گوتم: نیشتمانی پێغەمبەران.

# تامی شین

هەستە ماچم بکە
ژیان تەنیا درۆیەکی شینە
لە باوەشی پیاوێکی رەشدا..

دەزانم تێناگەی!

بەڵام هەستە لێوەکانت بێنە با ماچت بکەم
ژیان تەنیا ماچێکە
تامێکی نەختێ سوور و
تامێکی تەواو رەش...
یان نا درۆ دەکەم
چوزانم چ رەنگێکی هەیە!

دە هەستە دەڵێی هێشتا نازانی
ژیان بە تەنیا تامی ژیانی هەیە
دەڵێی هەتا دەشمری ناتوانی بزانی
کە ژیان بە تەنیا تامی مەرگی هەیە.

## زەمەن

لالێك قسەی زۆری پێیە بۆ خواو زەمین

لالێك بێئەوەی بدوێ

وەلامی هەموو شتێك دەداتەوە

لالێك تابووتێكی بەسەر شانیەوەیەوە

بانگمان دەكا...

لالێك – زەمەن.

# ڕەنگی عیشق

چوونە ژوورەوەش ڕەنگی هەیە، ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی.
دەمانچە سپییەکەت لای ئەو پۆلیسە زۆرخۆرە بەجێبێڵە
بە هێوریش لەو برادەرە زەردانە بڕوانە
کە لەسەر گیا سوورەکە دانیشتوون..
- ئەرێ بەڕاست
بۆچی ئەو گیایە هێندە سوورە؟

برادەرێکم دەیگوت:
ئەوە ڕەنگی عیشقە
لە تەماشای تۆوە ڕژاوەتە سەرزەمین.

## چۆن رۆژ بکەین بە شەو؟

ئاساییە لای شاعیران و فەیلەسوفان
رۆژ شەو بێ؟
باوەڕ ناکەم.

دیارە هێشتا هێندەی
سۆزانییەکانیشیان تیا نابێ
کە لە هەموو ژیانیان
رۆژەکانیان شەوەو شەوەکانیشیان رۆژ.

# دیوار

دیوارێکی بەرز دەڕوخێنم
سەرلە نوێ درووستی دەکەمەوە
تا ژنێکی تیا بئاخنم..

تێناگەم بۆچی ژنەکانی دنیا
هێندەیان حەز
لە رووخان و سەر لە نوێ
درووستکردنەوەی دیوارە؟

دیوار.

# ئاگرێك دەسووتێ

لەنێو ئاوابووندا ئاگرێك دەسووتێ
من دوو ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەرەوە
لەگەڵ خۆم دەبەم
ژنێکی راکردوو دەبینم
بەدیار دڵی من خۆی گەرم دەکاتەوە.

# توڕەبوون لە خۆر

ئەوەندە بیر لە مەرگ ناکەمەوە
بە قەد ئەوەی بیر لە چۆنییەتی مردن دەکەمەوە.
زۆر دەترسم کەسێك
لە تیشکە تۆخەکانی خۆر توڕەبێ و
بیر لە کووشتنی من بکاتەوە.

# بەرەو ئۆقیانۆس

شەمەندەفەرێك بە حەماسەتەوە چاوەڕوانە.
شوفێرەکە هاواردەکا:
کێ دەیەوێ بەرەو ئۆقیانۆس بیگوازینەوە؟

- خۆ کەسێك نییە بیەوێ
بەشێکی لە مەرگدا بەرکەوێ.
ئەوە وەڵامی بۆقەکان بوو.

شەمەندەفەرێك خەوی لێکەوتووە
شوفێرەکە بە گریانەوە وڕێنە دەکا:
کێ دەیەوێ بەرەو ئۆقیانۆس بیگوازینەوە؟

## عاشقمی یا دەتەوێ بمکوژی

ئەو مەیمونە کێیە بۆتە سێبەر؟
ئەی ئەو سێبەرە کێیە
کە دەیەوێ بێتە ناو رۆحم؟

- هێی تۆ، عاشقمی یا دەتەوێ بمکوژی؟

دوای کەمێ بیرم کردەوە
جا کوانێ کێشە،
عاشقم بێ یا بیەوێ بمکوژێ؟

# جیاوازیی نابیم

مەگەر یەکێکمان تا هەتایی دەژین و
ئەویتریش دەمرێ
یان یەکێکمان دەمرێ و
ئەویتریش نازانێ مردن چییە..

(کل نفس دائقه الموت)

کەوابێ چ جیاوازییێك هەیە
لە نێوانی سەرۆکی چین و مێروولەیەك؟

# دوورگەی حەرف

شەپۆل مرۆڤەکان لە باوەش ناگریٚ

ئێمە بە زۆر خۆمان دەخەینە باوەشی شەپۆل

تا چی زووترە فڕێمانداتە ئەو کەنارە.

کەناری دوورگە.

دوورگەی حەرف.

# چاوەڕوانیی

مردوویێك فرمێسك هەڵدەوەرێنێ
مردوویێك وەكو هەڵلەرزین هەڵدەلەرزێ
- ئەو مردووە چاوەڕوانیی چی دەكا؟
ترامەكە بێت و
خۆشەویستەكەی بگا؟

دیارە هێشتا نازنێ كە
چاوەڕانیی زۆر زۆر لە مردن ساردترە.

# رابردوو

هەموو رۆژێکی نویَ،
ژیانێکی نویَ لە دایکدەبیَ.
لەبەر دەرگا لە خۆر بڕوانە
دەستەکانت پڕ دەبن لە گەڵاَی زەرد
ئەوانە هەمووی رابردوون
گۆرانی شین بۆ رابردوو دەڵێن.

# کیمیای عیشق

هەندێ حەرفی شینم لە هاوین وەرگرت
هەندێ حەرفی سەرەڕۆم لە ئاگرەوە بۆ هات
هەندێ حەرفی فراوانم لە دارستان و ئۆقیانۆسەوە پێگەیشت
هەندێ حەرفی بە ئەزموونم لە بیابان کڕی
هەندێ حەرفی باسك کوترام لە شەقامەکانی ئەوروپا دۆزیەوە
هەندێ حەرفی پیر و بەڕەڵلاّم لە پارکەکانی بیلەفێلد لەگەڵ
خاکدا جووتکرد
حەرفەکانم ئاوێتە کرد و کتێبێکم نووسی
کتێبی ژیان، بە قەڵەمی کیمیا.
کیمیای عیشق.

# کەس موڵکی کەس نییە

خۆشبوو
وەك چۆن عەرەق و شیعر و جگەرە
دەتوانن پیاوێ بەختەوەر بکەن
هەر ئاوا ژنێکیش بیتوانیایە.

خۆشبوو
وەك چۆن تەرككردنی
عەرەق و شیعر و جگەرە
دەتوانن ژنێك بەختەوەر بکەن
هەر ئاواش پیاوێ بیتوانیایە.

نە ژن دەتوانێ هی مێرد بێ و
نە مێردیش هی ژن
بە سانایی
کەس موڵکی کەس نییە.

# ڕەنگی با

دنیا هیچ ڕەنگێکیتری هەیە؟

ڕەنگی گوڵ؟

ڕەنگی ئاسۆ؟

ڕەنگی باران؟

نا نا

دنیا تەنیا یەك ڕەنگی هەیە

ڕەنگی با.

# نهێنییێکم هەیە

نهێنییێکم هەیە
رەنگە رۆژێ لە رۆژان بیدرکێنم..
بێگومان رۆژێ لە رۆژان دەیدرکێنم.
رەنگە لای _ با _ ییێك بیدرکێنم
کە لەژێر پردی بانهۆفی پایزێك خەوی لێکەوتووە.
رەنگە لای سوور بیدرکێنم
کە من بڕوام وایە ئەوە سوور نییە و شینە.
رەنگە لای (بەلەمێکی مەست)..
لای ژنێکی لەنجەبازی حەشیشەکێش
لای دینپەرستێکی مێباز لە قارس
لای پیاوێك لە بیابان کە کتێبەکەی تووڕ هەڵدەدا
لای عاشقێك کە بە ناخۆشحاڵییەوە
مەجدەلییە و خاچ جێدەهێڵێ
رەنگە لای .. من چوزانم..
نهێنیەکم هەیە
رەنگە رۆژێ لە رۆژان بیدرکێنم..
بێگومان زۆریش ئاساییە
کە هەرگیزاو هەرگیز نەیدرکێنم.

## ئاگری عیشق

پیاوێك چەرخەكەی دادەگیرسێنێ
هەوڵدەدا ئاگر لە ئاسمان و زەمین بەردا
ئاگرێكی هەمیشە داگیرساو
ئاگرێك كە كوژانەوەی بۆ نەبێ
ئاگرێكی سووتاو..
ئاگری عیشق..

پیاوێك چەرخەكەی دادەگیرسێنێ
دەیەوێ ئاگرلە ئاسمان و زەمین بەردا
بە داخەوە هەر بە تەنیا خۆی دەسووتێنێ..

ئادەم لەولاوە وەستاوەو پێدەكەنێ.

# ترس

بۆ: حسێن شەریفی

ئەگەر ئازاییێك بیەوێ هەر ئازا بێ و
لە ئازاییش ئازاتر بێ
دەبێ هەندێ جار لە ترسنۆكێكیش بترسێ.

ئەو بەیانییە من لە قەحپەیەك ترساوم..
رەنگە حەقم بێ و حەقیشم نەبێ
من چوزانم!

# سەرووی عاشقبوون

ئەنجامی خۆشەویستیش
ترازان و تۆران و هەندێجاریش رقە
کە وایە دەبێ مرۆڤ چ ئومێدێکی بمێنێ؟

سەرووی عاشقبوون.

## له ژیانمدا
## پەڕەی گوڵێکیشم ئاو نەداوە

له ژیانمدا نەك باخچەكان و
باخچەیەك و چەپكە گوڵێك
بەڵكو پەڕەی گوڵێكیشم ئاو نەداوە.

مرۆڤ دەتوانێ لە بیابانیش بەختەوەربێ
بە مەرجێ، حوشتر و دارخورما و بیر و.... نا نا
بەڵكو تەنیا و تەنیا ژنێكی لەگەڵ دابێ..
مرۆڤ بێ گوڵ و باخچەش دەتوانێ بەختەوەربێ
بە مەرجێ ژنێكی خۆشی لەگەڵ دابێ.

له ژیانمدا نەك چەپكە گوڵێك و
باخچەیەك و باخچەكان
بەڵكو پەڕەی گوڵێكیشم ئاو نەداوە.

## (مرۆڤ لەسەر شێوەی خوا خوڵقاوە)

مرۆڤ نوێنەری رۆحی گەردوونە لەسەرزەمین.

پیاوێکی رووسم دیت دەیگوت:
دەتوانم بە خۆشەویستیی
بەهەشت لە شوێنی دۆزەخ دانێم
بەڵێ.. ئەوە لە توانای من دایە.

چونکە دۆزەخ و بەهەشت نەك لە دەرەوەی من
بەڵکو هەردووکیان لەنێو رۆحی من دایە.

# چیم بە رەقیب گوت؟

وابزانم لە کلاسیکدا
بەو جۆرە پیاوانە دەڵێن: رەقیب.
لەنێوان من و ئەودا ماسیێکی سوور، نا
بەڵکو دڵێکی شین هەبوو.

لە دوا وێستگەی شەڕ بە رەقیبم گوت:
ئەو هەرگیز تۆی خۆشناوێ،
رەنگە بیستساڵیتر ئەوە بزانێ.
ئەو تەنیا و تەنیا منی خۆشدەوێ،
بێگومان تا دەشمرێ ناتوانێ ئەوە بزانێ.

# دوو مانگ و دوو رۆژ
# دوای دۆزینەوەی بەرازێك

تۆ گوتت: هەندێ پیاو
بە تونێلی ئاگراویی رۆحیان تێپەڕین و
بوون بە شاعیر.
هەندێ شاعیر شیعریان جێهێشت و
چوونە بیابان و
ئۆقیانۆس و دارستانە دوورەکان.
هەندێکیان بە دەم فڕکردنی ڤۆدکای بەیانیان
خەونەکانی منیان دەنووسییەوە.
هەندێکیتریان لەسەر باسکەکانیان
وێنەی من و مردنیان کووتابوو.
لەناو زاکیرەیان بە پووش و پەڵاشی خەون
ئاگری تەمەننایان داگیرساندبوو.
تۆ گوتت: ئەوانە پیاو نەبوون،
بەرازیش نەبوون، ئەوانە تەنیا، نەبوون.

تۆ گوتت: من تەنیا و تەنیا
ساحیری عیشق و ئومێدی خەونەکانی تۆم.
تۆ گوتت: تادەمرم خۆشم ناوێی بەڵکو عاشقتم..
من پێکەنیم.
زۆر زۆریش پێکەنیم.

دوو رۆژ دوای دۆزینەوەی بەرازێك تۆ گوتت:
کە لە باوەشی ئەو دەخەوم
وا بزانە لە باوەشی ـ با ـ م..
وا بزانە لەباوەشی تۆم.
دوو هەفتە دوای دۆزینەوەی بەرازێك تۆ گوتت:
رۆحی ئێمە لە ئاسمانەکان هەڵفڕ هەڵفڕیانە،
ئێمە دوو رۆحی ناو رۆحی گەردوونین.

دوو مانگ دوای دۆزینەوەی بەرازێك تۆ گوتت:
قوربانت بم خۆشمدەوێی، بەڵام ژیانم تێکدەچێ.
دوو مانگ و دوو رۆژ دوای دۆزینەوەی بەرازێك تۆ گوتت:
جارێکیدی تەلەفۆن بکەیەوە بە مێردەکەم دەڵێم.
من هیچم نەگوت
تەنیا و تەنیا پێکەنیم.
زۆر زۆریش پێکەنیم.

## پیاوی سێرك

هاتبووم بۆ ئەوەی لەسەر
حەبلێکی باریکی بێبن سەما بکەین
لەسەر تەڵێکی باریکی بێبن
ئاو بکەین بە شەراب و
بەدەم فڕکردنی شەرابی سوور
دیوانێ بنووسین.
لەسەر ـ با ـ راکشێین و
خۆمان فێری زمانی ئۆقیانۆس بکەین.

تۆ زوو لە مەرامە پڕ
لە مەرامەکانی من تێگەیشتی
تۆ زوو لە مەرامی بێمەرامی من تێگەیشتی
هاوارێکی لاڵت کرد:
ئەی پیاوی سێرك لەگەڵت نایەم.
گوتم: مێ، گرنگ ئەوەیە، من لەسەر ئاو
ئەو شیعرەم نووسی.

## ئۆقیانۆسی پێکەنین

پێکەنینەکانت لەنێو جانتاکەت بپێچەوە
بەو ڕێگایەش بڵێ دەرگاکەت نیشانبدا
دەرگای ئۆقیانۆس.
ئۆقیانۆسێکی وشک.

لە ناوەڕاستی ئەو وشکاییە جانتاکەت هەڵدە
دەستەکانیشتی بۆ بەجێبێڵە
با ئۆقیانۆسێکی نوێ بە پێکەنین بخولقێنن.
ئۆقیانۆسی پێکەنین.

## سەرزەمینی شیعر

شاعیرێکی سپی سەرزەمینی شیعری جێهێشت و
بە عەشقەوە بەرەو ئۆقیانۆس بە رێکەوت
ئۆقیانۆس زێدەڕۆیی کردبوو لە شینیدا.

شاعیرێکی رەش ئۆقیانۆسی شینی جێهێشت و
بە ئومێدەوە بەرەو بیابان کەوتەڕێ
بیابان زێدەڕۆیی کردبوو لە فراوانیدا.

شاعیرێکی فراوان بیابانی فراوانی جێهێشت و
بە خەونەوە بەرەو شار کەوتەڕێ
شار زێدەڕۆیی کردبوو لە تاریکییدا.

شاعیرێکی تاریك شاری تاریکیی جێهێشت و
نەیزانی روو لە کوێ بکا
جگە لە دووبارە گەڕانەوە بۆ سەرزەمینی شیعر.

ئاه شیعر، ئەی فەزای رووناکیی.

# لەنێو مندا لە دایکبووی

خەونم بە رووتیی دارستانەوە دیت
تۆ لە تەنیشت مندا
بە پەشۆکاویی لە خەو رابووی.

لە تەنیشت مندا دنیاییێك سووتا
تۆ لەنێو مندا لە دایکبووی.

ئێستا بۆ کوێ دەڕۆی بەو سەرمایە؟

# گەورەی من

کە تۆ هێشتا  هێشووی وشەی هەناسەدارم بۆ بنێری
کە تۆ هێشتا تامی خوێنی ترێم بۆ بنێری
کە تۆ هێشتا  خەون  و عیشق و خەیاڵم بۆ بنێری
کە تۆ هێشتا پلان و  پلیتی سەفەرم بۆ بنێری
کە تۆ هێشتا هەموو چرکەییَ  ژیانم بۆ بنێری
من چۆن دەتوانم بوێرم،  بەو دەستانەم بۆ گۆڕت بنێرم؟

دە پێم بڵێ گەورەکەی من.

## بۆچی خوا دڵی پێداوین؟

بۆچی خوا ئۆقیانۆس و دارستان و
ژن و دڵی پێداوین
ئەگەر عاشق نەبین؟
ئەی بۆچی منی داوە
ئەگەر لەگەڵ تۆ دا هی یەك نەبین؟

# شەیتانی مەست

بەرەو کوێ بەو درەنگە؟
لەوێ لە پشت دەریا، ژوانم لەگەڵ ژیان هەیە
بڕیاریدایە رۆحی مەرگم نیشانبدا.

بەرەو کوێ بەو درەنگە؟
لەوێ لە پشت بیابان،
ژوانم لە گەڵ رۆحی مەرگ هەیە
بڕیاریدایە رووخساری ژیانم نیشانبدا.

بەرەو کوێ بەو درەنگە ئەی شەیتانی مەست؟
لەوێ لە پشت دەریا و بیابان
ژوانم هەیە لەگەڵ مەرگ و ژیان
ژیان دەیەوێ مەرگ و
مەرگیش دەیەوێ ژیانم نیشانبدا.

## شاعیر

دووکەڵ بەری خۆری گرتووە
ماسییێك لەنێو دووکەڵدا مەلە دەکا
لە خوارەوە شاعیرێك جگەرە دەکێشێ.

شاعیرێك بە هەنگاوی لار
بەرەو خنکان دەچێ
دەبێ بزانین کە عاشقبوونی شاعیران
تەنیا و تەنیا لە عاشقبوونی شاعیران دەچێ.

# بەرانبەر بڵند و
# بەرزەکانی شیعر

کاتێ لە شەودا بەرانبەر
بڵند و بەرزەکانی شیعر
ئەو تێکستانە دەخوێنمەوە
کە بۆ تۆم نووسیوون
لە بەرزەکان بەرزتر و
لە بڵندەکان زۆر بڵندتر خۆم دەبینم

تێناگەم من
ئەی بۆچی لە بەرانبەر تۆدا
هێندە نەوی و نزم و تێهەڵدراو خۆم دەبینم؟

# ماڵێك لە لم

ئێمە ماڵێكمان هەیە لە لم
لەو نزیكانەش گەردەلوولێك هەڵیكردوە
ئایا دەتوانین تا سەر
لە ژێر ئەو سەقفەدا، خەونەكانمان بخوێنینەوە؟

# بەخودبوون

**لە نێوانی نەبوون بە خۆت و بوون بە خۆت**
**چەند ملیۆن کیلۆمەتر ڕێگا هەیە؟**

**ئەو ڕێگایە دوورە، هەرگیز بە مەیمونەکان نابڕدرێ.**
**بەبەغایەکان هەرگیز ناتوانن ئەو ڕێگایە دوورە ببڕن.**
**ئەو ڕێگایە دوور دووووور دووورە،**
**هەرگیز بە ڕۆبۆتەکان نابڕدرێ.**

**بە ملیۆنان میل مەودا هەیە**
**لە نێوانی نەبوون بە خۆت و بوون بە خۆت.**

## دڵۆپی باران

تەماشای بارانم کرد

لە جیابوونەوەی دڵۆپەکانیدا

پەرتبوونی عاشقەکانم کەوتەوە یاد..

عاشقەکان هەمیشە

پەرتەوازە دەبن

وەکو دڵۆپەکانی باران.

من تێناگەم ئەی بۆچی عاشقەکان هێندە

نەك لە دڵۆپەکانی باران

بەڵکو لە ترازان و

پەرتبوون و پەرتەوازەبوون دەچن؟

## تیشکێك دەدرەوشێتەوە

لە نێو تاریکییدا، تیشکێك دەدرەوشێتەوە.
دڵۆپەکانی باران لە نێو درەوشانەوەی تیشکێکدا
لە یەکتری جیا دەبنەوە.
لە نزیك مندا
ژنێکی بەرەڵڵا لە سەیارەکە دادەبەزێ
- ئۆۆه .. ئەوە تۆی؟
- بەڵێ بە دوای رووناکییدا هاتووم.

ئیدی لەو رۆژەوە
کاتێ درەوشانەوەی تیشك و ئاو دەبینم
بەرەڵڵاییێکی رووناکم بیر دێتەوە.

## ئاسمانم ون کردووه

لە کوێی؟

لە نێو ڕەنگ و دەنگ و با و

لەنێو سەمای دڵۆپەکانی ئاودا

بەدواتدا گەڕاین.

زۆر سەیرە کە ئێمە نازانین

تۆ لە کوێی؟

برادەران لێم گەڕێن ئاسمانم ونکردووە.

ئەی ئاسمانی فراوانی نێو ئەو دڵە تەنگەم

بۆ پێمنالێی:

تۆ لە کوێی؟

# سێبەری سپی

چوومە نێو هەنگاوەکانی لە یادچوونەوە.
لەنێو لە یادچوونەوەدا، دانیشتم و بیرمکردەوە
یادکردنەوەم هاتەوە یاد.
لەنێو هاتنەوە یادیشدا
تابلۆییێکی خۆم و تۆم دیت
لەسەر ـ با ـ دا، دەشنایەوە.

لەو تابلۆیەدا من سێبەرم.
لەناو هەنگاوەکانی تۆدا هەنگاو دەنێم..

تۆ...
بۆچی نەختێ بە بێدەنگیی
ئاورێك لە سێبەری سپی
پڕ لە هات و هاواری خۆت نادەیتەوە؟

## گۆڕێك لە ئاسمان

لە کونی دەرگاوە لە ئاسمان دەڕوانیت
ئاسمان پارچەیەکە لە ئاگر
ماڵی پیاوێك لە ئاسمانە
لە تەنیشت ماڵەکەیدا گۆڕێکی هەڵکەنیوە.
گۆڕێك لە ئاسمان
گۆڕێکی سپی کە تەنگ نییە ڕاکشان تێیدا.
گۆڕێکی سپی سپی
کە هەرگیز تەنگ نییە ڕاکشان تێیدا.
گۆڕێکی سپی سپی سپی لەئاسمان
کە لە مێژە خوا تێیدا ڕاکشاوە.

# بەردەکان

ئەو مانگانە لە ئەسڵدا مانگ نین.. بەردن
بەردن وماڵیان لەناو ماڵی گوناحدایە.
بەردن و ماڵیان لەناو ماڵی بەرد دایە.
بەردەکان گوناح دەکەن و گوناح تاوانبار دەکەن.
بەردەکان خەتا دەکەن و خەتا تاوانبار دەکەن.
بەردەکان دەپاڕێنەوە
کڕنۆش دەبەن
بۆ ئەوەی بچنە فۆرمی مانگەوە.
فێڵ لە مانگ و گوناح و خەتا دەکەن
تا بە چاوی مانگ لێیان بڕوانن.

بەردەکان بە تەنیا بەردن.. بە تەنیا بەرد
لەناو ماڵی گوناحدا چاوەڕوانی چاوەڕوانین.
لەناو ماڵی پاڕانەوە
چاوەڕوانی دوو دەستن باڵیان پێبدەن.
کەچی بەردەکان بەتەنیا بەردن
بەردن و ناتوانن هەڵفڕن.
بەردن و هەرگیز ناتوانن هەڵفڕن.

# ئەوە خۆشەویستییە

له دڵی ئۆقیانۆسەوە
به رووتیی بەرەو دارستان  رادەکا.
له دڵی دارستاندا به مەستیی،
بەرەو ئاسمان سەفەر دەکا.
لەنێو دڵی بیاباندا داوای بارینی بەفر دەکا.
کەی بووە بەفر لەو بیابانەدا وا به سانایی دابکا؟

ئەوە خۆشەویستییە
ئۆقیانۆسە.. ئاسمان و دارستان و بیابانە
بۆ هەمیشەیی شەڕ لەگەڵ شەڕدا دەکا.
گەر له دڵدا هەبێ..
رۆحی گەردوون سەرخۆش دەکا.

# له كۆلاَنەكەی (أبو فراس الحمدانی)دا

أيا جارتا، ما أنصف الدهر بيننا     تعالى أقاسمك الهموم تعالى

له كۆلاَنەكەی ـ ئەبو فیراس ـ دا
- با- یێكی لالْ دێ..
- با- یێكی لالْ دێ، درەخت و ئاسن و ئاسمان دەبڕێ.
- با- یێك دێ و مەستانە
ئێوارە و ئیرۆس و زەمین دەبڕێ.

له كۆلاَنەكەی ـ ئەبو فیراس ـ دا
- با- نا، گەردەلوولێك دێ..
من تێناگەم بۆچی هێندە بە بێدەنگی
رۆحی بێزمانی پڕ لە هات و هاواری درەختێك دەبڕێ؟

- با- یێك.. - با- نا، تۆفانێكی نەرم دێ..
من هەرگیز تێناگەم
بۆچی لە كۆلاَنەكەی ـ ئەبو فیراس ـ وە
هێندە بە بێدەنگی هەڵدەكا و
رۆحی لاڵی پڕ لە هات و هاواری  من دەبڕێ؟

# ماڵی تاهەتایی مرۆڤەکان

مەیمونەکان وادادەنێن
خەریکی تۆوکردنی حەقلەکانی مۆزن..
بەلاّم لەو سەرزەمینەدا،
مۆز نا، بەڵکو جۆ بالاّی گرتووە.
خۆ کێشەیەك نییە،
مەیمونەکان بە جۆش دەتوانن قەڵەو ببن.

مرۆڤەکان خەریکی تۆوکردنی کایەکانی عەشقن
لەو حەقلەدا ئێستەتیك بالاّ دەگرێ.
خۆ کێشەیەك نییە،
مرۆڤەکان بە عیشق و ئێستەتیك
وا تازە سەرەتاییێکی تازە دەست پێدەکەن..

## تێکست

هەندێ لە تێکستەکان ناکرێنەوە..
هەندێ لە تێکستەکان خوێندەوارییان نییە و
ناتوانن بکرێنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان بە زۆر خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان بە مردوویی خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان نەکرێنەوە باشترە.
هەندێ لە تێکستەکان لە پێناوی خیانەت خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان شوفێرن،
هەندێ راوچی، هەندێ هونەرمەند...
تۆیش وەك هەموو ئەوانە تەنیا تێکستێکی
بەڵام تێکستێك لە مەجاز، پڕی لە رەوانبێژی
بکرێیتەوە یا نەکرێیتەوە تۆ هەر بە کراوەیی دەمێنێیتەوە.
تۆیش وەك هەموو ئەوانە تەنیا تێکستێکی
بەڵام تێکستێکی مێینەی بێدەنگ.
بەڵام تێکستێکی تورکمانزمانی لاڵ.
بەڵام تێکستێك لە مەجاز، پڕی لە رەوانبێژی
بکرێیتەوە یا نەکرێیتەوە تۆ هەر بە کراوەیی دەمێنێیتەوە.

# من هەمیشە عاشق بووم

کە (دیلان)م خۆشدەویست
بڕیارمدا لە بیلەفێلدەوە
بە قاچاغچییەك هەندێ پارە بنێرم
تا لە (لالش) باخچەیەکی پڕ لە تاووسم بۆ بکڕێ.

کە (ئۆلگا)م خۆشدەویست
ناردمان شوققەیەکی بچووکی پڕ لە کتێبمان
لە (یەرەسلاڤل) بۆ بکڕن.

کە (سڤێتلانە)م خۆشدەویست
ئینجیلێکم لە ژێر سەرینەکەم دانابوو
لەگەڵ لە خاچداندا، خۆم لە خاچدەدا و
لەگەڵ  زیندووبوونەوەشدا زیندوو دەبوومەوە.

**كە کچێکی ئەسفەهانیم خۆشدەویست**

**لە ئێوارەیەکی سۆرتاریکدا پێم گوت:**

**لەمەودوا واز لە زمانی کوردی دێنم،**

**ئیدی فارسی زمانی دایکمە.**

**کە ئێستایش تۆم خۆشدەوێ**

**با هەولێر هی تورکمانەکان بێ.**

**من هەمیشە عاشق بووم**

**عاشیقیش بۆ هەمیشەیی**

**نە نیشتیمان و  نە نەتەوە و**

**نە زمان و نە دینی هەیە.**

## گەنجێك
## لەگەڵ دووپشکێك قومار دەکا

لەسەر مێزێکی شووشەیی تەماویدا
گەنجێك لەگەڵ دووپشکێك قومار دەکا.

گەنجێك لە بەرانبەر دووپشکێکدا
بێباکە و دەنووسێ:
لەو کاتەی کە شالاَوی
پرچی مامزێکی رەش برووسکە دەکا.
گەنجێك دەترسێ کە لافاو دەیەوێ سەما راپێچ بکا.
گەنجێك دەگریێ
کاتێ وشە ناتوانێ لەنێو رەحمی خاکدا سەردەربکا.

لەسەر مێزێکی شووشەیی تەماویدا
گەنجێك لەگەڵ دووپشکێك قومار دەکا.

گەنجێك بێباکە
لەسەر مێزێکی شووشەیی شەفافدا
بە ئەتاکێکت دووپشکێك لەت لەت دەکا.

## لەنێو دەنگی رەنگ

## بە دواتدا گەڕام

لە هەموو شوێنێك بە دواتدا  گەڕام
یەکەمینجار: لەنێو دەنگی کەوتنە خوارەوەی
دلۆپەکانی فرمێسك.
دووەمینجار: لەنێو رەنگی شکانی ئاو.
سێیەمینجار: لەنێو دەنگی رەنگ.
چوارەمینجار:  لەنێو دەنگی رەنگ نا.
بەڵکو لەنێو رەنگی ـ با ..
پێنجەمینجار: لەنێو گەڕان و لەنێو ونبوون.
شەشەمینجار: لەنێو درەوشانەوەی گەشانەوە و
لەنێو گەشانەوەی گەشانەوە.

له هەموو شوێنێك به دواتدا گەڕام
نەمدیتیەوە..
زۆر هیلاکبووم کەچی
هێشتایش هەر نەمدیتیەوە..
له ناکاو گوێم له دەنگی درەوشانەوە و
گەشانەوەی لێوەکانت بوو
ئینجا تێگەیشتم که تۆ لەنێو مندا
خۆت حەشاردابوو.

ئاه .. بەختەوەریی من.

# لەو کیشوەر بۆ ئەویدی

لەو گۆشە سپیەوە بۆ ئەویدی
لەویدیش بۆ گۆشەیەکی سپیتر
لە هەموو گۆشە سپییەکان
بە دوای دیمەنێ گەڕام
تا تابلۆیەکی لێدرووستکەم وەك تۆ بێ.

لەو کیشوەرە سەوزەوە بۆ کیشوەرێکی زەرد
لە کیشوەرێکی رەش بەرەو کیشوەرێکی مۆر
لەو کیشوەر بۆ ئەم کیشوەر
لە سیمای هەموو ژنەکانی دنیادا وردبوومەوە
تا لە هەموویان یەکێ درووستکەم وەك تۆبێ.

نەمتوانی..
من هەرگیز نەمتوانی..
چونکە کەس ناتوانێ وەکو تۆبێ.
چونکە جگە لە خۆت
هیچ کەسێك ناتوانێ وەك تۆ بێ.

# درۆیەکی دیکەی شاعیر

کە نێوانمان تەنیا تاکە مەترێکە

هەست دەکەم بە قەد نێوانی تۆفان و سامالّ

لە یەکتری دوورین.

من نازانم

ئەی بۆچی کاتێ نێوانمان

بە قەد سامالّ و تۆفان لە یەکتری دوورە

وا هەست دەکەم

نێوانمان تەنیا تاکە مەترێکە؟

# کوێرێك سەیارە لێدەخوڕێ

کوێرێك سەیارە لێدەخوڕێ و خەون دەبینێ.
گوێ لە گۆرانی دەگرێ و
وڕێنە دەکا:
هەموومان جوانین و ناشرینیش.

کەنناسێك بە حەماسەتەوە
ناوەڕاستی شەقامەکە پاك دەکاتەوە
کوێرێك سەیارە لێدەخوڕێ و خەون دەبینێ
گوێ لە گۆرانی دەگرێ و
بە تووڕەییێکەوە هاوار دەکا:
هەموومان نە جوانین، نە ناشرینیش.

## ناتوانم بمرم

هێزی مردنم نییە،
فەزای مردنم نییە.. ناتوانم بمرم

زەمەن دەیرفێنێ
لە شوێنێکیدی زیندوو دەبێتەوە
زەمەن دەیبا
لە کۆڵانێکیدی دێتەوە

عەشق، ئەی سەرەتانی سپی.

# کەوتنەخوار

لە چاوترووکانێکدا سەدان کیلۆمەتر ڕێگام بڕی
کە هاتم لەنێو تاریکیی دانیشتبووی
سەدان ئەستێرەم لە چواردەورت داگیرساند
تەماشای منت دەکرد و گوێت بۆ مەیمونێك ڕادێرابوو
تەماشای منت دەکرد و بە فڕینی مەیمونێك پێدەکەنیی
ئێستا زانیت
بۆچی لەنێو هەوردا کەوتیتە خوار؟
بۆچی ئاسمان لەنێو ڕووناکییدا فڕێیدایتە خوار؟

# ئاوێتەبوون

لە دەستپێکدا تەنیا ئاوێتەبوون هەبوو.
دواتر لیکجیابوونەوە و پەرتبوون و عەشق و
گەڕانەوە بەرەو هەوڵدان لە پێناو ئاوێتەبوون.

لە دەستپێکدا پەرتەوازەیی هەیە
دواتر عەشق و هەوڵدان لە پێناو ئاوێتەبوون.

ئاوێتەبوون.. ئەی هونەری خوا.

## که لێت نزیك دەکەومەوە

که دەتبینم

دڵی شەقار شەقاربووی خۆم

لەنێو لەپەکانم دەبینم

که دەگەمە کەنارت

دڵەڕاوکێ و ترس و مەرگ دەبینم

تێناگەم!

من مرۆڤم خۆشدەوێ یا حەقلی ئەلغام؟

# کارەسات

کارەساتی گەورە ئەوەیە
هەموو کەسێك بە تۆ تێدەگەم
لەوەش کارەساتتر
بڕیارمدایە جگە لە تۆ
لە هیچ کەسێکیتر تێنەگەم.

# بزەیەك.. زیاتر نا

مەدوێ..

مۆرفیم و وشەی سیحراوی لێوە پڕەکانتم ناوێ

هەرگیز مەدوێ..

تەنیا بزەیەکی سووری لێوە پڕەکانتم بدێ

چونکە بزەیەك بە قەد هەزاران وشە مەعنای هەیە

ئاخر تەنیا تاکە بزەیەکی تۆ

بەقەد هەموو زمانی تورکمانی مەعنای هەیە.

# پەیمان

پەیمان..
ئیدی هەرگیز بە کەناری ئەو بەڵێنەدا رانەبوورم
کە پەیمانم پێیدابوو.

بەڵێن..
ئیدی هەرگیز لە لێواری ئەو پەیمانەدا رانەکشێم
کە بەڵێنم پێیدابوو.

## وەرە با بنووین

هەموو شەقام و گەڕەك و ماركێت و
سەنتەرەكانیش، با شاهێدی بدەن
ئەگەر حەز دەكەی؟

با سەر پەیژە و ژێر پەیژەكان و
ماسی سپی نێو ژوورە سۆرتاریكەكە و
با حەمامە موحەجەبەكە و
با پێكە سۆرتاریكەكانیش شاهێدی بدەن
ئەگەر حەز دەكەی؟

وەرە با جارێكیدی پێكەوە بنووین و
واز لە دادگا بێنین
دادگایەك كە شەقام و گەڕەك و ماركێت و
سەنتەر و ماسی و ژوور و حەمامی موحەجەبە و
پێكی سۆرتاریك تێیدا شاهێدی دەدەن..
وەرە با جارێكیدی پێكەوە بنووین
وەرە با جارێكیدی پێكەوە بنووین بۆ تا هەتایی.

## من نەبێ

سەردەمێ مۆبایلێکی بە دەستەوەبوو
دەهات و نەدەچوو
دواجار دەچوو بەڵام نەدەهات
ئەو ڕۆیشت، ئێستا کەس نازانێ لە کوێیە.

سەردەمێ شیعرەکانی موتەنەبیی بەدەستەوەبوو
بە تورکمانیی دەدوا و
بە کوردی خۆشەویستیی دەکرد
بە شێوازی پاریسییە کۆنەکانیش پیاسەی دەکرد
دەچوو بەڵام نەدەهات
ئەو ڕۆیشت، ئێستا کەس نازانێ لە کوێیە.

هەموومان عاشقی بووین
ئێستا هەموویان دەزانن بۆ کوێ ڕۆیشت
تەنیا من نەبێ.. تەنیا من
چونکە من بەتەنیا عاشقی ئەو بووم
ئەو ڕۆیشت، ئێستا هەموویان دەزانن
بۆ کوێ ڕۆیشت تەنیا من نەبێ.

# ڕەنگە من ڕاستیی بم

ڕەنگە من ڕاستیی نەبم
کاتێ بەرانبەرەکەم بە ڕاستییەکان تووڕە دەکەم.

مەرج نییە منیش ڕاستیی نەبم
کە بەرانبەرەکەم ڕاستییەکان بە درۆ تێدەگا.

گەر من ڕاستیی نەبم
تۆ بۆچی هێندە توند
وەك تۆفان
بە درۆ هەڵدەچی..

ئایا ڕاستیی درۆ
دەتوانێ جوانێکی وەك تۆ لە خشتە ببا؟

# سعات 19:00

**2010**

# بانهۆف

بۆ یەکەمجار
تۆم لەسەر رەسیفێکی ناو بانهۆف دیت
ترسام لەوەی یەکتر بناسین..
کە تۆم لە سێرڤسی بانهۆف ناسیی
ترسام لەوەی لە پارکێکدا ماچت بکەم
کە لە پارکدا ماچم کردی
ترسام لەوەی لەسەر قەروێڵەیەکدا
بۆ هەمیشەیی خۆشمبوێی..
کە بۆ هەمیشەیی لەسەر قەروێڵەیەکدا خۆشمویستی
ترسام لەوەی لە یەك دابڕێین
کە لە یەك دابڕاین
ئێستا دەترسم جارێکیدی
لەسەر رەسیفێکی ناو بانهۆف بتبینمەوە.

# کچەکان

ئەگەر بلێن: 33 ساڵ بگەڕێوە دواوە و
سەرلەنوێ دەستپێبکەوە؟
رێك هەمان ژین هەڵدەبژێرمەوە کە ژیاوم:

_لە شەش ساڵیدا لە تەیارەی ئێرانی دەترسێم.
_لەبەر تۆپانێ ناخوێنم، ناجیحیش دەبم.
_سەفەر دەکەم.
_شیعر دەنووسم.
_کە دەبمە ئەڵمان یەکسەر بە یەکجاری دەگەڕێمەوە.

رێك هەمان ژین هەڵدەبژێرمەوە کە ژیاوم
تەنیا تاکە کارێك ناکەمەوە
ئەوجارەیان رێنادەم
کچەکان هەر بە کچی بمێننەوە.

# له تۆدا خۆشەویستیم دۆزیەوە

وامدەزانی خۆشەویستیی تەنیا وەهمە
من لە تۆدا دۆزیمەوە
نازانم بەو سەرمایە
تۆ لە کێدا دەیدۆزییەوە؟

# گوێگرێکی تووڕە

خۆشەویستیی تێکستێکە
شێتییەتی میلۆدی بۆ داناوە و
کوێرییەتیش بۆ عاشقانی دەچڕێ.

لەو ناوەدا عەقڵ
تەنیا گوێگرێکی تووڕەیە.

# As you like

**ڕێگام پێدەدەی بمبەی؟**
**گوتت:** As you like

**- دەمبەیتە کوێ؟**
**بە زمانی لێو گوتت: نازانم**
**- جێیەك هەیە لە ناوەوەی خۆم چۆڵ و تەنهاتر؟**
**بە زمانی لێو گوتت: نازانم**

**دەستم بگرە و لەگەڵ خۆتدا بمبە ناوەوەی خۆم**
**نازانم نییە، دەی تووخوا بڵێ:**
As you like

## ئیسرا و میعراج

خەڵك هەیە لە شەوێکدا
حەفت تەبەقەی ئاسمان دەبڕێ و
دەشگەڕێتەوە.

ئێمەیش سەدان سعاتە خەریکین
ناتوانین تەنانەت
حەفت پایەی پەیژەیەکیش
بە جورئەتەوە ببڕین.

## ژیان ئاوایە

بۆ ئەوەی تۆیش من ئاوا نەبینی
نامەوێ ئاوا بتبینم.

سەرمابردوو لە تەمووزدا
بەدبەخت لەنێو بەختەوەرییدا

ژیان ئاوایە
بۆ ئەوەی یەکێ بگا بە لووتکە
دەبێ هەزاران دۆڵی بڕیبێ.

## ژنەکان بە وەفاترن؟

یەکێك دەناسم ناوی:
.ـە Remy de Gourmont, franz

ڕۆژێکیان گوتی:
ژنەکان هەمیشە یەکەمین ماچیان لە یادە
کەچی پیاوەکان دواین ماچیشیان لە یاد کردووە.

من مێژووی یەکە یەکەی ماچەکانم لەبەرە
کەچی ئەو دوایین ماچیشی لەبیرکردووە

هەندێجار خەڵکی بەناوبانگ
قسەی بێ کەلك دەکەن.

دیارە ئەو پیاوە و منیش ژنم؟

# سوور لەسەر سپی

نەخشکردن بە سوور لەسەر سپی
لەگەڵ بە سوور لەسەر رەش
زۆر جیاوازە.

تۆ بە سوور
بەصەماتی لێوەکانت
لەسەر کراسی سپی من نەخشاند.

دیارە شانسم لە سپییە
ئیدی واز لە قەمیسی رەش دێنم.

## Santiago de Chile

له 5.717.046 کەس لەو شارەدا،
تەنیا یەکێکیان دەناسم
jessica paulina

"سەرما لە سەرماندا هەڵدەلەرزێ"
ئەوە هەوای ژوورێکی یەك مەتر دووجایە
لە Santiago de Chile
ئەو ژوورەیش ژووری jessica paulina یە.

هەمیشە کە یەکێکم خۆش دەوێ، خۆشیدەوێم
گرنگ نییە نەوەیەکی چەنگیز بێت لە Ulaanbaatar
یا قەرەجێك لە بوخارست کە تازە لاپتۆپێکی کڕیوە
یا جەسیکا پاولینا لە سانتیاگۆ دی شیلی
کە شەش مانگە کرێی شوققەکەی نەداوە.

هەمیشە کە یەکێکم خۆش دەوێ
بە هەمان شێوازی کەسی پێشووتر
لێك جیادەبینەوە
و western union
داواکردنی 500$ بۆ کرێی شوققە
زۆر سەیرە،
دەڵێی ژنانی دنیا هەمووی کرێچین.

یا کێ ناڵێ
لە بری خۆ رووتکردنەوە
ئەو پارەیان دەوێ؟

## من بۆیە رادەکەم

هەمووومان بەدەم مەستییەوە
تەلەفۆنمان بۆ دێ
هەمووومان وەڵام دەدەینەوە
یەکێکمان نەبێ کە دەزانێ ئەوە ژنەکەیەتی.

هەموویان
لە شوێنی خۆیان وەڵام دەدەنەوە
من نەبم.

کە مێزەکە جێدێڵم هەر یەکە و قسەیەك دەکا:
- تێر قسە نابێ.
- دیسان مێزەکەی تێکدا.
- باشە بۆ وەك بەشەر لێرە نادوێ؟
- رەنگە نهێنییەکی هەبێ.
ئەوەی ئەخیری بەزەردەخەنەوە:
هەبێ نەبێ پیاوێکە.

**هەموو برادەرەکانم من دەناسن**

**هەموومان**

**هەموو شەو بەیەکەوە مەست دەبین**

**کە تەلەفۆنم بۆ دێ رادەکەم**

**ئەوەی ئەخیری بە توورەییەوە دەڵێ:**

**- بە قورئان پیاوی پیاوێك یان چەند پیاوێکە.**

**زۆر سەیرە کەسیان بیریان بۆ ئەوە نەچووە**

**کە من بۆیە رادەکەم**

**چونکە پیاوی ژنێکم.**

**تەنیا و تەنیا پیاوی ژنێك.**

**ژنێك،**

**ئەلێکساندەری گەورە  لە بەرانبەریدا**

**وەکو مێروولە وایە.**

# ئینجیل

فەرمانمدا: با ڕووناکیی لە دایك بێ.

ڕووناکیی لەنێو تاریکیی ئۆفیسێك لە دایك بوو.

ڕووناکییەکەم دیت زۆر جوان بوو

ئینجا بڕیارمدا

ڕووناکییەکە لە تاریکیی جیابکەمەوە.

تاریکیی و ڕووناکییەکەم لە یەکتر جیاکردەوە

دیتم ڕووناکییێکی ڕووناك

تەنیا بریتییە لە تاریکییێکی تاریك.

## با دوور برۆین

دوور برۆ لە مندا خۆت ونکە
بۆ ئەوەی لەناوە خۆتدا بمبینیەوە
دوور دەڕۆم لە تۆدا خۆم وندەکەم
بۆ ئەوەی لەناوە خۆمدا بتبینمەوە

پێویستە جاروبار لەبەر یەکتر رابکەین
بۆ ئەوەی لەناوە خۆماندا
یەکتر ببینیەوە.

یان نا.. با کۆرسێك بکەینەوە و
ئەیوب فێری سەبر بکەین.

## هەر کەسێ
## ئەو دیمەنەی دیتبووایە

هەر کەسێ ئەو دیمەنەی دیتبووایە، دەیگوت:
سپییەکە دوو کەسی تێدایە و
ڕەشەکەشیان یەك.

دوو سەیارەی تەریب ڕێگا دەبڕن
هەر کەسێ ئەو دیمەنەی دیتبووایە، دەیگوت:
ڕەشەکەیان، یەك کەسی تێدایە و
سپییەکەشیان دوو.
دوو عاشق وای دەبینن
ئەوەیان تەنیا خوێندنەوەی چاوی مرۆڤەکانە.

**چاوی فریشتەکان و خوا و دوو عاشق**

**بە جۆرێکیدی ئەو دیمەنە دەبینن**

**فریشتەکان و خوا و دوو عاشقەکە**

**هەموویان بە یەکەوە کۆکن**

**کە ڕەشەکە دوو کەسی تێدابوو**

**سپییەکەشیان یەك.**

**کەچی هەر کەسێ ئەو دیمەنەی دیتبووایە**

**دەیگوت: سپییەکە دوو کەسی تێدایە و**

**ڕەشەکەشیان یەك.**

## شێت بوون لەنێوانی عیشق و رقدا

پێرێ شێت ببووی لە عیشقی من
دوێنێ شێت ببووی لە رقی من

ئەمڕۆ
گومانم نییە
هەمدیس بە شێتی دەتبینمەوە

بەڵام نازانم
لە عیشقی من
یا لە رقی من؟

# دوێنێ

له ژیانمدا رقم لەوە بۆتەوە کە هەمیشە
سبەی وەکو ئەمڕۆ و
ئەوڕۆش وەکو دوێنێ بووە.

دوێنێ خۆشبوو،
بۆیە لە ژیانمدا یەکەمجارە حەز دەکەم
سبەی وەکو ئەمڕۆ و
ئەوڕۆش وەکو دوێنێ بێ.

## زمانی سەفەر

لە رقی لاڵیت خەریکە زمانێکی نوێ دەدۆزمەوە
خەریکە بە زمانی لافاو دەدوێم
بە زمانی بومەلەرزە
بە زمانی با
بە زمانی بێدەنگیی
لە رقی لاڵیت خەریکە زمانێکی نوێ دەدۆزمەوە
زمانی سەفەر
سەفەرێکی دوور
بۆ ئەوەی هەرگیز نەمبینیەوە.
لە رقی لاڵیت خەریکە زمانێکی نوێ دەدۆزمەوە.

# من بۆ عاشقان چ عەزابێکم!

ئەگەر چاوەڕوانیی لالْ نەبووایە

تەنیا فێری یەك رستە دەبوو

من بۆ عاشقان چ عەزابێکم!

من بۆ عاشقان چ عەزابێکم!

من بۆ عاشقان چ عەزابێکم!

من بۆ عاشقان چ عەزابێکم!......تاد

# خەمی مەززەی شەوم نییە

کە بە رۆژ دێیتە باوەشم
ئیدی خەمی مەززەم نامێنێ لە شەودا
چونکە لەگەڵ بۆنی تۆدا عەرەق دەخۆمەوە.

کە بە رۆژیش نێیتە باوەشم
هەر خەمی مەززەم نییە لە شەودا
چونکە ئەو جارەیان
لەگەڵ بۆنی بێ تۆیی عەرەق دەخۆمەوە.

## ئیقاعی پێڵاوەکانت

وەك ئەوەی زەمین خۆر بێ و
منیش لەناویدا بتوێمەوە، ئاوام بەسەرهات.

+ چی وای بەسەرهێنابووم؟
- بە سانایی، پارچەیەکی تەشنۆ موزیك.

لەنێو توانەوە لەناو خۆمدا
دەنگی ئیقاعێکیدی لە ئیتاژی سەرەوە رایگرتم
ئەو چی بوو؟
- تەقە تەقی پێڵاوەکانت.

سوێند دەخۆم تا ئێستا
هیچ مەشروب و ئیقاعێکی ئەو دنیایە
نەیتوانیوە هێندەی
تەقە تەقی قۆندەرەکانت مەستم بکا.

## سعات 19:00

که سعات دەگاتە 19:00
وا هەست دەکەم سعات گەیشتۆتە 1900:00

بە تایبەتیش لەو ڕۆژانەی
کە دەزانم تاڵە موویێك نێوانمانە و
بەقەد هەزارانساڵیش لە یەکتر دوورین.

## ناوی خۆم ناوە تۆ..

دەنگت بەرزترکە.

بە خەتی هەڕەشەکردن

لەسەر زمانم بنووسە: بێدەنگیی.

کە دەڕۆم لە پەنجەرەکەی سەرەوە تەماشام مەکە..

هەڵچوو.

ببە لافاو،

ببە مەلائیکەتی رەش،

ناوی خۆت بنێ شەڕ

هەرچی دەکەی بیکە

حەز دەکەی بڕۆ، هەزاران ساڵ لێم دوورکەوە

تازە من لە چی بترسم

کە ناوی خۆم نابێ تۆ؟

## تەنیا لەبەر لێوەکان

خووم بە جگەرە و کحولەوە گرتووە
دووەمیان تەرك ناکەم
چونکە هەرگیز بە سەرخۆشی نامبینی
هەزارانجاریش هەوڵمداوە
یەکەمیان تەرك بکەم، نەمتوانیوە.

ئەورۆ ئەنتی نیکۆتینێکی جیام دۆزییەوە:
لێوەکانت..

ئەگەر ئەو جارە
بە شەرتی تەرككردنی جگەرە
لێوەکانتم بدەیتێ
هیچ دوور مەبینە
کە بۆ تاهەتایی تەرکی بکەم.

## دەبێ بۆچی وابێ..؟

لەگەڵ خواو زەمین
بە جورئەتەوە قسە دەکەیت و
لەگەڵ منیشدا بێدەنگ.

لەگەڵ تۆدا
بێ هیچ فاسیلەیەك قسە دەکەم و
لە بەرانبەر هەموو دنیاشدا بێدەنگ.

هاوکێشەیەکی گرانە..ها؟

# نازانم جگەرە داگیرسێنم؟

سعات 19:00 بۆ جاری شەشەم لەو رۆژەدا
بەو فلچەیەی کە لە بیلەفێلد و
بەو مەعجونەیش کە لە هۆڵەنداوە
بە دیاری بۆیان هێنابووم
دەم و ددانی خۆمم شۆری..

سعات 19:00 بۆ جاری شەشەم لەو رۆژەدا
هەموو جەستەم بەو "شانێل"ە، عەترپرژێنکرد
کە برادەرێکم هەر لەگەڵ ئازادبوونی
لە سجنێچکی پاریس
بە دیاریی بۆی ناردبووم..

سعات 19:00 بۆ شەشەمین ملیۆنجار لەو رۆژەدا
لەو دەرگایەم روانی کە لێیوە دێیتە ژووریٚ
سعات 19:00دەرگا کرایەوە
بەلاٚم تۆ نەبووی
جگەرەیەکم داگیرساند
ئیدی بۆنی دووکەڵ تێکەڵی شانێل بوو
دەم و ددانیشم چیدی
بۆنی مەعجونی هۆڵەندی لێنەدەهات.

ئێستایش هەموو سعات 19:00یەك
نازانم جگەرە داگیرسێنم یاخود نا.

# ئەو رێگایەشم پێبدە

که رێگاتدا پەنجە بە لێوەکانت دابێنم و نەتهێشت
لە جیاتی پەنجە لێوەکانم بێ
غەدرت نەکرد

که رێگاتدا لێوەکانم بە لێوەکانت دابێنم و نەتهێشت
لە جیاتی لێوەکان زمانم بێ
غەدرت نەکرد

که رێگاتدا زمانم بە لێوەکانت دابێنم و نەتهێشت
لە جیاتی لێوەکانت زمانت بێ
غەدرت نەکرد

ئێستا بۆ غەدر دەکەی
که ناهێڵی بزانم ستیانەکانت چ رەنگن؟

## Best Playboy of the year

دوێنێ..

(بەیانییەکەی)

ژنێکم لە پێرو رووتکردەوە

چونکە بەڵێنم پێدابوو

$100 ی لە رێگای western union بۆ بنێرم

تا هاوکاریی منداڵانی ئەفریقیای پێبکا.. نەشمنارد.

(نیوەڕۆکەی)

ژنێکی رۆمانی دانیشتووی دوبەی

بە حەماسەتەوە

فرمێسکی شیرینی بۆ هەڵوەراندم

لە بری ئەوەی پێم گوتبوو: خۆشمدەوێی..

خۆشیشم نەدەویست.

(ئێوارەکەی)

ژنێکی سەمەرقەندی دانیشتووی ئاخن گوتی:

هەرگیز نابینی رووتم بکەیتەوە و

بە حەماسەتەوە فرمێسکی شیرینت بۆ هەڵوەرێم.

بە رووتی نەمدیت و

فرمێسکی شیرینیشی بۆ هەڵنەوەراندم.

(شەو درەنگانێ)

کینییێکی دانیشتووی نیویۆرك

کە بە سەفەر چووبووە تۆکیۆ

بۆی نووسیبووم:

Best awarded Playboy of the year

بەیانی کە لە خەو هەستام

دیتم، ساڵێك لە دوام بە جێمابوو.

## رەنگ

تۆ بە تەنیا یەك رەنگت هەیە

رەنگی ئاو؟
رەنگی ئاوێنە؟
رەنگی با؟
رەنگی سەراب؟

دەزانم یەکێکیانی لەو چوارانە
بەڵام من چوزانم تۆ کامیانی!

تۆ بە تەنیا یەك رەنگت هەیە
کوانێ کێشە.. تۆ هەر کامیانبی.

## هێشتا لە سەرەتاین

هەیە بۆ حەوتەمین جار رۆمانێك دەخوێنێتەوە
کەچی وا هەست دەکا هێشتا
دەستی بە خوێندنەوەی نەکردووە
یەکێك بۆ حەوتەمین جارە
بە سەختی شەڕ لەگەڵ ئاسمان و زەمین دەکا
کەچی وا هەست دەکا هێشتا دەستیپێنەکردووە
من بۆ حەوتەمین جارە ماچت دەکەم
کەچی بێگومانم
هێشتا دەستم پێنەکردووە.

# ناوی خۆت بنێ خۆشەویستیی

من عاشقی شیعرم

شیعر، خۆشەویستیی خۆشدەوێ

خۆشەویستیی، منی خۆشدەوێ

من  ژنێکی بە ماڵ و منداڵم خۆشدەوێ

ئەو هەندێجار منی خۆشدەوێ

دەی توخوا ناوی خۆت بنێ خۆشەویستیی

بۆ ئەوەی تاهەتایی منت خۆشبوێ

چونکە خۆشەویستیی

بۆ هەمیشەیی منی خۆشدەوێ.

## نوح
## له دامركاندنەوەی لافاو شارەزایە

كە باران لە جامی ئۆتۆمبێلەكەیدا
نوح ئاخیر پێكی هەڵدا
چاوسوور.. هیلاك
بە نزمی گۆرانی دەگوت
باشبوو لافاو زوو هات
بەڵام نوح لە دامركاندنەوەی لافاو شارەزایە
بە ماچێك
نە هیلاكی و نە لافاو
هیچ شتێك نەما
بۆ بەیانی كە باران  لە جامی ئۆتۆمبێلەكەیدا
نوح ئاخیر پێكی هەڵدا
چاوسوور.. هیلاك
بە نزمی گۆرانی دەگوت
باشبوو لافاو زوو هات
بەڵام نوح لە دامركاندنەوەی لافاو شارەزایە

به ماچێك

نه هیلاكی و نه لافاو

هیچ شتێك نه‌ما

بۆ بەیانی كه باران  له جامی...

نا نا ئەوه لافاو نییه،

گەمەیەكه

ژن و پیاوێكی مندالّ حەزی لێدكەن.

## پێنجشەممەیەك خۆی رادەخا

پێنجشەممەیەك دەبێتە لاپەڕە
تا بە قەڵەمی درەخت
لەسەری بنووسین: روان.
ئێمە لەسەری دەنووسین: خەون.

پێنجشەممەیەك دەبێتە خۆر
بۆ ئەوەی ئێمە بە رۆشنایی تیشکەکانی
خۆمان بشۆرین..
چاوە زەردەکان بە پێکەنینەوە دەڵێن: ترس.

پێنجشەممەیەك
زەمین و خوا گۆرانیان گوت
ئێمە حەزمان کرد
گوێ لە خەیاڵ بگرین
لەبەر وڕێنە هیچ لە خەیاڵ تێنەگەیشتین.

پێنجشەممەیەك، لای ماڵتان پڕە لە تاکسی
شوفێرەکان شارەزان لە ئەدرێسە نهێنییەکان
لەولا ماڵێك هەبوو وەکو دوورگە
ئێمەش لێومان هەیە بۆ ماچ
زمان بۆ خوێندنەوەی جەستە
پێنجشەممەیەك خۆی رادەخا
ئێمە بە پێکەنینەوە هاوار دەکەین
با خەون بچێ لەسەری بخەوێ.

## شەوێکی رووت بوو

لەبەرانبەرم دانیشت
دەیویست تێگەیشتنم رووت بکاتەوە
من بە پێکێك، بێهێزیی خۆمم رووت کردەوە
ئەو بێدەنگی لەبەر کردبوو
من رووتیم لەبەر وشەکانم کرد
ئەو دەیویست دەنگ بداتە بێدەنگیی و
رووتیش لەبەر فرمێسك بکا.
من لەوە زیرەکتربووم خۆم بدەمە
دەست سێدارەی زمان..
دەدوام و دەدوام
زمان تەنیا بۆ ئەوە بوو
هەستەکانمی تیا حەشاردەم
ئەو بە دڵ، جەستەی وشەکانمی دەدیت
جاروبار لە جەستەی هەست و
لە چاوەکانم رۆدەچوو

شەوێکی رووت بوو

لەبەرانبەرم دانیشت

دەیویست تێگەیشتنم رووت بکاتەوە

من عەقڵم لەبەر سەرخۆشیی کرد

دڵمم دایە شاردنەوە و

نهێنیەکم لە جسەتەی رستەکان ناشت

ئیدی کاتی رۆیشتن بوو

ئەخێر جگەرەم بە جەستەی فرمێسك کوژاندەوە

ئەو دڵی بوو بە ئاگر و

رووناکیی بە فرمێسك هەڵکرد

شەوێکی رووت بوو

لەبەرانبەرم دانیشت

دەیویست تێگەیشتنم رووت بکاتەوە.

## گومانت لێناکەم

لێت تووڕە نابم چونکە گومانم لە خۆم نییە
شەڕ ناکەم چونکە گومانم لە خۆم نییە
گومانت لێناکەم چونکە گومانم لە خۆم نییە

کە گومانم لە خۆم کرد

چونکە گومانم لە خۆم هەیە لێت تووڕە دەبم
چونکە گومانم لە خۆم هەیە شەڕت لەگەڵ دەکەم
چونکە گومانم لە خۆم هەیە گومانت لێدەکەم.

گومانت لێناکەم چونکە گومانم لە خۆم نییە.

# دوای شێتبوون

دەبێ دوای شێتبوون چی هەبێ؟
لە چاوەکانی ژنێکم خوێندەوە
نووسرابوو: مردن.

شاعیرێك وای بۆ دەچێ کە
دوای شێتبوونیش هێشتا
شتێك هەر دەمێنێ، پێی دەڵێن: ژن.

# ستۆدیۆ

شاعیرێك دەیگوت:

خۆشەویستیی، ستۆدیۆی تابلۆکێشانە.

من لەمێژە لەو ستۆدیۆیە کاردەکەم

کەچی تا ئێستایش نەمتوانیوە

سکێچێکت لێدرووستکەم.

تۆ چەند دەموچاوت هەیە بەو هاوینە؟

## ڕەنگی دەنگت دەسڕمەوە

ئیدی دەستت ناگرم
لێوەکانم دەبەخشمە ـ با ـ
ڕەنگی دەنگت دەسڕمەوە
دەڕۆم..
بەڵام بۆ هەر شوێنێك بڕۆم
دڵمم لەگەڵە..

تووخوا کەس لە ئێوە
توانیویەتی دڵی خۆی بسڕێتەوە؟

## چۆن رۆیشتووە هەر با ئاوا بڕوا

تۆ یەکەمین ژنی ژیانی من نیت
بەڵام دەمەوێ دواترەمین
خۆشەویستی من بی.

من یەکەمین پیاوی ژیانی تۆ نیم
بەڵام دەمەوێ دواترەمین
خۆشەویستی تۆ بم.

دەی با دواترەمین خۆشەویستی یەکتر بین.

# کاتژمێر1:00 تا 19:00

24:55 دەقیقە، بۆ جاری دەیەم
گۆرانییێکم لە تەلەڤزیۆن هەڵکردەوە
کە دەیگوت:
صباح الخیر یا خانم
من بیرم لە مەودای نێوانی بەیانی و
ئێوارە دەکردەوە
چونکە نەدەوێرام ئەو هەموو هەزاران کیلۆمەترە
بێنمە بەرچاوم
کە دەکەوێتە نێوانی 24:55 دەقیقەی یەکشەممە
تا سعات 19:00 رۆژی دووشەممە.

ئێستا دەزانم کە مەودای نێوانی سعات
1:00 تا 19:00
ملیۆنان کیلۆمەترە
بێگومان تەنیا بۆ ئەو ژن و پیاوانەی
کە هێشتا لەگەڵ یەك نەنووستوون.

## من، من نیم

به ڕێگایەکدا بڕۆ
کە دەتگەیەنێتە خۆت.
منیش ئەو ڕێگایە دەگرمە بەر
کە پڕم دەکا لە خەون و خۆم.

لەو ڕێگایە ئەنجامم نابێ
چونکە من، من نیم و
تا دوای مردنیشم
هێشتا هەر تۆم.

تۆ کێی خودا؟

## هەوڵت بۆ دەدەم

هەوڵدان قومارە
ئاساییە لە کۆتاییدا بە دۆڕاوی
لە گەمەکە بێیتە دەرەوە.
یەکێك کە هەوڵنادا
زۆر لە مێژە دۆڕاوە.

من هەوڵت بۆ دەدەم و دەشبەمەوە
چونکە هەموو ژنەکانی زەمین
تەنیا بە یەك شێواز قومار دەکەن.

## که لە ئاوێنە لە خۆم دەڕوانم
## مەیمون دەبینم

دەتوانی لە جیاتی فرمێسك، خوێن و
لە جیاتی خوێنیش گلێنەم پێدابارێنی.
دەتوانی وابکەی
که لە ئاوێنە لە خۆم دەڕوانم
مەیمون ببینم.

بێنە مەمکەکانتم بدێ
بە خوا دنیا ئەوەندە ناهێنێ.

# ئیلهام

نەمدەزانی بۆچی دەمێکە بۆت نانووسم!

ئەورۆ هەوڵمدا هەوڵبدەم بۆت بنووسم
هێزێکم کەمبوو
لە ئاسمانم روانی، پێکەنیم

ئەگەر نەتبینم ئیلهام لە کێ وەرگرم؟
ئەسڵەن بۆچی شیعر بنووسم؟

# با پێکەوە پیربین

حەقی خۆتە رقت لە رابردوو بێتەوە
حەقی خۆتە لە بۆنی ئایندە ترست هەبێ
بەڵام حەقی تۆ نییە رقت لە ئێستا بێتەوە

وەرە لە ئێستادا بژین.
وەرە با پێکەوە پیربین.

# ماراسۆن

لەسەر سفرەی
ژوورێکی سۆرتاریك راتدەخەم
بە لافاوی رووناکیی داگیرت دەکەم
لەنێو تەنیاییدا
لە خودی خۆشت تەنیات دەکەم
من زیۆس و خۆری ئیرۆتیکم.

قوومێکم لە جگەرەکەدا و
نەختێ سەرم لەقاند
پێم سەیر بوو کە لە خەیاڵیشدا
دەتوانم وا قسە بکەم
چونکە ئێستا من
ماراسۆن دەکەم نەك عmeشق.

## هەمیشە لەگەڵمی

حەز دەکەم لەگەڵم نەبی
بەڵام لە هەموو شوێنزەمەنێك لەگەڵمی
لەسەر قەروێڵە.. لەنێوانی من و ژنەکەم.
لەسەر قەبران.. لە کاتی ناشتنی شاعیرێك.
لە شایی، کاتێ دەستی داپیرم بە هی تۆ تێدەگەم.
تۆ هەمیشە هەیت
لە نێوانی لێوی من و روومەتی منداڵەکەم.

بەڕاستی حەز دەکەم لەگەڵم نەبی
بەڵام لەگەڵمی
بە تایبەتیش لەو کاتانەی کە لەگەڵم نی.
یان لەو کاتانەیش کە لەگەڵمی.

دەبا رەخنەگرێکی شیعر پێم بڵێ:
تۆ بۆچی هەمیشە لەگەڵمی؟

# ئیمان

ژناتی خۆی..

پیاوەتی باوکی..

سۆز و فرمێسکی دایکی..

متمانەی مێردی..

ئایندەی منداڵی..

هەمووی بە یەکەوە

هەموو شتە پیرۆزەکانی بە یەکەوە دایە من

دەزانن ئەوە چەندی لە ئیمان پێدەوێ؟

دەزانن ئەوە چەند پێویستیی بە تووڕەیی هەیە

تا زەمین تێبگا؟

جارێکیان بە گریانەوە گوتی:

پێستی لێوەکانت ئیمانی منە.

بێگومان بابەتەکە لەوەش قووڵتر بوو.

## زمان

**زمانمان درووستکرد**

**بۆ ئەوەی رۆحمانی تیا حەشار دەین**

**رەنگە من بەربادبم**

**چونکە من رۆحمت پێدەدەم**

**تا زمانمی تیا حەشار دەم.**

**یا زمانمت پێدەدەم**

**بۆ ئەوەی رۆحمی تیا ئاشکرا بکەم.**

## ژنێکی غەریب

دەمەوێ رستەیەکی هەڵاتوو بگرمەوە
کە ئیمانی بە رێزمان نەماوە.

کێشەکە ئەوەیە
ئەو نە لەناو رێزمان و
نە لە دەرەوەشیدایە.

ئەو ژنێکی غەریبە
ماڵ و منداڵی هەیە و منیشی خۆشدەوێ.
یا منی خۆشناوێ
ئەوا منم وازی لێناهێنم

کێ دەزانێ..؟

## هیچیترم ناوێ

بۆ: نازم حیکمەت

گوتت: تەماشامکە
دەستم بگرە
ماچم بکە
بەدوامکەوە
ئاشتمکەوە

تەماشام کردی
دەستم گرتی
ماچم کردی
بە دوات کەوتم
ئاشتم کردیەوە

چیترم بوێ لەو ژیانە؟

# ترس

خوومان بە جگەر ە و
کحول و شیعر و خۆشەویستیی گرتووە.

خۆشەویستیی
دواترەمین ئاستی ئیدمانە.

ئەگەر بتوانین وازی لێبێنین
ئەوا بە سانایی واز لە شیعر و
کحول و جگەرە دێنین.

ترس بە پێکەنینەوە دەڵێ:
لە بەرانبەر مندا
خۆشەویستیی مێروولەیەکی مردووە.

# له ناوەڕاستین

پێدەچێ دۆزەخ
له بۆشاییێکی فەزا
له باشووری زەمیندابێ
لەوێ تەنیا شەیتانەکان بوونیان هەیە.

فریشتەکان له ئاسمانن
نوێ نییە کە بڵێین:
ئاسمان دەکەوێتە باکووری زەمین.

ئێمە له ناوەڕاستین
بۆیە
لای راستمان شەیتان و
چەپەشمان تەنیا خودایە.

## دیسان ژن

ژنەکان دەتوانن زووتر لە بیر بکەن.

ئەوان چین؟

رەنگە بەهێزتربن لە پیاو
یا زاکیرەیان نەبێ..

ئەگەری سێیەمیش ئەوەیە:
یەك لە یەکتری درۆزنترن..

# رۆدا

کە بە تەنیایی بە جێتدێڵم
هەر بۆ ئەوەیە
بە تەنیاییت رابێنم

چونکە ئەخیری
تەنیا دەمێنێیتەوە.

## چیم لە تۆدا خۆشدەوێ؟

تێناگەم، چیم لە تۆدا خۆشدەوێ؟

بیرکردنەوەت؟ خوێنت؟
یا هەردووکیان بە یەکەوە؟

باوەڕناکەم.

رەنگە تەنیا خۆشویستنی تۆم
بۆ خۆم خۆشبوێ
کە دەزانم ئەوەشیان درۆیە.

## بەناوکردن

که هێشتا بچووك بووم
رستەیەك ئاویتەی خوێنم بوو.

له کوێوە هاتبوو ئەو رستەیە؟
لای داود؟
کە پیشەی ببووە گریان
له ترسی ئەوەی
له ناکاو ژنەکانی بێوەژن بن؟

له کوێوە هاتبوو ئەو رستەیە؟
لای ئەو پاشایەی کە هیچ جیاوازییەکی نەبوو
لەگەڵ شاعیرێکی عاشق و کەرێك؟

لە کوێوە هاتبوو ئەو رستەیە؟
لای ئەو ژنانەی کە شەوەها لەگەڵیان ژیام و
ئێستا نازانم لە کوێن؟
یا لای ئەو نەورەسانە
کە من بە خەتی شەو
لەسەر مەمکەنیانم نووسی: موڵك؟

کە هێشتا بچووك بووم
رستەیەك ئاوێتەی خوێنم بوو
رستەیەکی ئاسایی، بەڵام من خۆشمدەوێ:
ـ باوەڕهێنان بە تەملیککردن
گەیشتنە بە ترۆپکی نەزانینێك
کە نازانێ، نازانێ.

# دەمەوێ شوێنزەمەن بدەم بە ژیان

لەگەڵ ئەوەیش کە دەزانم
ژیان نە شوێن و نە زەمەنی هەیە
بە زۆر دەمەوێ
شوێنزەمەن بدەم بە ژیان
بۆ ئەوەی چیرۆکی ڕەنگاوڕەنگی لێدرووستکەم
یا باشتر وایە بڵێم:
بۆ من
کە شوێن و زەمەن دەدەمە ژیان
تەنیا لەبەر ئەوەیە
کە شیعری ڕەنگاوڕەنگی لێدرووستکەم
ئێستا تۆ شوینزەمەنی ژیانی منی
من چیرۆکی ڕەنگاوڕەنگ و
شیعری ڕەنگاوڕەنگت لێدرووست دەکەم.
ڕەنگە هەر بۆیە خۆشمبوێی.

# شەقامی شووشە

بۆچی هێندە بە بێباکیی
سەرمای بێخەونیی داپۆشیووم؟
ئایا لە سەفینەی مەی
شەرابی بێنیازیم نۆشیوە؟
ئەی بۆچی هێندە بە خێرایی
خۆم و جینسێکی دڕاو، بێگۆڕەوی
بەنێو ئەو شەقامی شووشەیە رادەکەم..
بۆ کوێ؟ بە دوای چی؟

من هەرگیز بەدوای دنیادا نەگەڕاوم
ئەی بۆ کوێ؟ بە دوای چی؟ بەو خێراییە
دایکم لە فاڵچییەکی بیستبوو
کە کوڕەکەت گەورە دەبێ ژنێکی خۆشدەوێ
ئیدی ئەو دەکاتە حەڵقەی نێوانی خۆیی و ژیان
ئیدی ئەو دەبێتە خەون
دەبێتە ژیان
هەر بۆیە کوڕەکەت
خۆی و جینسێکی دڕاو، بێگۆڕەوی
بەو خێراییە، بەنێو
ئەو شەقامی شووشەیە رادەکا..

# قولآيی چاوەكانت

قولآيی چاوەكانت ريّگايەكە و دەمانگەيەنيّتە دلّ
دلّيّك كە "سپی" رەشە لە بەرانبەريدا
هاتوهاوار بيّدەنگييە لە بەرانبەريدا
دەتوانين ناوی جوانيش بنيّين "ناشرينيی" لە بەرانبەريدا

قولآيی چاوەكانت ريّگايەكە و دەمانگەيەنيّتە دلّ
ئەو دلّەی كە دەبیّ بۆ تا هەتايی وەكو دويّنیّ
عەقلّ تيّيدا دەسبەسەربیّ.
ئەو دلّەی كە دەبیّ بۆ تاهەتايی بە بيّدەنگيی،
پڕ لە هاتوهاواری بيّعەقلّيی بیّ.

قولآيی چاوەكانت ريّگايەكە و دەمانگەيەنيّتە دلّ.

## دڵۆپێکی شین

لێرەبیت و لێرەش نەبیت وەکو یەك وایە
چونکە من تەنیا تاکە دڵۆپێکی شینم و
تۆیش ئۆقیانۆسێکی سوور.

دەزانم کە لێرەیت
بە چاوەکانم رازی نابیت
ئیدی دەبیتە دڵۆپێکی شین و
منیش ئۆقیانۆسێکی سوور.

## هاتنە ژوورەوە بێ لە دەرگادان

ئەمرم پێکرا، بە زۆر خەون بە بینیی خەونەوە ببینم
لە راکردندا، راکردن بکەم بە وەستان و
هەموو ژنەکانی دنیاش لە تۆدا ببینم.

دیارە وام کرد
بۆیە بە مۆرێك کە تا ئەو کاتە بە کار نەهاتبوو
بە جورئەتەوە منت بە ناوی خۆت کرد.

ئێستا کاتی ماچ هاتبوو
دەمویست لە ئۆفیسەکە ماچت بکەم
بێ لە دەرگادان یەکێ خۆی کرد بە ژوورەوە
ئیدی نەمتوانی هەرگیزاو هەرگیز ماچت بکەم

ئەگەر ئەوجارە هاتیەوە
ئەیوبیش ناتوانێ بێ لە دەرگادان بێتە ژووری و
دەبێ سەبر بگرێ
یان کێ نالێ ئەو حاڵەتە
دیسان و دیسان دووبارە دەبێتەوە؟

# چوونە دەرەوەیەك نەماوە

# بۆ هاتنە ژوورەوە

## خۆم نەبێ
## وەڵامی هەموو شتێ دەدەمەوە

وەڵامی پرسیارەکانی بە نموونە:
ناوکێك دەدەمەوە، کە پڕ کراوە لە شەرابی سوور.
وەڵامی مێروولەیەك
کە رەنگی داوەتە حەرف و
دەنگیش بە رەنگ.
وەڵامی ترووسکانەوەی مقەسی
حەللاقی نەخۆشخانەیەکی جەڵتەی دەماغ.
وەڵامی سەگێك
کە لەبەر دەرگای دۆزەخ پاڵکەوتووە و
خەریکی (chatt)ە
لەگەڵ ژنە بە ماڵ و منداڵەکانی دنیا.
وەڵامی ئەو خەونەی کە هێشتا
رۆژهەڵات نەیبینیوە.

وەڵامی سۆزانییەکی چواردە ساڵی دیمەشقی

کە بەیانی لەگەڵ لە خەو هەستاندا

خۆی دەبینێ بۆتە سوراحی.

وەڵامی نێچیروانێکی سۆرتاریك

کە بێ گۆڕەوی بەسەر نووکی هەزاران حەربە

بە دوای راوکردنی رۆژدا رادەکا.

وەڵامی پەیکەرتاشێك کە لە دوا داهێنانیدا

بڕوا دێنێ هیچ کەس لەو بەرازتر نییە.

وەڵامی برادەرێکی رۆمانیم

کە پێش زایین پێیگوتم:

نا لەبەر ئەوەی کە گرانە، ناوێرم

بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ناوێرم، گرانە.

وەڵامی رێوییەك کە وا نیشان دەدا خەڵك کلکی هەیە.

وەڵامی قالۆچەیەك

کە منداڵێك دوای کرۆشتنی،

بە دایکی دەڵێ:

دایە زەیتونێکم خوارد قاچی هەبوو.

وەڵامی مریشکێك و ژنێك
کە بۆچی یەکەمیان لە کاتی سەربڕین
رێك وەك دووەمیان وایە لە کاتی رەحەتبوون.
وەڵامی ژنێك کە لە ماینەکانی
عەرەبانەکەی  فێرعەون دەچێ.
وەڵامی ئەو گەڕەکەی بیلەفێلد
کە رووس و ئێزیدییەکان لە پێناویدا شەڕیانبوو.
وەڵامی ئەو ئاسمانەی کە هەرگیز نەیتوانی
بۆ تەنیا جارێ
لە جیاتی ئاو عەرەق ببارێنێ و
لە جیاتی تەزرە مەمك و
لە جیاتی بەفر،
قانونێك
کە عەرەق پەرشکردن بەسەر مەمکدا فەرزبێ.
وەڵامی هەموو شتێ دەدەمەوە من
هەتا وەڵامی ئەو مەمکانەی
کە لە شیعرەکاندا کراونەتە کۆتر.
وەڵامی ئەو درەختەی لبنان
کە پێغەمبەرێ بۆ خۆی تەختی لێ سازان.

وەڵامی ئەو خاوەن ڕێستورانتەی کە
خواردنەکانی وەك مەمکی قەدیم وابوون.
وەڵامی نووسەرێك
کە دەزانێ هیچ شتێ بەقەد سەرکەوتن
مرۆڤ تووشی دۆڕان ناکا..
من وەڵامی هەموو شتێ دەدەمەوە
هەموو شت و هەموو کەس و هەموو زەمان و
هەموو ئەو شتانەیش کە هەن لەناو شوێنێك
تەنیا خۆم نەبێ
کە بۆچی ناتوانم لە ئێستا باشتر بم..؟

# هێشتا زووە بەو نیوەشەوە

دەمەوێ مەودایێ بسازێنم تا تێیدا
جوانترین پیاوی ژیانی خۆم بم.

دەمەوێ  فێری ئەوە بم
رۆژانی زیاتر نەدەمە ژیانم
نا.. هەرگیز رۆژانی زیاتر نەدەمە ژیانم
بەڵکو ژیانی زیاتر بدەمە رۆژانم.

ئەو مەودایە بووی بۆم
لە تۆدا، بوومە جوانترین رۆژانی ژیانم
چونکە رۆژانی پڕ لە ژیانت دایە رۆژانم.

ئێستا،
کە رووناکیی، هێزی شکاندنی چاوەکانمی نەماوە
خۆ هێشتا زووە، تۆ لە کوێی بەو نیوە شەوە؟

# دارستانی سووری سێو

لە بنار بووم..
کاتێ لە دارستانی سووری سێوم دەڕوانی
بیرم لە مەمکی کچان دەکردەوە.

ئێستا لە ترۆپکم..
کاتێ لە دارستانی سووری سێو دەڕوانم
بیر لە مەمکی کچان دەکەمەوە.

لە لێژاییشدا..
کاتێ لە دارستانی سووری سێو دەڕوانم
بیر لە مەمکی کچان دەکەمەوە.

من دەمرم.
دارستانی سووری سێو و
مەمکی کچانیش وەکو خۆیان دەمێننەوە.

## ژیان لەناو کۆتاییەکان

کۆتایی بە خۆت بێنە
وەك ئەوەی لەمێژە کۆتاییت پێ هاتبێ.
لەناو کۆتاییەکان ژیانێ بژیێ،
وەك ئەوەی کۆتاییت پێ نایە.
برادەرە ئەسمەرەکانم دەڵێن:
ئاوا کۆتاییت بەخۆت هێناوە
وەك ئەوەی لەمێژە دنیا کۆتایی پێ هاتبێ.
برادەرە کۆتایی پێ هاتووەکانم پێم دەڵێن:
بۆ هێندە لەناو کۆتاییەکان دەژیت
وەك ئەوەی کە هەرگیز کۆتاییت پێ نایە؟

چی بکەم باشە؟

جگە لەوەی کە ئاوا کۆتایی بە خۆم بێنم
وەك ئەوەی کە لەمێژە کۆتاییم پێ هاتبێ.
لەناو کۆتاییەکان ئاوا ژیانێ بژییێم
وەك ئەوەی کە هەرگیز کۆتاییم پێ نایە؟

## له جێی ئارمسترۆنگ بوومایه

ئەگەر لە جێی ئارمسترۆنگ بوومایە
حەفت ملیار لیتر کحول و
حەفت ملیۆن تەن جگەرە و
حەفتا و حەفت ژن و
حەفتا دیوانی شیعرم لەگەڵ خۆمدا دەبرد.
ئیدی دەمخواردەوە و
دەمکێشا و
بە کۆندۆمەوە دەمکرد و
لەو بڵندابییەوە
لە زەمینم دەڕوانی و پێدەکەنیم.

هیچم نەدەکرد
بەس دەمخواردەوە و
دەمکێشا و
بە کۆندۆمەوە دەمکرد و
لەو بڵندابییەوە
بەدەم شیعر خوێندنەوە
لە زەمینم دەڕوانی و پێدەکەنیم.

# ڕامەڵڵا

شەمعون پێرێزم لە سەلاحەدین ئەیوبی
خۆشتردەوێ.

دەمویست بزانم بۆ؟

لە موساوە پێداهاتم تا عەرەفات
لە سلێمانەوە تا دەروێش
هەموو مێژووی خاکی پێغەمبەرانم خوێندەوە
هەموو مێژووی نیشتمانی شاعیرانم خوێندەوە
هیچ شتێکم نەدیتەوە
لە مەمکەکانت جوانتر.

رامەڵڵا..
ئەی دارستانی ئەسمەری مەمکەکان.

# پێمخۆشە کە وەك من نیت

پێمخۆشە کە ئاوا تەنیا یەکێکت خۆشدەوێ.

پێمخۆشە کە وەك من نیت

چونکە من وەك خوا وام

نەك یەکێك، بەڵکو هەموو یەکێکم خۆشدەوێ.

## پێویستە دوژمنەکانمان خۆشبوێ

لێم مەپرسن بۆچی هێندە ژنەکەی خۆتت خۆشدەوێ

مەگەر نازانن کە مەسیح دەڵێ:

پێویستە هەمووومان، دوژمنەکانی خۆمانمان خۆشبوێ.

# ئیستەنبۆڵ

**قاچی چەپەم لەنێو تەکنۆ موزیك و**

**دەستی راستەم لە ئۆرشەلیمە.**

**دڵم لە کەنارێکی دەریای باکوور و**

**عەقڵیشم**

**لای ماسییەکی ڕەنگاوڕەنگی**

**ناو دەریای مردوو..**

**خودایە.. کێ ناڵێ من ناوم ئیستەنبۆڵە؟**

# بەدوای خۆمدا دەگەڕێم

له باشووری باکوور و
باکووری خۆرهەڵات و
خۆرهەڵاتی باشوور و
باکووری خۆرئاوا
به دوای خۆمدا دەگەڕێم
تۆ دەبینمەوە.

برادەرێکم دەڵێ:
تۆ بیردەکەیەوە
کەواتە تەنیا ئەو قەحپەیە هەیە.

# له جیاتی پیاوانی دنیا

دەتوانێ درۆم پێ بکا.. رووتم کاتەوە، رامخا..
بمترسێنێ و ئازام بکا
دەتوانێ پڕ لە خەون و بێ خەونم بکا..

دەتوانێ بەرزمکا، نەوی، مەست، بن دەست، بێ هەست،
پڕهەست، بەهۆش، بێ هۆش، دڵخۆش، رووخۆش، سەرخۆش،
رەنگخۆش، بەسۆز، بێ سۆز، دڵسۆز، خائین.. رووت، درۆزن،
ترسنۆك، دیار، ون، بە خەون، بێ خەون، ئاوڕەنگ، بێ ڕەنگ،
مەنگ، سەنگین، رەنگین، خەمگین، سۆر، سپی، نارنجی،
شەڕانی، ئازا، حیز، دەتوانێ بێ دەنگ و پڕ لە دەنگم بکا..ژن.

نەمزانی بۆ من لە جیاتی هەموو پیاوانی دنیا ئاوام نووسی!

# بەدوای (نا شت)دا دەگەڕێم

خۆم وا نیشان دەدەم کە دەمەوێ

ئەوەشم نەبێ کە هەمە..

دواتر دەبینم

هێشتا هەموو ئەو شتانەی دیکەشم دەوێ

کە نیمە و

ئەوانەیش نا، کە هەمە.

هەوڵ دەدەم  ئەوەی دیشم هەبێ کە نیمە

بە نموونە

راتبێکی باشتر

خانوویێکی گەورەتر

کتێبێکی قەبەتر

ژنێکی نوێتر لەناو سەیارەکی ڕەش

لەسەر قیرێکی سپی..

دواتر دەبینم

هێشتا هەموو ئەو شتانەی دیکەشم دەوێ کە نیمە و

ئەوانەیش نا، کە هەمە.

بەردەوام دەبم لەو گەمەیە تا ڕۆژێ

ئاوڕی دواوە دەدەمەوە و دەبینم

لە هەموو ژیانمدا،  لە دەرەوەی زەمەن و لە ناشوێندا،

تەنیا بە دوای نا شتدا گەڕاوم.

# ئەو، منم

لە منداڵییەوە لەگەڵمە.. دەیبینم..
وەك درەوشانەوەی تیشکی خۆر
لەسەر پشتی سەگێکی نووستوو..
ئاوا دەموچاوی لەناو _با_دا هەڵکۆڵراوە.
دەیبینم.. بەناو لاڵیدا ڕەتدەبێ و خەون بە زمانەوە نابینێ.
دەیبینم.. دەیەوێ نەمرێ و ناشزانێ بۆ دەیەوێ بژیێ.
دەیبینم.. مەلەوانێکە بە پۆشاکەوە، ئێسکەکانیشی دیارن.
دەیبینم.. ڕێژەییە لەناو ڕەهادا.
دەیبینم.. ڕێژەیی لەناو ئەودا ڕەهایە.
دەیبینم.. ئاشکراترین شت لە وجوودیدا نهێنییەکانیەتی.

لە منداڵییەوە لەگەڵمە و دەیبینم..
ئەو، منم
ڕێژەییم لە ناو تۆدا
تۆ کە ڕێژەیی، ڕەهای لەناو مندا
ئەوە منم .. ئاشکراترین شت لە وجوودمدا نهێنییەکانمە.

# وەك ئێستا كە هەم

ئەگەر بێ قاچ بووام
كورسییەكی ئەلكترۆنیم دەبوو لە بیلەفێلد.
ئەگەر هەردوو  قاچم نەبووا و لە سۆماڵ بووام،
ئاسایی بوو، دەكەوتمە خانەی خشۆكەكان.
ئەگەر لەگەڵ نەبوونی هەردوو پێ هەردوو دەستیشم نەبووا
ئەوا لە ڤێستەرۆس سستەرەكان خزمەتیان دەكردم.
ئەگەر لەگەڵ نەبوونی هەردوو پێ
هەردوو دەستیشم نەبووا و
لە هەولێر بووام،
ئەوا دایكم یا ژنم، نەبادا پێم رابوێرن رایاندەگرتم.
ئەگەر هەردوو پێم نەبووا و هەردوو دەستم نەبووا و
لەگەڵ ئەوەشدا.. كەڕ بام.. لاڵ بام.. كوێر بام
وەك ئێستا كە هەم و تا دەشبم
ئەوا تەنیا شیعر
تەنیا شیعر بەخێوم دەكا.

# خەون بە تۆوە نابینم

ئێستا کە تۆم هەیە
"خەون بە ژیانەوە نابینم
بەڵکو لەناو خەونەکانم دەژیم"
ئێستا کە تۆم هەیە
خەون بە تۆوە نابینم
بەڵکو لەناو تۆدا خەون دەبینم.

# ئاو هەمان خاسییەتەکانی ژنی هەیە

ئەورۆ بۆ یەکەم جار
لە کتێبێکی قوتابخانەیی بنەڕەتیدا فێربووم
کە ئاویش هەمان خاسییەتەکانی ژنی هەیە
دۆخی رەقیی
دۆخی شلیی
دۆخی گازیی.

ئەورۆ بۆ یەکەم جار
لە کتێبێکی قوتابخانەیی بنەڕەتیدا فێربووم
کە ئاویش هەمان خاسییەتەکانی ژنی هەیە
چونکە من لە سەردەمی "حەوا"وە، دەمزانی
کە ژن سێ دۆخی هەیە
دۆخی رەقیی
دۆخی شلیی
دۆخی گازیی.

## جوانترین خەون بە ئازادییەوە

لە جیاتی هەموو ژنانی دنیا بە ژنێکم گوت:
جوانترین خەون بە ئازادییەوە ببینن لە مندایە
چونکە گەورەترین زیندانم.

شاعیرێك دەڵێ: نا..
زیندانی هەرە جوان ژنەکانن
جوانترین خەون بە ئازادییەوە
تەنیا لە ژیان لەگەڵ ئەواندایە.

## دیوی دووەمی بەدبەختیی

هەر پێنج زەریاکانیش (کات) بن، تنۆك تنۆك چاوەڕێتم.

(چاوەڕوانیی) رووتیم لەبەر کا .. بە بەرد بمشوا..

هونەری بالآی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەشم بێ..

هێشتا چاوەڕێتم.

بمکاتە نارەنگ لەنێو رەنگەکاندا

نادەنگ لەنێو دەنگەکاندا.. نازمان لەناو زمانەکاندا..

هێشتا چاوەڕێتم.

بمکاتە وێستگەیەك بۆ هاتوچوونی ئەوهام

دوو دەست بۆ گرتنی خەون..

هێشتا چاوەڕێتم.

لێم دیارە چاوەڕوانیی

دیوی دووەمی بەدبەختییە.. بۆیە چاوەڕێتم.

لێم دیارە

کۆتایی هەموو چاوەڕوانییەك بەختەوەرییە..

بۆیە چاوەڕێتم.

# ئەگەر وەهمتان پێ باش بوو

لەبەر ژنێك رادەكەم، ئەو دەڵێ:
من لە حەقیقەتدا رادەكەم و
بەدوای وەهمدا غاردەدەم.
تۆ وەهمی.. بۆیە خۆشمدەوێی.

ئەوانەی كە منتان خۆشدەوێ
دەبێ بزانن لە حەقیقەتدا رابكەن و
بە دوای وەهمدا غاربدەن
چونكە من وەهمم

بۆیە ئەگەر وەهمتان پێ باش بوو
دەتوانن منتان خۆشبوێ.

# ئەگەر جلوبەرگ نەبووایە

ئەگەر جلوبەرگ نەبووایە
هەرگیز ئەو پێنج ڕۆژە هێندە خۆم بەڕێز نەدەکرد
تا شێوەکارێکی (ئازەر)ی لە (تاران) لەدایکبووی
دانیشتووی (ئێسن) ڕووتکەمەوە.

ئەگەر جلوبەرگ نەبووایە
بۆ لە دەقەی یەکەم بەڵێنی زەواجم
بە گۆرانیبێژێکی تەنیشت دەریای باکوور دەدا
تا لە دەقەی دووەم ڕووتیکەمەوە؟

ئەگەر جلوبەرگ نەبووایە
هەرگیز ئەوەم خۆشنەدەویست کە خۆشمدەوێ.

ئەگەر جل و بەرگ نەبووایە
کێ بیری لە ڕووتکردنەوە دەکردەوە؟

## بەخێربێی (Herr Brecht)

لە مەتبەخی ماڵی من دانیشتین
یەکەمین پێکی (Red Label) مان هەڵدا:
- دیسان بەخێر بێیەوە (Herr Brecht)
بۆ ئەو مەتبەخەی ئێمە..
گەورەترین مەتبەخ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

لەگەڵ یەکەم پێکدا گوتی:
کوڕێك کە لە هەژدە ساڵییەوە
دەستی کردووە بە کحول خواردنەوە و
لە هەشتا ساڵیدا دەمرێ
هۆ دیارە:
(ئەلکحول).

منداڵێك نەگەیشتبووە یەك ساڵی، مرد.

لەو ژیانە دوور و درێژەشیدا

تەنیا پێکێکی هەڵنەدابوو..

هۆ دیارە

(ئەلکحول).

من بە پێکەنینەوە:

- دیسان بەخێر بێیەوە (Herr Brecht)

بۆ ئەو مەتبەخەی ئێمە..

گەورەترین مەتبەخ لە جیهاندا.

گەورەترین مەتبەخ لە مێژووی بەشەرییەتدا.

## چم کردیه؟

له (Google) و لەناو سایتەکانی دیکەی نێـتدا
ئاگادارم.. مەلە دەکەن بەدوای دیتنەوەی مندا.
ئاگادارم.. ماراسۆنیانە بە دوای مندا، دەیانەوێ لە حەرفێك،
لە وشەیەکی ناو شیعرێکمدا بتان بیننەوە.
ئاگادارم.. بەر لەنووستن، من لەنێوانی ئێوەم لەسەر قەروێڵە
لەنێوانی لێو و لێوان .. لەنێوانی پەنجە و مەمکەکان
ئاگادارم.. مەلە دەکەن.. ماراسۆن.. ناوتان ناوم، شەیتان.

تێناگەم بۆ هێندە لە (Google)و
لەناو سایتەکانی دیکەی نێـتدا
بەدوای دۆزینەوەی مندا مەلە دەکەن؟
بۆ هێندە ماراسۆنیانە بە دوای مندا و دەیانەوێ لە حەرفێك،
لە وشەیەکی ناو شیعرێکمدا بتانبیننەوە؟
تێناگەم بۆ هێندە مەلە دەکەن.. هێندە ماراسۆن..
بەدوای مندا و ناوتان ناوم شەیتان؟

من چیم کردووە، جگە لە خۆشەویستیم بۆ ژنەکانتان؟

## لەگەڵ مەحمود دەروێش
## ئاوا لە چاوەڕوانی دواین

گوتی: مردن بە پێوە وەستاوە
ئەوەندە چاوەڕوانە تا جانتاکەت دەهێنیت و
فڵچەی ددان و شانێل و پۆشاکتی تیا دەئاخنی..
گوتم: ئاخر هێشتا کارم لەسەر
جوگرافیای تۆفان ماوە لە نوحەوە تا تسونامی..
گوتی: مردن وەك تۆ عاشقی موفاجەئەیە
تۆیش وەك ئەو، هەرگیز هێزی چاوەڕوانیت نییە.

ڕاستی دەکرد، من ئێستەیش ڕێك وەك مردن وام
هەرگیز تاقەتی چاوەڕوانییم نییە.

## تۆ بۆ لە شوێنی ئەوی..؟

چوار ساڵ و نیوە لە هەمان شوێنکاتدا
مرورێك دەبینم کە شوفێرەکان لە مەرگ رزگار دەکا.
چوار ساڵ و نیوە لە هەمان شوێنکاتدا
بە بەردەمیدا تێدەپەڕم و
ئەو بە بزەیەکەوە بەڕێم دەکا..
بەڵام ئەوە (7) رۆژە نایبینم
ئەوە (7) رۆژە دەموچاوێکیدی لە جێی ئەو دەبینم
ئەورۆ جامی سەیارەکە دەکەمەوە و هاوار دەکەم:
هێی تۆ.. ئەرێ تۆ، بۆ لە شوێنی ئەوی..؟
+مرد.. مرد.. لە رووداوێکی هاتوچۆدا مرد.

من پێدەکەنم
دەزانم رۆژێ دێ دەڵێن:
مرد..مرد.. لە کاتی نووسینی شیعرێکدا مرد.

گوێمان لە حەپەی سەگێك دەبێ کە لە دوورەوە دێ.

## کە دەمرم

کە دەمرم.. رۆحم دەچێتە بەر پاکەتێك جگەرە
لەوانەیە ژنێك بمکێشێ..
کە دەمرم.. رۆحم دەچێتە بەر بتڵێك عەرەق
رەنگە عاشقێك بمخواتەوە.
یاخود وەك ئێستا دەبمەوە شیعر
عاشقێکی سەرخۆش
کە ژنێکی جگەرەکێشی خۆشدەوێ دەمخوێنێتەوە.
یا ژنێکی عاشق کە سەرخۆشێکی خۆشدەوێ دەمخواتەوە.
کە دەمرم.. رۆحم دەچێتە بەر
مەکاکێکی بەربەری لە چیاکانی ئەتڵەسی
ژنێکی جگەرەکێش و عاشقێکی سەرخۆش،
کە ژنێکی جگەرەکێشی خۆشدەوێ و
رێکخراوێکی ئاژەڵپارێزی و هەندێ نووسەر لەدوام دەگەڕێن
تا رەگەزم لە قڕبوون بپارێزن
چونکە دەزانن من لەو ژیانەدا
جگە لەمەیموونێکی باڵدار و بەربەری شیعر،
هیچی دیکە نەبووم.

## ئەرێ تۆ بۆ نەهاتی؟

شەشی بەیانی، لە پاسێکدا
کە بەنێو دارستانێکی سوور و
تەمێکی رەشدا تێدەپەڕی
نیو بتڵ "بلاك لێبل"م بە نیو لیمۆ خواردەوە
بە خەیاڵی ئەوەی لەوێیە.
لەوێ نەبوو.
بەڵام دەبووایە بێ.

لەناو وێستگەیەکی ترامی پڕ لە مەست و ماندوو
لە شەش و دە خولەکی بەیانیدا
جگەرەم کێشا و بتڵی "بلاك لێبل"م وردوخاش کرد
بە خەیاڵی ئەوەی دێ..
نەهات.
بەڵام دەبووایە بێ.

سەعات (23).. لەناو وێستگەدا

پێیەکم لە دوکانەکەی سەرێ هێنایە خوار و

دەستێك لای قوتیە بیرەکە و

سەرم لە بن دەست و پێی موسافیران و

دڵم لەسەر سککەی ترام گەڕاندنەوە لای خۆم

پارچەکانی خۆمم کۆکردەوە و ڕۆیشتم

جار نا جارێ ئاوڕم دەدایەوە و دەمزانی دێ.

نەهات.

بەڵام دەبووایە بێ.

# ڕۆژێ دێ هێزی ئێوەم نامێنێ

ڕۆژێ دێ تاقەتم نامێنێ
ڕۆژێ دێ تاقەتم لێتان نامێنێ
تەنیا ڕۆژێ دێ تاقەتم لێتان نامێنێ
تەنیا ڕۆژێ دێ تاقەتم لێتان نامێنێ، ژنەکانم

ڕۆژی مردنم.

## دڵۆپ دڵۆپ ژنی ڕژاو کۆدەکەمەوە

درەختەکە ڕادەهەژێنم.. لەژێریدا نیوتن سێو و
منیش دڵۆپ دڵۆپ ژنی ڕژاو کۆدەکەمەوە
ژنەکان دەخەمە ناو سوراحییەك و
گەردەلوول و بوومەلەرزە پێدەکەم.

لەسەر مێزە بچووکەکەی مەتبەخ گلاسێکم هەیە
(خوان)ی برادەرم پێمدەڵێ:
ئەو مێزە بچووکەی تۆ
بۆ ئەو مێشانە چەند گەورەیە
کە بە دەورتدا هەڵفڕ هەڵفڕیانە؟
پێدەکەنم و ژنەکان دەڕژێنمە ناو گلاسەکە.
ئارامیی دەریا دادەگیرسێنم.

قەڵەمێکم هەیە بە شەربەت دەنووسێ
من هەمیشە وام
بە سینگ و مەمکی ژنەکانم شیعر دەنووسم.

## ئەگەر قسەم بڕۆیشتبووا لە مێژوودا

نەمدەهێشت حەللاج هێندە عیناد بێ و
بە گالیلۆشم دەگوت: چ سوودێکی هەیە
بۆ شاعیرێکی ساحیر کە بزانێ زەمین خڕە
مادەم ناتوانێ خۆر داگیرسێنێ؟

ئەگەر قسەم بڕۆیشتبووا لە مێژوودا
بە مەسیحم دەگوت لەسەر ئەو خاچە وەرە خوارێ
چونکە برینەکانی تۆ هیچ سوودێکیان نییە
بۆ مامۆستایەکی فیزیا
مادەم ناتوانێ گۆڕانە کیمیاوییەکانی من لەبەرکا؟

ئەگەر قسەم بڕۆیشتبووا لە مێژوودا
نەمدەهێشت شکسپیر ڕۆمیۆ بکوژێ
هەرنا بۆ ئەوەی ئەو ساحیرە شاعیرە و
ئەو شاعیرە ساحیرە
ئیلهامی شیعرێکی لێ وەرگرێ.

## ئەگەر سەرم لەسەر مەمکەکانت بێ

رەنگی ناشوێن خڕە و
شێوەی (دەرەوەی زەمەن)یش سوور.
سنووری گەردوون دیوارە
هەر بڕۆ هەر دیوارە، هەر بڕۆ هەر دیوار..

من هەموو جار بیر دەکەمەوە
ئەگەر ئێوارانی شەممە، لە ژوورێکی رەش
بە پێڵوی تاریکەوە
سەرم لەسەر مەمکە رووناکەکانت بێ
هەرگیز بیر لەو شتە قۆڕانە ناکەمەوە
هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە
کە داخوا شێوەی ناشوێن سوورە و
رەنگی دەرەوەی زەمەنیش خڕ

یا سنووری گەردوون دیوارە
هەر بڕۆ هەر دیوارە و هەر بڕۆ هەر دیوار..

## که له سەفەر دەگەڕێمەوە

که لەسەفەر دەگەڕێمەوە
یەکەمین کارم ئەوەیە
پرچم بە زێد و جەستەم بە هەتاو چەورکەم
بەڵام سوودی نابێ.

ئەوجارەیان پێستم لەبەردەکەمەوە و
بە بۆس و عەقڵ و فێڵ دەیشۆرم
بەڵام هەر سوودی نابێ.

دواجار خانە خانەی ئێسکەکانم
بە نووکی بزمارێك دەڕنم
بێ گومان هەمدیس سوودی نابێ.

که له سەفەر دەگەڕێمەوە
من بۆنی ژن، لە قووڵاییەکانی خوێنمەوە دێ.

## به تەنیشت خۆمدا ڕێدەکەم

تاریکی بە تاریکی لاناکەوێ.
ئەو ڕۆژە ویستم خۆم
بە مساحەی درەوشانەوە بسڕمەوە
تەماشام کرد، من تەنیا سێبەری خۆم بووم
ئیدی لێگەڕام، خۆم بە تەنیشت مندا ڕێبکا و
منیش بە پێکەنینەوە هیچ نەکەم
تەنیا و تەنیا بە تەنیشت خۆمدا ڕێبکەم و بڵێم:
تاریکیی هەرگیز بە تاریکیی لاناکەوێ.

# DNA

سەعات 2ی شەو، کحول ناهێڵێ بنوێ.
ناچار بە ماچ ژنەکەی بەخەبەر دێنێ
لە ناکاو: بۆچی کەپووی کچەکەم لە هی من ناچێ؟
قاقا پێدەکەنێ: ئاه DNA .

قاقا پێدەکەنێ لە سەعات چوار و نیوی
بەیانییەکی مانگی ڕەمەزان
بە ماچێك ژنە بەڕۆژووەکەی بەخەبەر دێنێ
- بۆچی رەنگی چاوی کوڕەکەم
هەمان رەنگی چاوی من نییە؟
بە تووڕەییەوە: ئاه DNA .

بەیانی کە دووش دەکا
بە DNA پێدەکەنێ و بیری دەکەوێتەوە
ئەو شەوانەی رەمەزان
چەند حەزی لە سێکس بووە بەسەرخۆشیی!

# ترس لە ترسان

لە چ دەترسێم من؟

ئەو نهێنییە نادرکێنم
بەڵام هەمیشە لە جەستەمدا
بەدوای سەرچاوەی ئازایەتیدا دەگەڕێم
بۆ ئەوەی بزانم
بۆچی و لە چی دەترسم؟

# من له سه‌دای ره‌نگی خۆم نیم

من، من نیم و من له سه‌دای ره‌نگی خۆم نیم
من له من نا.. من هه‌رگیز له من نا..
من له تۆم.

ژنێك بۆم ده‌نووسێ:
برۆ بنوو كوره‌كه‌م (تا) نا، تۆ بوركانت گرتووه.

كه‌وابێ
من، من نیم و من له سه‌دای ره‌نگی خۆم نیم
من له من نا.. من هه‌رگیز له من نا
من له تۆم.

**ژنێك بۆم دەنووسێ:**

**وریێنە مەکە کوڕەکەم،**

**(تا) نا، تۆ بوومەلەرزەت گرتووە؟**

**دەڵێم: بورکان و بوومەلەرزە نا**

**من سەرەتانی مەمکەکانتم لێیە**

**بۆیە دڵنیام**

**من، من نیم و من لەسەدای رەنگی خۆم نیم**

**من لە من نا.. من هەرگیز لە من نا..**

**من لە تۆم.**

## له من له دایکبه

"له کونەکانی تەونی عەنکەبوتەوە
له ئاسمان دەڕوانم"
پرچی به پەلکەزێڕینە و خەون دەشوا.
به _با_ مەمکەکانی وشك دەکاتەوە و
دەیەوێ له مندا له دایك بێ..

قەینا تۆیش له من لەدایکبە
وەك ئەوانەی جانتای پڕ له
میکیاج و گوارە و شیعریان تێکنا و
چوونەوە بیابان.
وەك ئەوانەی بەنێو ئۆقیانۆس و ئۆتۆبانەکاندا
به ڕووتی چوونەوە ئەفسانە
تۆیش له من لەدایکبە و بڕۆ، وەك من
کە گۆڕستانی خۆمم.

لەژێر ئەو ماسوولکانە (کە پەراسووە)، دروستبە و بڕۆ
لەناو ئەو دارستانی بەردە (کە دڵە) دروستبە و بڕۆ
لەناو تەیارە، بەدەم شیعر خوێندنەوە بنوو
سەرت بخە سەر شانی با و بنوو
دەزانم وا دەزانی ئەوە منم.. ئێ ئەو هەر منم
تۆیش لە من لەدایکبە و بڕۆ، وەك من
کە لە خۆمدا دەتنێژم
کە لە خۆتدا دەمنێژی
دەزانم وا دەزانی ئەوە منم.. ئێ ئەو هەر منم
تۆیش لە من لەدایکبە و بڕۆ، وەك من
کە گۆڕستانی ژنانم.

# پێویستیمان بە نوور بوو

وەك ئەوەی یەکێ بیەوێ ئیغتیسابی ئاسمان بکا
دەستی بنێرێ و ئەستێرەیێ دابەزێنێ
هەر ئاوا دەستی چەپەم بە زۆر نایە
ئاسمانی سینەیی و
مەمکی راستەیم گرت
چونکە بەو شەوە لە تاریکیی ناو سەیارە
پێویستیمان بە نوور بوو..

شاعیرێك گوتی:
گوناحە مەمك حیجاب بکرێ.

## کەس ئاگای لە خاك نییە

کەرێکی لەش تاریکم دیت
لە تەنیشت قەسابخانەیەك
گۆشتی سەگێکی تۆپیوی دەخوارد.

لە رێستورانتێکی شووشەییدا
سەدان مرۆڤم دیت
گۆشتی ماسی ڕەنگاوڕەنگیان دەخوارد
کە بە گۆشتی کەری تۆپیو قەڵەو ببوون.

لەو سەرزەمینەدا
هەمووما‌ن یەکتری دەخۆین و
کەسیش نایەوێ لەبیری بێ
کە خاك هەموومان دەخوا.

## عاشقەکان جۆرێکیتر دەبینن

دەتەوێ راکەی، خۆت لەناو ڕاکشان دەبینییەوە

ڕادەکشێی، ڕاکردن سواری سەرت دەبێ.

دەتەوێ بژی، دەمری

دەتەوێ بمری،

مردن لەبەرت رادەکا.

کۆتاییت دەوێ..

خۆت لە دەسپێکێکی نوێ دەبینییەوە.

عەشق ژیانی عاشق وا لێ دەکا

هەموو شتەکان جۆرێکیتر ڕووبدەن.

## قاوەیەکی پڕ لە خوێ

□
□
□
□

بەیانیان
کە دەست بەرزدەکەمەوە و دەڵێم:
قاوەیەکی پڕ لە خوێ
هەموو خەڵکی ناو کافتریاکە
تەماشام دەکەن
تەنیا ژنێك نەبێ.

بەیانیان
کە دەست بەرزدەکەمەوە و دەڵێم:
قاوەیەکی پڕ لە خوێ..
نامەوێ هیچ یەك لە خەڵکانی
ناو کافتریاکە تەماشام کەن
تەنیا ژنێك نەبێ.

# نامەوێ دەریا ببینم لە بەیروت

دەرگای ژوورێکی هوتێلەکە لەسەر شار قفڵ دەدەم و
لەسەر مەمکی چەپی، بە _با_، دەنووسم: دنیا.
پەردەی پەنجەرەی بالکۆن بە ڕووی دەریا دادەخەم و
بە نیڤیا، لەسەر مەمکی راستی دەنووسم: ئاو.

وا دەکەم دراوسێکانمان لە نهۆمی یەکەمەوە
تا دوا نهۆمی ئاسمان
لەبەر هانکە هانکی سەر قەروێڵەکە
تەلەڤزیۆنەکانیان بشکێنن.
دەست لە مەلەی بەردەوامی ناو سایتەکانی نێت هەڵگرن.
دەموچاویان بە گەردەلوول و بوومەلەرزە بشۆرن .

دەهێڵم خۆیان نەهێڵن لەبارەی پرۆگرامی بەیانی بدوێن.
وا دەکەم هەندێکیان تەمەننا بکەن.. ئەویدی تف..
سێیەمیان خەیاڵ..
نا خەیاڵ نا.. بە چاوی خۆی بمان بینێ ..
وا دەکەم پێکەکانیان بشکێنن..
پەنجەرەی بالکۆن بکەنەوە و دەریا بە رووتی ببینن
ستیان لەبەر دەرگای ژوورەکانیان بکەنەوە و
حەزیان لە فەوزای ناو تاریکیی ژوورێکی رووناکی تاریك بێ.

من پەردەی پەنجەرەی بالکۆن بە ڕووی دەریا دادەخەم و
بە نیڤیا، لەسەر مەمکی راستی دەنووسم: ئاو.
دەرگای ژوورێکی هوتێلەکە لەسەر شار قفڵ دەدەم و
لەسەر مەمکی چەپی، بە تۆو دەنووسم: دنیا.

# دوو سەد کیلۆگرام گران بوو

لە بێ ئیشی ژنێکم ناسی
تەنیا، دوو سەد کیلۆ گرام گران بوو
سەگێکی هەبوو دوو سەد گرامیش
سووك نەدەبوو
کە دەستم دەکرد بە ماچکردنی
حەپەی سەگ هەموو شاری دەتاساند

ئێستاش
زۆرم پێ سەیرە
کە سەگێکی ئاوا سووك
غیرەی لە ژنێکی ئاوا گران دەکرد.

## که له گەراج وەستام ناوم بنێن سەیارە

پیاوێکی گەورەی قژ درێژ له گەراجێك وەستابوو.
برادەرێکم دەیگوت:
دەبێ ئەو سەیارە بای چەند بێ؟

یەکشەممەیەکی ساردی ئەڵمانیا
پیاوێکی کەچەڵ له کەنیسەیەك هاتە دەر
هەمان برادەرم دەستی دۆقەی درێژکرد و گوتی:
خۆشحاڵم بە ناسینت ئەی حەزرەتی مەسیح.

برادەرێکم له گەراجێك وەستابوو
پیاوێکی گەورەی کەچەڵ دەیگوت:
دەبێ ئەو سەیارە بای چەند بێ؟

یەکشەممەیەکی ساردی بیلەفێلد
هەمان برادەرم له کلێسە هاتەدەر
پیاوێکی قژ درێژ دەستی دۆقەی درێژکرد و گوتی:
خۆشحاڵم بە ناسینت ئەی حەزرەتی مەسیح.

# کێ نالێ دۆزەخ، بەهەشتە؟

کە بیر لە دۆزەخ دەکەمەوە
دەبێ چ جیاوازییێکی هەبێ
لەگەڵ ڤینیسیا، مەسەلەن؟

یا ئاسانتر:
کێ نالێ دۆزەخ، بەهەشتە
یا هەولێر؟

## موحەجەبەیەك لەناوەڕاست

لە باكوور، هوتێلێك هەیە
لە نزیك پەنجەرەی ژوورێكی ئەو هوتێلە بوەستە
من لەنێوانی دەریای سپی ناوەڕاست و
ئۆقیانۆسی ئەتڵەسیدا دەبینی..
لە باكوور، هوتێلێك هەیە
لە نزیك پەنجەرەی ژوورێكی ئەو هوتێلە بوەستە
من لەنێوانی ئەوروپا و ئەفریقیا دەبینی.
من كچێكی موحەجەبەم
(ئیلین)م ناوەو دایكیشم (تەنجە).

لە نێوانی ئەفریقیا و ئەوروپا و
ئۆقیانۆسی ئەتڵەسی و
دەریای سپی ناوەڕاست
ژوورێكم بۆ گرتووی

كەی دێی بە رووتی بمبینی؟

## پزیشكێك، كە من بوختانی پێدەكەم

گریمان، منداڵێكت بوو عەنكەبووتیی
دوو دەست و شەش قاچی هەبوو.. نەشتوانێ رێبكا.
یا شێوەی بۆق بدا و حەز بە فڕین بكا.
یا قەزەمێكی قەمبووری لاڵ، حەز بە یاری لەشجوانی بكا.
یا مەنگۆلێكی نێرەمووكی كوێر، حەزیش بە زەواج بكا.
یا دكتۆر بزانێ تەنیا 13 ساڵ، ئەویش لەسەر پشت دەژیێ.
یا تەنیا كەللەی سەری گەشە بكا.
یا دەست و قون و دوو قاچی منداڵێكی دی
لە سینگی هاتبێتە دەر و نەشمرێ.

برادەرێكی پزیشكم هەیە دەڵێ:
ئەوانە پەرجووی تراژیدی ئاسمانن نەك
منداڵەكەت بە ساغی بێ و بە ساغی گەورەبێ و
دواجار خوێڕی دەرچێ
جا چییە دەبا دەرچێ.. خوێڕی خوێڕی.

## هیچ چوونە دەرەوەیەك نەماوە

لەناو ئەو هەموو گیانلەبەرەی دەرەوە و ناوەوەی مندا
خۆم لەناوەوە و تەنیشت خۆمدا دیتەوە
دەبا دەرگاکانی دنیا
بەسەر هەنگاوە رەنگاوڕەنگەکانم دابخرێ.

پێمخۆشە کە هیچ چوونە دەرەوەیەك نەماوە
بۆ هاتنە ژوورەوە.
پێمخۆشە کە
هیچ چوونە ژوورەوەیەك نەماوە لەپێناو دەرەوە
لە ژوورەوەی مندا، بەرەو دەرەوەی خۆم.

## هەموو شتێ دەبینم خۆم نەبێ

خۆم دەخەمە نێو جانتایەك
جانتاكە فڕێ دەدەمە نێو سندووقی سەیارەكەم و
سولفێك لێدەدەم..
خۆم دەبەمەوە ئەو زەمەنەی
كە بە درەوشانەوەی پێكێ عەرەق رۆشنە.

لەوێوە دەڕوانم

نووسەرێك خۆی خستۆتە نێو
عەلاگەكەی دەستی و
بەرەو زبڵدانێك بەڕێوەیە.
خێڵێك كراوەتە لیوا
لە بەشی قەسفی عەشوائی.
فیتەرێك قەروێڵەیەك دەكڕێ و
شەوانە لە ژێریدا دەخەوێ.

نوکتەیەك ئەبەدی دەگیرێ
چونکە یەکێکی لە پێکەنیندا کوشتووە.
شاعیرێك بۆ ئازادیی نانووسێ
چونکە شەڕ لەماڵەکەیدا نییە.
ڕەخنەگرێك کە وڵات جێدێڵێ
شاحینەیەك شەکر لەگەڵ خۆی دەبا
چونکە گوێی لێ بووە، غوربەت تاڵە.

خۆم دەخەمە نێو جانتایەك
جەنتاکە فڕێ دەدەمە نێو سندووقی سەیارەکەم و
سولفێك لێ دەدەم..
خۆم دەبەمە ئەو زەمەنەی
کە بە درەوشانەوەی کوپێك عەقڵ ڕۆشنە
لەوێوە دەڕوانم
هەموو شتێ دەبینم خۆم نەبێ.

## ئاو هەزاران ڕەنگی هەیە

ماوەیەکە تەواو
بڕیارم داوە قەرویڵەیەك لەناو بەرد رابخەم و
(لاڵی)یشم خۆشبوێ
ژنەکەم دەڵێ:
سێ ساڵە لێرەین و سێ جار
دەرگای ژووری میوان نەکراوەتەوە!
دەڵێم: پێکەوە ژیان، وەك خۆشەویستی وایە
برادەرێکی شاعیر گوتەنی
"خۆشەویستیش، سەگێکە لە دۆزەخ".

ناچارم دەبێ سیسەمەکە بگوازمەوە.
ئەو جارەیان لەناو _ئاو_ی ڕادەخەم و
بڕیاریش دەدەم وشەی (بێ ڕەنگیی)م خۆشبوێ
برادەرێکم دەڵێ:
برا، ئاو هەزاران ڕەنگی هەیە.

قەروێڵەکەم دەبەمە ناو ئاگر و

ئیمێل بۆ سەرنووسەری رۆژنامەکان دەکەم و

دەڵێم: وشەی دژی (بەرد و بێ ڕەنگیی)م خۆشدەوێ..

منداڵێکی رۆژنامەفرۆش دەڵێ:

دەی بەس بۆ سفرە، رۆژنامەیەك بکڕە.

دوایین دەرگا، خاکە

سیسەمەکانم

لە ناو بەرد و ئاو و ئاگر دەکێشمەوە و

لەسەر خاکی دادەنێم

مەلائیکەتێك دێ، ئێمە پێیدەڵێین عیزرائیل

بەپێکەنینەوە: خاك لالێکی بەخشندەیە.

لەوەشیان زۆر بێ گومان نیم..

بۆیە قەروێڵەکە لەناو خۆمدا رادەخەم.

## هەندێ شت هەن لە ژیان لەبارترن

هەندێ شت هەن لە مردن نالەبارترن:

- لەبەر ژنەکەت تووشی نەخۆشی ترسان بێیت
نەبادا خیانەتت لێ بکا.
- شێفەکەت وا رابێنی حیسابی رۆبۆتت بۆ بکا.
- زۆربلێ بیت و وابزانیت لالێیت.
-لالْ بیت و وا بزانیت زۆر بلێییت.
- دز بیت و وا بزانیت پاکیت
- پاك بیت و هەولبدەی بلێی دزم.
- پلان بۆ سەرخۆشبوون دابنێیت.
- لەترسی جەڵتە، بەس ماسی بخۆیت.
- لە خۆتەوە گەردوون بخوێنیتەوە.
- لە کوخی خۆت نا، لە بازارێکی دەرەوەی خۆت بژیت.
- بە زۆر بتەوێ ژنێك بکەیتە مێژوو
ئەو بە پێکەنینەوە بەسەر ئێسك و پرووسکتدا بڕوا.
- بەبێ هۆ رکت لە شیعرێ بێتەوە و
رووبەڕووش بلێی: لە چاو تۆ خۆر وەك
ئاگری چەرخ وایە.

هەندێ شت هەن لە ژیان لەبارترن:

- لە ژووری گۆرانییەك دانانیشم کە حەزم لێی نییە..
- هیچ شتێك بە زۆر نابێتە مێژوو..
- هەمووشی نەبێ، بەشێك لە نەزانی هەڵدەوەشێنمەوە.
- من پێوەری تۆ نیم.. کەسیش هی سەرزەمین.
- سەرخۆشبوون پلانی بۆ نییە.
- نە زۆربڵێ دەبم و نە حیکمەتێکیش هەیە لە لاڵی.
- ئەخز و عەتا هەیە لە پەیوەندی نێوان تۆ و ژیان.
- گومانی زۆر، یەقین درووست دەکا.
بێگومان خیانەت خۆشە بە تایبەتیش لە سێکس
لێرەدا پەیوەندیمان بەوانە نییە
کە ئەو قۆناغەیان جێ هێشتووە.

بە کورتی:
هەندێ شت هەن لە مردن نالەبارترن
هەندێ شت هەن لە ژیان لەبارترن.

## دنیا ئاوایە

کەرێك 24 سەعات
گوێ لە (فلووتی سیحری) مۆزارت دەگرێ و
رکیشی لە ڤاگنەر دەبێتەوە
رەنگە هەر لەبەر ئەوەبێ کە هیتلەر خۆشی دەویست.
کەرێك لە پرۆگرامی داناوە، لە هاوینی داهاتوودا
بەراوردێك لەنێوانی
فلووتی سیحری و خۆشەویستیی قەدەغەکراودا بکات
بەڵام لە ئێستاوە بڕیاری داوە
ڤاگنەر بە دۆڕاوی لەنێو گەمەکە بێنێتە دەرەوە.

12 ساڵە، هەموو شەوێك سەعات 23
کوێرێك بەدەم چیپس خواردنەوە
تەماشای دراما تەلەڤزیۆنییەکان دەکا
دەیەوێ لە نیسانی داهاتوودا
لێکۆڵینەوەیەك لەسەر گۆشەکانی وێنەگرتن بکات..
لەبەر هەستێکی نەتەوەیی بەرز لە ئێستاوە بڕیاری داوە
لە دیراسەکەیدا بەرانبەر دراما تورکی و عەرەبییەکان
ستایشی درامایەکی دوو حەڵقەیی کوردی بکات.

لالێك لە سانتیاگۆ بێرنابیۆ لە یاری كلاسیكۆدا
بە مەبەستێكی سیاسی خیتاب دەدا
هیچ گرنگییەك بۆ مەعنا دانانێ لەو هونەرەدا
بڕیاریشی داوە لە دكتۆراكەیدا ئەوە بسەلمێنێ.

ئەندامێكی بێ قاچ لە ڕێكخراوێكی مین هەڵگرتنەوەدا
لەبەر بێ ئیشی بڕیارداوە چەند نمایشێكی باڵێ
بۆ ئەو كەسانە بكات كە دەستیان نییە
بڕیاریشی داوە شێوازێكی نوێ
بەسەری پەنجەكانی پێیەوە بێنێتە نێو ئەو سەمایە.

گەنجێکی ساویلکە وا دەزانێ ساڤۆ پیاوە
گوێی لێ بووە
کە ئەلێکساندەری گەورە تەنیا داگیرکاربووە و
فۆکو حەزی کردووە هۆمۆکان لە بەرلین پێشەنگای
دەستنووسەکانی بۆ بکەنەوە و
لە مەحفەلێکیشدا گوێی لە ناوی رامبۆ بووە
هیچیشی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان
ئازادییەکان و هۆمۆ گوێ لێ نەبووە
کەچی لە یەکەمین شیعریدا وا دەزانێ ئەگەر بڵێ هۆمۆم
ئەوا پرۆست و ئۆسکار وایڵد و تۆماس مەن دەسڕێنەوە.

دنیایە وایە
کەر بەراوردی مۆزارت و ڤاگنەر دەکا
کوێر لێکۆڵینەوە لە دەرهێنان دەکا
بێ قاچ شێوازێکی نوێ لە بالێ دەدۆزێتەوە
لاڵێك بۆ هەزاران کەس خیتاب دەدا
گەنجێك لەپێناوی شیعر بوختان بە خۆی دەکا
یەکێکیش لەو شیعرەدا چەندین ناو ریز دەکا

من چ هەڵلامە؟
دنیا ئاوایە.

# دەبەنگترین

دەبەنگ..

بڕیاریداوە ئەوە بکا، کە بە دڵێ نییە.

دەبەنگتر..

فێربووە فێربێ

ئەوە دووبارە بکاتەوە کە بە دڵی نییە.

دەبەنگترین..

فێربووە فێربێ

دەرەوەی خۆشی فێربکا

بە درێژایی ژیانی ئەوە بکا کە هەرگیز بە دڵی نییە.

گامێشێك دەبینین بەدەم زەلاَّتە خواردنەوە

دەیەوێ مانگی نێوان شەمس و مەولانا بکوژێنێتەوە.

# له خۆم ناڕازی بووم

له خۆم ناڕازی بووم.. هەوڵمدا
جگەرەم تەرك كرد و ژیانمم گۆڕی.
له خۆم ناڕازی بووم.. هەوڵمدا
نادی و تەلەفۆنكردنی نیوەشەوانم
بۆ ژنه به ماڵ و منداڵەكان تەرك كرد و
ژیانمم گۆڕی.

له خۆم ناڕازی بووم
به خۆمم گوت: هەموو شتێ دەگۆڕێ، تۆ نەبێ!
هەوڵمدا هەوڵمدا
ویستم له دەست منداڵەكانم
كه لەبەر ئەوان جگەره و نادی و
تەلەفۆنكردنی نیوەشانم
بۆ ژنه به ماڵ و منداڵەكان تەرك كردبوو
ئەلكحول تەرك بكەم و ژیانم بگۆڕم

بەڵام نا.. (سلێمان)ی برادەرم کە ماوەیەك
دەرسی گراماتیکی ئیرۆتیك و
زمانی ژیانی پێدەگوتم
بە نەرمییەوە گوتی:

تازە پۆشاکەکانت فڕێداوە
چۆن دەیانپۆشییەوە؟!
قاچەکانت شۆریون برادەر
تازە چۆن پیسیان دەکەیەو ؟!
راستی دەکرد
تازە پۆشاکەکانم فڕێ دابوون
چۆن دەمتوانی بیانپۆشمەوە
قاچەکانم تازە شۆریبوون
چۆن دەمتوانی پیسیان بکەمەوە؟!

## بەرلین، دیسێمبەری1997

1997.. لە تاریکییەك

لە یاختەکە دابەزین و خۆمان و پاڵتۆ رەشەکانمان

چووینە ناو (Night Club)ە، سۆرتاریکەکە.

1997.. لە تاریکییەك کە سپی دەچۆوە

لەناو (Night Club)ە، سۆرتاریکەکە

دەیان ماسی رەنگاوڕەنگ دەورەیانداین.

برادەرەکەم کە پێی وابوو، ئەو نیشانەی (؟)ی دۆزیوەتەوە

لە ماسییە رووتەکانی پرسی:

پوشکین.. "ئەلێکسەندر پوشکین" دەناسن؟

گوتم: ئەوانە زیاتر جۆرەکانی ئەلکحول دەناسن، پرۆفیسۆر.

برادەرەکەم کە پێی وابوو، ئەو نیشانەی (!)ی دۆزیوەتەوە

به ماسییە رووتەکانی گوت: مایکۆڤسکی
سەیرە، کە "ڤلادیمێر مایکۆڤسکی" ناناسن!
گوتم: ئەوانە زیاتر جۆرەکانی پارە دەناسن، پرۆفیسۆر.
برادەرەکەم کە پێی وابوو، ئەو نیشانەی (.)ی دۆزیوەتەوە
لە تاریکییەك کە سپی سپی دەچۆوە
رێگام پێیدا رێگا بدا لەگەڵ مەلائیکەتێکی رەش
بچمە قاتی دووەم، لە ئەپرتمانێکی سپی ناو
سەنتەرێکی سپیتری بەرلین..

کە هاتمەوە گوتی:
وەك ناخی ئەفریقیا رەش داگەڕاوی لە خۆشیدا.
راستی دەکرد من وەك گورگێکی قوتبی
سپی داگەڕابووم لە خۆشیدا.

## سیسرکەش ئینسانن

پێشتر، بە چەند ساڵ ئەوجا جارێك دەگریام.
دواتر هەر ساڵ و جارێك.
لەو دواییە هەموو شەوێ.
لەو دواییە هەموو شەو گریان نا
بەڵام بە دزی منداڵەکانم  فرمێسك هەڵدەوەرێنم.

شەوێك فرمێسك هەڵدەوەرێنم
لەبەر ئەوەی مێردەکەی لە تەنیشتی دانیشتووە
ناتوانم  قسە لەگەڵ ژنێکی دوو گیان بکەم.
شەوێك لەبەر یەك رستەی رۆمانێکی 500000 رستەیی.
شەوێك لەبەر غەریبی کردنی برادەرێك
کە غەریبیشی ناکەم.
شەوێك لەبەر مەشهەدی یەکێ لە دراماکان
بێ گومان  ئەگەر رۆژ بووایە پێدەکەنیم.
شەوێك لەبەر ئەوەی وا دەزانم
ئەوە منم دنیا بەڕێوە دەبەم.
شەوێك بەس تەنیا لەبەر ئەوەی شەوە.

له هەموو ئەو شەوانە
دەنگێك هەمیشە هەیە و
لە هەڵوەراندنی فرمێسکەکانم دەکا
دەنگی گێسك لە دەستی ژنەکەم
کە راوی سیسرکە دەنێ و دەیانکوژێ..

من هەڵەبجەم دێتەوە یاد.

دەڵێم: خۆشەویستەکەم
ئەوانیش وەك ئێمە ئینسانن
مەیانکوژە
با شوێنێکیان بۆ دانێین وەك حەیوانی ماڵیی..
یا بەلایەنی کەم با وەك خۆمان بەخێویان کەین..

ژنەکەم دەڵێ:
لەبەر شەریفی نییە
بەڵام کحول وا لە مرۆڤ دەکا..

من بە پێکەنینەوە: کەوابێ
بۆ مرۆڤ هەمیشە مەست نەبێ؟

## ئەو شارە

## چەند لە دنیا گەورەترە؟

ڕۆژی یەکەمی قیامەت
هێشتا هەولێر هێندەی مەیموونێك نەدەبوو
کە سایەقی تاکسی
لە ئاوێنەکەی بەرانبەری
بە بزەیەکەوە دەستی لە سمێڵی داو گوتی:
_خانم، دەڵێی نازانی بەرەو کوێ دەچی؟

له بەیانی رۆژی یەکەمی حیسابدا
تۆ سەرت نەوی کرد و له sms ێکدا نووسیت:
سایەقی تاکسی
له ئاوێنەکەی بەرانبەری
بە بزەیەکەوە دەستی له سمێڵی دەدا و
دەڵێ: خانم ئەگەر هیچ جێت نییە
ئەوا هەیکەلی خانووی تەواو نەکراو..
قەبرستان..
سندووقی سەیارە..
ژووری شۆرینی مردووان و
پەنا دیوار، زۆرە.
دەی بۆ پێم ناڵێی: من بەرەو کوێ دەچم؟

لەو کاتە، من و ژنەکەم له ناندین
بیرمان له راگرتنی غەزووی ئەو مشکانە دەکردەوە
کە بەسەر پشتی ئەسپەوە بۆ ئەوە هاتبوون
گامێشی سەر قووتییەکانمان لێ ببەن..
مۆبایلەکەم کوژاندەوە.

**لە نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەمی دۆزەخدا**

**تۆ لە کۆڵانێك بووی ئاسمانەکەی بەرد..**

**بەردی چی!؟**

**بورکانی ئاسنی دادەباراند.**

**99 زەنگت لێدا..**

**من لە نامەیەك بۆم نووسی:**

**دکتۆرێکی باشی دەروونی پێدەزانم.**

**ئیدی لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژی زەمهەریردا**

**حوشترێك دەناسم لەسەر پشت دەخەوێ.**

**مەیموونێك لەناو گەڕاندا بە دوای گەڕاندا دەگەڕێ.**

**کیسەڵێ ئۆرگازمۆزێك قەرداره و لەناو بیرەکاندا**

**بە دوای خاوەنی قەرزەکەدا دەگەڕێ.**

**ئیدی لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژی ئاگردا**

**"باشترین پیاو ئەوە نییە کە دەتوانێ کاسەکەی**

**لە مەسرەفی ژنەکەی زیاتر پڕ بکاتەوە**

**ئیدی لەو ڕۆژەوە**

**سەر تەنیا بۆ ئەوە خڕ نییە**

**تا بتوانێ بە هەموو شێوەیەك بیر بکاتەوە"**

لەو رۆژەوە لە فەرهەنگەکان
پێچەوانەی ترازان هەر ترازانە و
پێچەوانەی ونبوونیش تەنیا ونبوون.
لە ئێوارەی یەکەم رۆژی مردن و زیندووبوونەوەدا
تاگێد و هەیکەلی خانووی تەواو نەکراو..
قەبرستان و بادۆ ..
ناو سندووقی سەیارەکان و تویتەر..
ژووری شۆرینی مردووان و
پەنا دیوار و فەیس بووك و
بن دار و جسر و بەردی بەهەشت و جەهەننەم نەما
لە دواتی نەکەم..
تازە پێچەوانەی رۆیشتن هەر رۆیشتنە و
پێچەوانەی نەدیتنەوەش، نەدیتنەوە.

ئیدی لە ئێوارەی ئەو رۆژەوە

ئەرێ دەزانن هەولێر چەند لە دنیا گەورەترە؟

# هەڵوەشاندنەوەی شەیتان

وا لە تاوەرە جمکەکە دەکەم

لە 11ی سپتێمبەر، سینگی شەق بکا.

بە هێوریی دڵی دەردێنم و

هەر دڵۆپێك لە خوێنی هەڵدەمژم

با بۆنی جەستەشی بۆ

Grenouille ی بێ..

نەبادا خاك بە بۆن و خوێنی ئەو سەوز بێ.

با دەستەکانی بۆ با بێ.

قاچەکانی دەدەینە تەیمور

کەپووی دەخەینە ناو یەکێ

لە مەحرەقەکانی هیتلەر

چاوەکانی فڕێ دەدەینە قووڵایی زەریا

زمانی بۆ گۆڕەپانی نێوان

جەنگاوەرانی هوتو و توتسی

لەبەر یەکی هەڵدەوەشێنینەوە

هەر پارچەیەکی بۆ لایەك

بەڵام هەمدیس دەژییێتەوە

چونکە لە دەسپێکی ئەو شیعرە..

لە دڵۆپەکانی خوێنیم هەڵمژی..

جا من ئەو هیلاکییەم  لە چییە؟

تا مرۆڤێك مابێ تۆ نامری.

# من X

**من X**

**له دایکبووی نێوانی**

**کلێسەیەکی رەشی بچووك و**

**قوببەیەکی سپی گەورە.**

**له دایکبووی نێوانی خاچێکی شین و**

**شمشێر و شیرێکی رەش.**

**له دایکبووی نێوان**

**سەرزەمینێکی رەش و ئاسمانێکی سوور**

**یا ئاسمانێکی رەش و سەرزەمینێکی سوور.**

من X

له دایکبووی تەنیشت

ئاخورِ و گووفەکێکی گەورەی خۆرهەلاّت و

دارستان و گەرِەك و پاسێکی بچووکی خۆراوا.

لەدایکبووی نێوانی خۆرێکی رەساسی و

پەلکەزێرِینەیەکی رەش و سپی..

لەدایکبووی نێوانی رۆژێکی موحەجەبە و

شەوێکی تەنیا بە ستیان.

له دایکبووی کارلێکی نێوانی

مس و مەمك

ران و ئاسن

گۆپکە و نووکی حەربە.

منX

له شەش ساڵی

لە ژێر تیشك و درەوشانەوەی قەسفی

تەیارەکانی ئیمامێکدا،

بە گووفەکێکدا تێدەپەڕم و

قەلەقیی دەبێتە دەوی شەیتان..

دەوی دێو.. دەوی - با - .. چوزانم..

نیوە شەوێ، مەیمونێك لە رادیۆ خیتاب دەدا:

X -

کاتبوونی ئاو..

کاتبوونی هەوا و خاك..

کاتبوونی ئاگر..

هی ناوەڕاستی چاخە

دەی با ئەویش بێ.

دەڵێم: ئاخر بۆ..؟

بەشێك لە شوانە گەورەکانی مالأت و مەیمون

وەلأمیان دەدایەوە: (الله یحفظ قائدنا).

شاعیرێك دەیپرسی:

پەنجەی ئەو پەپوولانە لە کوێ هەڵدەوەرێنن؟

شاعیرێك کە مەستدەبوو

هەر بۆ وروژاندن دەیپرسی:

ئەنفال؟ هەڵبجە؟ نازانم ئەو شتانە؟

بەشێك لەوانەی بە رژانی خوێن

زەوقیان هەڵدەستا

دەیانگوت:

(الله یحفظ قائدنا).

من X

بۆ خوێندنەوەی سورەتی یوسف

لەتەنیشت قوببەیەکی سپی گەورە

کە بەرانبەر

خاچێکی بچووکی رەساسی بوو..

غارم دەدا.. من غار دەدەم، بۆ ئەوەی ببینم

کە ترامێك دێ و یوسف دەردێنێ

بۆ ئەوەی یوسف نەبێتە _با_ و نەبێتە هەڵم

من بە حەماسەتەوە  غار دەدەم

من غار دەدەم بۆ ئەوەی باوکم نەبەنە (فاو)

(بەشێك) لەوانەی

تاریکی لە رووناکی دەبینن

یا بەس تاریکی لە رووناکی و تاریکیش دەبینن

دەیانگوت:

(الله یحفظ قائدنا).

من X

یاریزانێکی فوتبۆڵ لەسەر گووفەك و

تەڵەبەیەکی تەنبەڵ و

هەمیشەیش ناجیح..

لە شەشی ئیعدادیە دەمویست ماتماتیك بخوێنم

کۆلێژی شیعر وەریگرتم.

لەو کۆلێژەدا،

ئەدەب

نەك تیۆر و یاساکانی ئەدەبیات مەبەستم بوو.

مامۆستاکانم

(انا لله وانا اله راجعون)..

مامۆستاکانم.. بەشێکی زۆریان:

(إن الدين عند الله الإسلام

ومن يبتغ غير الإسلام دينا

فلن يقبل منه وهو في الاخرة من الخاسرين).

مامۆستاکانم

هەمووشیان نا، تەنیا یەکێکیان

یان چەند یەکێکیان نەبێ.

**لە کاتی خوێندنی ئەکادیمی**

**وەرگرتنی یاساکانی بێ ئەدەبی**

**تۆفان هات**

**من پێکێکم لێدا و تەواو..**

**دەبووایە بڕۆم**

**بەرەو کوێ؟**

**خۆشم نەمدەزانی..**

**شیعر گوتی:**

**تۆ بۆیە لەگەڵ _ با_ هەنگاو دەنێی**

**تا لەناو دارستانێکی دیکەی بەرد**

**لە دایك ببیەوە.**

پێش لە دایکبوونەوەم لە جێژەمەنێکی دی

لەناو سەحرایێ تاتۆ و

مەمك و تانگە

شەوێك لای

گەڕەکە پڕ لە خەونەکانی شاعیرێك مامەوە

ئاخ، هاتەوە بیرم

ئەو کچەی کە ئەو کاتە نەیدەزانی

باوکی

بۆ ئەوەندە شەڕی عیشق

بە خۆیی و بە ئاسمان دەفرۆشێ

دەبێ ئێستا تەمەنی چەند بێ؟

دەبێ بەلای ئەو (frankfurt am main)

یا (Köln )

(خۆش) یا (جوان) تر بێ؟

من X

ئێستا یاختێکی پەککەوتە دەبینم

یا لەگەڵ پاپۆڕێکی تەنبەڵ

یەکتر دەناسین، چوزانم..

یاخت یا کەشتییەکەی ناو (راین)

کەمپی پەناهەندەکان بوو

لەوێ ئەفریقییەکان

وێنەیان لەگەڵ رانی مریشك دەگرت.

ئەفریقیەکان ژنی ئەکبەر شارەزای

کارگەکانی درووستکردنی کیمیاوییان

دەهێنایەوە نێو حەمامەکانی کەشتی..

ئەفریقیەکان و کەشتییەکەی نێو راین

ژنی فیرعەونەکانی هێنایە یادم و

ئەفریقیەکان..

بەڕاستی خوا شانس

بە هەموو بەشەرییەت دەدا

هەر یەکە و جۆرێك..

دەمگوت: بۆ پیاو ئەفریقی نەبێ!

من X

لەبیرمە

ئەو کەشتییە پڕ بوو لە سیناریۆ

تورك خۆی بە عەرەب و

عەرەب بە فارس و

فارس بە کورد و

سوننە بە شیعە و

شیعەش بە ئێزدی و

ئێزدی بە مەسیحی و

مەسیحی بەغدایی بە مەسیحی موسڵاوی و..تاد

دەنووسی

کوردێکی شەش زمانزان، لەوێ تەرجەمەی دەکرد

من ترسم نەبوو

چونکە درۆیەکمان ڕێکخست بوو

وەکو ڕاستی وابوو.

من X

ئێستا خاڵم نیشتیمانمه

له کارگەیەکی تەنیشت بیلەفێلد له دایکدەبم

لەقەبم، ناوی عەشیرەتێکه و

دارستان پەنجەکانمه.

پاسی ژماره 177 روانینم و

پۆلۆنییەك قاچەکانم و

ئێزدییەك لووتم و

رووسێك عەقڵم و

کوردێکی عەلەوی زازا

که شیرێکی دوو دەوی لەنێو مەمکەکانی دایه

بەردێکه، من به تاشین

رۆحی پێدەدەم و

پلکم، بێ ئەوەی کلیەشی هەبێ، ئاسمان..

من X

هەوڵدەدەم لە بیستساڵیدا

دەماری دەستەکانم بخوێنمەوە و

وشەکانی سینگیشم، تەنیا سینگم بیخوێنێتەوە.

رستەی چاوەکانم  و واتاکانی بینینشم

فێرعەون میلۆدی بۆ دانێ و

مۆمیایش بیچڕێ..

من X

له شەقامی (هێرفۆرد)

لەناو رەحمی خۆم و برادەرێکم لە دایك دەبم..

لەناو وشەی کتێبەکان و

لەناو میلۆدی شۆڕشگێڕانەی

دەنگخۆشێکی شۆڕشگێڕی دواتر مەسڵەحچی و

لەناو لە دایك بوونەوە لە دایك دەبم

لە ژوورێك، کە هی نووستن و

سەرشۆرین و پێکەنین و هانکە هانك و

خۆڕازیکردنە بە واستەی

porno celebrity ، لە دایکدەبم..

لە (ڤێرتە شتراسە)

مێشکم فڕێ دەدەمە نێو زبڵدان

دوای چەند هەفتەیێ لە جیاتی خشینی کرم و

بەرزبوونەوەی دەنگی سەرەتان و

هاتو هاواری  ئیلتیهابی مێشك

پەپوولە هەڵدەفڕن..

من ئیدی ناوی دایکم — ئاو- ە و
خۆشم روونیی.
ئێستا لە ڤێرتە شتراسە
من تەنیا کوڕی رەحمی خۆمم
باوکم ناوی ئاوەو خۆیشم روونیی.

لە یەکشەممەدا دەنگی زەنگی کلێسە بێزارم ناکا
بەڵام یەکشەممانی ئەڵمانیا
جگە لە زەنگ و ناقوس،
جگە لە قەشە،
جگە لە تۆفان و بومەلەرزە و ئاسن
هەموو شتێ،
هەتا مێرووولەیش بێزار دەکا
زەنگێك بۆ (لیدیا) لێدەدەم و
دوای چەند دەقەیێ بیانۆیەك دەبینمەوە
بۆ ئەوەی دەریکەم..

زەنگێك بۆ سیمفۆنیای چلەمی مۆزارت لێدەدەم

دێ و

حەز بە مژینی خۆر نا

بە مژینی گێزەر دەکا..

بێ دەم شۆرین

دەچێتە لای سەلاجە

یوگوردێك دەردێنێ و بای ملاکێك لێی دەخوا

ملاکی دووەم بۆ دەمی من دێنێ

تووخوا کەستان دیتیە

ئەو هەموو ملیۆن بێچووەی خۆی بخوا؟

بۆیە ئەویش دەردەکەم.

sms ێك بۆ نۆیەمی بیتهۆڤن دەنێرم، زوو دێ

دەیهەژێنم، جیڕە جیڕی قەروێڵەکە دێ

تابلۆیەکی بزێو دەبینم

**تابلۆکە ئاوایە:**

**لە چواردە ساڵی رادەکەم**
**بێ وچان غار دەدەم**
**حەمامێك دێتە سەر رێم**
**لە ژێر دەرگاکە دەڕوانم**
**وێنەی هانکە هانك و ئۆرگازموز دەبینم**
**ژنێکە مێردەکەی انا للە و انا الیە راجعون**
**یان نا، بێ سەروشوێنە ئەو قارەمانە**
**بمانەوێ نەمانەوێ..**
**مرۆڤ حەزی لە ئۆرگازمۆزە**
**ترس دەمهەژێنێ.. ترس دەترسێ..**
**جیڕە جیڕی قەروێڵکە زیاتر دەبێ**
**من بەسەر پشت راکشاوم و**
**ئەودیو سەقفی کۆریتەکەم دەبیم**

ئاسمانێکی ساماڵی پڕ لە ئەستێرە
نۆیەمی بیتهۆڤن خەریکی حیجابکردنەوەی
مەمکەکانییەتی
بۆنێك، جوبە لەبەر مێشکم دەکا
نۆیەمی بیتهۆڤن.. نا نا
پێش ئۆرگازموز وا تێ گەیشتبووم
ئێستا (بێئاتە) دەردەکەم.
دەڕۆمە پارکێکی موحەجەبە بە گەڵا
لەوێ ژنێکی رووت دەبینم
ئێسکێك بۆ سەگێ هەڵدەدا.. بێزارم دەکا..
هەندێجار مرۆڤ حەزی لە جێگۆڕکێیە..
شاعیرێك وابوو ..کێ ناڵێ ئێستیایش هەروایە
دەمگوت: بۆ سەگ نەبووین؟

من X

تازە گەورەبووم

ئێستا بە شانس و نیازسزم

ئیدی بۆم هەیە بە پێخواسی و شۆرت و

تیشێردێکەوە

بەنێو مارکێت و

سەنتەر و پارکەکانی هەر گەڕەکێکدا رابکەم

باوکم لە نامەکانیدا دەنووسێ:

تۆ گەورەبوویت،

پێی عەیب بوو بڵێ: عەیبە

واز لە فوتبۆڵ بێنە و بخوێنە

حەزی دەکرد

علومی حەیوان بخوێنم

من نەمدەتوانی لە تیمەکەی خۆم دابڕێم

ئاخر ئەپۆلۆ دەستەوانەیەکی سپی پۆشی بوو

زیۆسیش گۆلکار

من لە ناوەڕاستدا یاریم دەکرد..

ئێستا من هەم حەڵقەی وەسڵ و

هەمیش سەنتەر بووم.

باوکم لە نامەکانیدا دەینووسی:

بە تەمای زیۆس بی، دۆڕان لە رێیە..

دواتر لە کوێت بیستووە
زیۆس بە ستیان، مەمکەکانی حیجاب دەکا؟
نەیدەزانی زیۆس لە جنسی سێیەمە
من دەمزانی لە معامەلەی کڕین و فرۆشتنی
مێگەلێك عاتیفە،
دوو مێگەل دووریی و
چەند مێگەلێك کاوڕ زەرەری کردیە.
ناچارم،
ئیدی قومار لەگەڵ ئەفرۆدێت ناکەم و
دەچمە (ئێل ئا گێ)،
ئەو دەمنێرێ بۆ ئەوەی بەشداربم
لە درووستکردنی ئەو زریپۆشانەی
کە ئەڵمانیا دەیفرۆشێتە سربیا..
میلۆسۆڤیچ پێدەکەنێ..
لەوێ رادەکەم.
دەچمە ئەو کارگە گەورەیە
کە ئیرۆس تەرخانی کردووە
بۆ ئینتاجی مۆدێلەکانی ماکیاج و ستیان
پارەیان کەم دەدا،
ئاخر من ئەو کاتە تەنیا بۆ پارە چووبووم..

تەحەمول ناکەم،
دەچمە (Hut)،
ئەوەندەی هەوڵدەدم
پیتزایەکی (تونفیش)م پێ درووست ناکرێ
بێزارم لە فەشەل
بۆیە دەڕۆمە غەسل
بەدەم سەیارە شووشتنەوە
یەهودییەك دەبێتە هاوڕێم و
دەرسی کەم مەسرەفیم پێدەڵێ
من زیاتر گوێ لە (حاتەمی تائی) دەگرم
کە خەریکی قومارە لە شپیل ئۆتیکێك
دەچمە (رەن شتاد) و دەمنێرن
تەنیا دووکەڵی دیواری(wc)ەکان تەنك دەکەمەوە..
بەو کچەی هاوکارم دەڵێم
کە دواتر بە سۆفت جەستەیم
پڕ لە حەرف و نەخش و شیعر دەکرد
من کاوڕ و مەڕی باوکمم ئێستا.
باوکم دارستانی منە و
منیش مەیمونێك، بەسەر درەختەکانی ئەو.

من X

باوکم لە هەولێر ئێسکێك هەڵدەدا

من لە (ئۆدگا پارك) رادەکەم

کچێك پێدەکەنێ

بەو کچە دەڵێم کە بە سۆفت و پەڕمووچە و

هێرۆگلۆفی

جەستەیم پڕ

لە شیعر و عیشق و

قەشمەریات و فرمێسك کردبوو

باوکم لۆگۆیەکی تایبەتە ئێستا

من دەبێ لە سینگی خوشك و براکانمی بدەم

کیژی من

باوکم لۆگۆی منە..

لۆگۆیەکی جیهانیی لۆکاڵ

یا لۆکاڵێکی جیهانی..

چوزانم.

منX

باوکم لە بەرەی گالیلۆ نییە..

ئەگەر تەعزیە هەبێ

ئەوا بێدڕدۆنگی

لەگەڵ (یوری گاگاری) بەڕێدەکەوێ و

لەگەڵ (نیل ئارمسترۆنگ)یش دەگەڕێتەوە.

منX

شاهێدی ئەو چاخەم

جارێ (بایەزید) گوتی:

بۆ ئەوەی لە (زیکە) یا (شلدیشە)

بچمە (یان پلاتچ)

یا لە سەحراییێکەوە بچمە بانهۆف

تەنیا پێویستیم بە قاچەکانمە..

قاچەکانم توانای بینینیان تیژترە لە پاس و ترام.

گوتم: راستە، ئەگەر حاجییێکی مەڕفرۆش

یا تاجیرێکی مەڕمەڕ و زێڕ، کە ئێستا حاجییە

بچێتە حەلەب

یا ئەنقرە

تەنیشت مزگەوتەکەی هوتێلی (ئەنیڵ)

یا (ئیکندۆفە شتراسە)

ئەوا لە ژیانیدا ناگەڕێتەوە...

ئەوە من نیم وا دەڵێم،

ئەزموون قسە دەکا.

حەللاج گوتی: ئەو قسانەی بایەزید

شتیتری لە دوا بوو

گوتم: قسە، قسە رادەکێشێ.

منX

ئەوان و باوکم، نازانن بۆ یەهوزا موخبیری کرد و

بۆ مەجدەلیەش ڕێگای دەدا

مەسیح چەند پەیژەیێ سەرکەوێ و

دیسان غلۆر بێتەوە..

باپیریشم لەوەی نەدەزانی

یەکێ خۆی بکردایە

پسپۆڕی زانستی ئەحیای زەریا و

ناوی خۆی نابووا، دکتۆری کیمیای بەرد و

لە هەمان کاتیشدا

تەفسیری شیعری بۆ بکردایە.

منX

درێژکراوەی باپیرانمم

بەڵام بە ستایلی ئەوان کوێستان و سەحرا ناکەم

بە ستایلی ئەوان نەخشی ڕەش لەسەر سپییەتی

هەڵناکۆڵم و

فەنتازیاشم جۆرێکیترە.

بۆنیان دەکەم

بەڵام لۆخۆم خاوەنی کەپووی خۆمم

لەگەڵ گالیلۆ بە دەوری زەمیندا پیاسە دەکەم..

بەلاّم بلێن: زەمین خڕ نییە، دەڵێم سێگۆشەیە.
رامبۆ لەنێوانی تورکیا-یۆنان
دەبێتە قاچاغچی
ئەگەر لە پێناوی ژنبازیبێ لەگەڵی دەچم..
گەر نا با قاچی ببڕنەوە
شیعر نەبێ چی کۆمان دەکاتەوە؟
دەبمە پاککەرەوە لە ماڵی (ناش)
کە ئێستا پەکی کەوتووە و
عەقڵی لەدەستداوە
عارەبانەکەی پاڵ دەدەم
سەری دەشۆم
بەس بۆ ئەوەی فێرم بکا
بە ئەستێرەکان بنووسم: شێواز..
ئەرێ بەڕاست ئێستا
شێواز چەند منداڵی هەیە..!!!
لە کێ دەپرسم من؟؟
بۆ ئەو رۆژە خۆم نەمپرسی کە لە
رێستورانتێك تووشی هاتم
سوێندم بە جوانیی،
هەر نەشمناسییەوە لەبەر قەڵەویی.

منX

جارێکیدی دەگەڕێمەوە،

دەگەڕێمەوە نیشتمان

نیشتیمانی من،

ئاه

ئاسمانی نیشتمانی من لە جیاتی باران،

شانازیی دادەبارێنێ.. عالیم دادەبارێنێ

جارێکیدی دەگەڕێمەوە، دەگەڕێمەوە نیشتمان

نیشتمانی من، ئاسمانی نیشتمانی من

پیرۆزیی دادەبارێنێ..

جارێکیدی دەگەڕێمەوە

دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی هەرنا دوو کەس ببینێ

من ئەو جارە لە نێوانی مزگەوتێکی گەورە و

کلێسەیەکی بچووك

لە (30)ساڵیدا

سەرلەنوێ

نەك لە سپێرمی کەڵەباب و هێلکەدانی مریشکێك

بەڵکو لە نێو رەحمی خۆمدا لە دایکدەبم

لەودەمەدا، نیشتمانی من

ئەو نیشتمانەی کە لە جیاتی

باران شانازیی دادەبارێنێ، گوتی:

سەیرە تۆ لەنێو رەحمی خۆتدا لە دایك بی.!!

شاعیرێ گوتی:

گومانی تێدا نییە کە غەریبە

خۆت هەودای خۆت و بەشەرییەت

بە دەستی خۆت ببڕی.

خۆت هەودای خۆت و منداڵەکەی ناو خۆت

بە جگەرەی شیعر ببڕیت..

گوتم:

هەوڵدەدەم کوڕی رەحمی

مێشك و دڵی خۆم بم

هەوڵدەدەم،

کەچی لە 34 ساڵیدا

دیسان لە دایك و باوکم لە دایکدەبمەوە.

منX

دەزانم رووناکی عەقڵ خۆشترە لە تاریکی دڵ

رووناکی دڵیش خۆشترە

لە رووناکی ماڵ و رووناکی عەقڵ و هەموو تاریکییەکان.

ئاه، ئەزەلییە کە رووناکی خۆشترە

بە تایبەتیش کە عەقڵ و دڵ

بە یەکەوە دروستیان کردبێ.

منX

ئەگەر ئەوشەو نەمرم

ئیدی بەیانی بیر لە بێنیازیی دەکەمەوە

لە بەیانییەوە چاوەڕوان دەبم تا شەو دێتەوە

چونکە دیسان لە شەوی دابێ ئاوا دەکەمەوە.

منX

هێشتا هیچم نەنووسیوە

بۆیە ژیانم لە ئێوە خۆشتردەوێ.

# که روو له ئاسمان بەردەبمەوە..

که روو له ئاسمان بەردەبمەوە
یەکێ بە قاقاوە دەپرسێ:
_باوکت، ئەوەی لەبەر شیعر، لە مۆدێلی سەیارە و
مۆبیل و مارکەکانی جل و بەرگی نەدەزانی؟
دەزانم تۆ پێدەکەنی و دەڵێی:
ئەو  خەونی نەبوو بۆ ئەوەی خەون ببینێ
چ پێویستی بە مۆدێلی سەیارە و
مۆبیل و مارکەکانی جل و بەرگ هەبوو؟

که من بەرەو ئاسمان دەکەومە خوارێ
نزیکترین کەست هاوار دەکا:
_جگەرەکێشانی تۆ، لە باوکتەوەیە.
دەزانم تۆ پێدەکەنیی و دەڵێی:
ئەو هەم لە پێناو دووریی و هەم نزیکیی ژن
تەرزەی دووکەڵی
بە نەخشەی جەستەیدا بڵاودەکردەوە.

کە گەورەبوویت و من خەون بووم..من وەهم بووم
برادەرێکی بەڕێزت بە توانجەوە بزە دەکا:
_باوکە سەرخۆشەکەت..
مەگەر تەنیا بە (Chatt) بتوانێ لە دۆزەخەوە
قسە لەگەڵ بەهەشت بکا..
دەزانم تۆ پێدەکەنی، بەڵام پێیدەڵێی:
ئەو لێرە،
لێرە، لەسەر رووی ئەو تۆفانە
دەریاچەیێ شەراب و دوورگەیەکی پڕ لە ژیانی هەبوو.

کە گەورەبوویت و من "بەرەو خوارەوە هەڵزنابووم"
برادەرێکی سەرەڕۆت نوکتە دەکا:
_هێی تۆ، تۆ ئەی کوڕی کۆڵۆمبوس..
دەزانم تۆ پێدەکەنی، بەڵام پێیدەڵێی:
ئەو تەنیا لە پێناو جێگیرکردنی ژن
بەناو سەفەردا، سەفەری زۆری ئەنجام دەدا.

بەرازبابی من.. کە گەورەبوویت و
من روو لە ئاسمان کەوتبمە خوارێ
کە گەورەبوویت و من "بەرەو خوار هەڵزنابم"
کە گەورەبوویت و من خەون بم..من وەهم بم
پێیانبڵێ: بابم بە رێککەوت
بە کونی کیلۆنی دەرگایەك چووە شارێ
لە خۆرهەڵاتی شاردا
رووبارێ سەفەری پڕ لە خوێنی چاند.
لە خۆراوای ئەو شارەدا، دارستانێ کحولی رووت.
لە باشووردا هەزاران تەن جگەرە
لە باکوریشیدا بە دەیان حەوزی ماسی پڕ لە شیعر.
پێیانبڵێ: بابم لەو شارەدا
شیعر و کحول و جگەرە و سەفەری دەچاند
ژنی دەدوورییەوە.
پێیان بڵێ: بابم، شارێکی هەبوو..

بابم.. یادی بەخێر..
لە جیاتی چەند دۆنم عەردێکمان بۆ بەجێ بێڵێ..!؟

## له لێکچوون شارەزاترم

لەناو ترامی ژمارە (1)
کە بۆ کڕینی ماسی و ڤاین براند دەچووم
پیاوێکی پیری یۆنانی دەیگوت:
مرۆڤ وەك بێوەژنی ڕەش و ڕێوی وایە
یەکەمیان دەبێتە سفرەی منداڵەکانیی و
دووەمیشیان، سواری منداڵەکانی خۆی دەبێ.

کەنناسێکی برادەرم
بە پێکەنینێکی ناشرین
کە ددانە زەردەکانی هەمووی دیاربوون، دەیگوت:
برا هەمیشە کە زبڵ کۆدەکەمەوە
جگە لە مرۆڤ هیچ وێنەیەکیتر لە خەیاڵم نابینم.
من بەو قسانە پێدەکەنیم و دەمگوتم:
برا تا ئێستا
هیچ شتێکم لە مرۆڤ جوانتر نەدیتیە
بە تایبەتیش مێیەکانی.

# بێوەژنی سپی

**بۆ ئێریش فرید**

**بێوەژنێکی سپی دەیگوت:**
**ئاخر چۆن دەبێ دڵی بەرد**
**لە هی مرۆڤ پڕ خوێنتر بێ..؟**

**شاعیرێك پێم دەڵێ:**
**بە بەردەکانیان گوت: نەختێ مرۆڤانە بن**
**بەردەکان گوتیان: هێشتا ئەوەندە رەق نین.**

## دوای"درۆیەکی دیکە" زانیم
## کە من درۆیەکی دیکەم

یەکێکیان دەڵێ: " نەبوونت مەرگێکە و هەبوونت دوو"

دووەمیان: خۆتت لە خۆشەویستیی خۆشتردەوێ.

سێیەمیان: ئەوە دڵە تۆ هەتە یا گۆڕستانی ژنان؟

چوارەمیان: منداڵ بووم کە خەونێکی گەورە بووی لام

ئێستا پیاوێکی بچووك

بریا هەر خەونە گەورەکەی جاران بووای.

پێنجەمیان: دوای دیوانی "درۆیەکی دیکە"، زانیم،

کە من درۆیەکی دیکەم.

شەشەمیان: سوپاس بۆ خوا کە ژنت نەبووم.

حەوتەمیان: پێم شەرمە کە خۆشەویستی تۆم.

هەشتەمیان: نەمدەزانی رۆژێ دێ، دێمە

ریزی ژنە سووکەکانی نێو رۆمانەکانت.

نۆیەمیان: رقم لە خۆم و خۆشەویستییە کە خۆشمدەوێی.

دەلێم: جێگای داخە کە من وام، بەڵام وام

ئەگەر دایکم بزانێ وام، کە دەزانێ وام

دەڵێ: ئەوە کوڕە هەمە، یا بەرخەکەی باوەشی مەسیح

لەناو دوکانێکی گۆشتفرۆشی؟

هەر یەکەی دێ و بەشێکی لێدەبا.

دەڵێم: پێمخۆشە کە هەر یەکەی دێ و بەشێکم لێ دەبا

بەڵام لەوە تێناگەم کە بۆچی لێم تێناگەن

کە من زۆر عادیلانە، هەموویانم وەك یەك خۆشدەوێ.

## ئاگرم دەدا
## ئاو لە جەستەی جێدەما

شەیتان لە بەلەمێکی مەست
بە نێو دەمارەکانیدا پیاسەی دەکرد.

زستانی ئەڵمانیا بێزارت دەکا
بەیانیانی زستان،
بەر لەوەی سایەقی ترامەکان بێنە سەر کار
ئەو دەهات.
هەندێجار شەو درەنگانێ
دوای شۆرینی
هەموو قاپەکانی (Mönchengladbach)
ئینجا دەهات.
مەکدۆناڵدز بۆ ئەو جەهەننەم بوو.

رۆژانی سەرەتا
لە باخچەکەی بەردەرگا
کە لە دیسێمبەریشدا هێشتا هەر سەوز بوو
بەسەر پشت رادەکشا و چاوەڕێ بوو.
ئەو جارەیان نۆرەی من بوو
دەهاتمەوە.
(Tuessen) بۆ من جەهەننەم بوو.

شەیتان لە بەلەمێکی مەست
بە نێو دەمارەکانیدا پیاسەی دەکرد.

لەسەر قەروێڵەیەکی بێ قاچ
لە بەرانبەر ترافیکێکی رەش و سپیدا
من دەمژەنی..
دەمکێشا..
ئاگرم پێدەدا
ئاو لە بالأخانەی جەستەی جێدەما.
ئاو لە مەسبەحی جەستەی جێدەما.

شاعیرێك كە ئیدی

فشەی بە شیعر دەهات، دەیگوت:

بیژەنە، بیكێشە..

ئاگری پێبدە

با ئاو لە جەستەیدا بە جێ بمێنێ.

با ئاو لە مەسبەحی جەستەیدا جێ بمێنێ.

شەیتان لە بەلەمێكی مەست

بە نێو دەمارەكانیدا پیاسەی دەكرد.

ئیدی ئێستا كلیلی شوقەی لابوو ئەو

دەیژەنیم.. دەیكێشام

دەبووم بە دووكەڵێكی ئاوازدار لە زاكیرەی ئەو

دەبووم بە دووكەڵێكی ئاوازدار

ئێستا من تەنیا دووكەڵم..

دووكەڵێكی سپی تەنك

زاكیرەی ئەویش ئۆقیانۆس

ئۆقیانۆسێك پڕ لە پیاوی وەك من.

یا کێ ناڵێ ئێستایش
کە بیری ئەو کاتە دەکاتەوە
ئاگرێك لە خۆی بەرنادا
تا ئاو لە مەسبەحی جەستەی جێ بمێنێ..

ئاخ لە شاعیران،
خۆیان چەند پێ گرنگ و گەورەیە..
دەبێ کێ هەبێ لە شاعیر درۆزنتر؟

# با زولەیخا لە بیر دەربێنین

جارێ بە سانایی رێگامدا بڕوا
بەڵام دەمزانی ناتوانم  رێگا بە خۆم بدەم
لێگەڕێم بە سانایی
رێگا بە خۆی بدا و بڕوا..

ئێستا کە تەنیام لە ماڵ
وێنەی دەنگی دەبینمەوە
رووناکیی وێنە و دەنگی دەبینمەوە
وێنەی رووناکیی و دەنگی دەبینمەوە
دەنگی وێنە و رووناکیی دەبینەوە
رەنگی.. بوونی نییە
بەڵام رووناکیی و دەنگ و وێنەی
لەنێو رەنگیدا دەبینمەوە.
ئیدی حەزم لە هانکە هانك و
حیواری خۆ رازیکردن نییە.

ئێستا دەمەوێ سەدەفی

ئەفسانەکەی ئەو، هی من بێ

دەمەوێ گوێم لە دەنگی کەوتنە خوارەوەی

دڵۆپەکانی  فرمێسکی بێ

ئێستا دانیشتووم و شیعر

بۆ خەونەکانی دەنووسم

شیعر بۆ راکردنی ئەو، بەرەو ڤینیسیا..

شیعر بۆ گەڕانەوەی تا هەولێر..

من لە خۆمەوە ئاوا ئەو دەنووسمەوە.

یا کێ ناڵێ بۆ خۆی داوای نووسینی

شیعرێکی ئاوای لێ نەکردم

من هەمیشە وام

خۆم بە پرچی هەموو ژنانی دنیا فێنك دەکەمەوە

دنیا ژنە.

بێگومان بۆ ژنیش پیاو.

دەی با زولەیخا لەو بیرە دەربێنین.

# بۆ خۆم

دەمەوێ بنووم..

بنووم و تا شەش ساڵیدی خەبەرم نەبێـەوە

بەڵکو تا ئەو کاتە شتێ لەو دنیایە گۆڕابێ و

منیش ئیدی وەك تۆ نەبم.

سەیرە کە غیرە ناکەیت

جارجارە یەکێکی وەك خۆت

بەلاّم لە سەرزەمیندا درووست دەکەیت؟

خوایە گیان چۆن غیرەت نەکرد

کە بڕیارتدا من ئاوا تاك و تەنیا و رەها

وەك خۆت، بەلاّم لە سەرزەمیندا درووست بکەیت؟

## ترس گەورەترە لە شانازیی

حەربەکەی چەنگیز رادەکێشم و رێگا نادەم
جووتەکان لەگەڵمان سەرکەون
ئاسمانی ئۆقیانۆس پڕ دەکەم لە زەیتوون
تۆفانیش بۆ خۆی ئازادە.

من و کابتنەکە تەنیاین لەنێو کەشتییەکەدا
بەهەر شێوازێ بێ مەستی دەکەم و تێیدەگەیەنم کە:
نامەوێ کیشوەری هەشتەم بدۆزینەوە.
قوتبی خۆرهەڵات و خۆرئاوایش.
هیچ ماڵ و شارێکمان ناوێ لەوبەر زەریا.
تاقەتی رزگارکردنی زەمینیشمان نییە.
ئەو باوەشێ قەڵی سپی دەنێرێ
ـ تووخوا، با تۆفان بۆ خۆی ئازاد بێ..
"من وا دەڵێم".
ئەو بێدەنگیی هەڵدەبژێرێ.
من لە دڵەوە: ئەی مەست عاشق دەبێ
سوور بە شین و شین بە سپی ببینێ.

ئێستا ئاسمانی ئۆقیانۆس پڕە

لە زەیتون و قەلی سپی

جگەرەیەك دادەگیرسێنم

ئاسمانی ئۆقیانۆس هەورین دەبێ

برووسك لە کەشتی دەدا..

لەرزین دەلەرزێ.

شەپۆل دەیهەژێنێ.. هەژین دەهەژێ..

تێنووم دەبێ، بیری مارکێتێك دەکەمەوە

تا لیترێك ئاوی سروشتی لێ بکڕم.

دڵم هەڵدەچێ،

بیرم بۆ لای معاون توبییێك دەچێ

کە لە سوێندی پیشەپارێزیش تێنەگا.

کەشتییەکە دەیەوێ نغرۆ بێ

ترس دەترسێ..

بە گریانەوە

بیر لە داهاتووی ماڵ و منداڵم دەکەمەوە.

کاپتنەکە پێدەکەنێ:

ئاخر (ترس گەورەترە لە شانازیی).

# سەگێك لە خوێنمدا

2015

# هاتنە دەرەوە لە دەرەوە

## هیچ جار بە مردوویەتی ژیاون؟

هیچ جار گەردەلوول لەسەر شانی چەپتان و
زریان لەسەر شانی راستتان هەڵیکردوە؟
هیچ جار ئاگرتان
لە توتنی ناو پایپێك بەرداوە
کە پڕ بێ لە حەشیش و
تا ناو دەماری
پەنجەی پێیەکانتانەوە هەڵتان لووشی بێ؟
هیچ جار بە منداڵیی پێیەکانتان
لە گۆماوێکی سیانی بێکەنار چەقیوە و
بە هێمنی و بێچارە،
بەرەو نقوومبوون چووبن؟
هیچ جار کەوتونەتە نێوان دوو شەمەندەفەر
بە حەبلێك یەك بەرەو رۆژهەڵات و
ئەوەیتر بەرەو باشووری راکێشا بن؟

هیچ جار هەستتان کردوە تەنیا ئەو کاتە

هەموو باشییەکان دەستپێدەکات

کە ژیان کۆتایی دێ؟

هیچ جار بە مردوویەتی هەناسەتان داوە و

بەدەم ژەهرخواردنەوە، شیعرتان نووسیبێ؟

هیچ جار ئاوا بێ هۆ، مردوون

وەك من، کە ئێستا بە مردوویەتی دەژیم؟

## هاتنە دەرەوە لە دەرەوە

نامەوێ نە لە پێش کەس و
نە کەسیش پێشم بکەوێ.
نامەوێ نە گەورەتر بم، نە بچووکتر.
نە بڵندتر، نە نەویتر.
نە سەرکەوتووتر، نە دۆڕاوتر.
نە بەهێزتر، نە لاوازتر..
نا نامەوێ
نە کەس بمبەزێنێ و نە کەس ببەزێنم.
دنیای من، تەنیا دنیای منە
گەورەیی و بچووکییم
نەوی و بڵندیم
لاوازیی و بەهێزیم
سەرکەوتن و دۆڕان و
بەزین و نەبەزینم هەمووی بۆ خۆم
وا ئارامم..
سەرزەمین و ئاسمان و
بەهەشت و ئاگرم، هەر هەمووی بۆ خۆم.

## درێژکردنەوەی ژیان

زەمەن ترس درووست دەکا.

ترس، راکردن لە خۆ نەپاراستن درووست دەکا.

راکردن لە خۆ نەپاراستن، مردن درووست دەکا.

هەموو ئەوانە

تەنیا لەپێناو درێژکردنەوەی ژیانە

هەر بەڕاست ژیان چەند درێژ دەکرێتەوە؟

## تەنیایی رووناکترە لە ژیان

تاریکیی ڕەسەنترە لە هێز
هێز و ترس بەهێزترن لە مرۆڤ
مرۆڤ سەگی هێز و ترس و تاریکییە.
لە سەنتەری قەرەباڵغی شارێکی قەرەباڵغدا
کەسێك خۆی لە مرۆڤ لادەدا
کەسێك عەبدی تەنیاییە
چونکە دەزانێ تاریکیی ڕەسەنترە لە هێز
هێز و ترس بەهێزترن لە مرۆڤ
مرۆڤ سەگی هێز و ترس و تاریکییە.

# چین جگە لە گەڕان؟

ڕەنگە بەدبەختیمان هی ئەوە بێ
کە بە دوای بەختەوەرییدا دەگەڕێین.
گەڕانمان بە دوای ڕووناکیی هی ئەوەیە
تاریکیی داگیری کردووین.
کە بەدوای خۆشەویستیەوەین
یانی لە دەست رق رادەکەین.
کە بەدوای نەمرییدا ژیانمان دەبەخشین
ئێمە مردووین..
مرۆڤ چییە لە گەڕان بە دوای شتێ
کە خۆشی نازانێ چییە!؟

## لەو شوێنەی ئازادیی نییە

لە پشت "مزگەفتی سپی"
ئەو شوێنەی کە بە منداڵیی
تێیدا خۆڵم خوارد و سۆریکەم گرت.
لەو شوێنەی کە لە تەیارەی ئێرانی ترسام و
تۆپانێم کرد و
قورئانم ختم کرد و ئازادیی لێ نەبوو
لە گەورەییمدا پێتگوتم:
لە پشت "مزگەفتی سپی"
ئەو شوێنەی تێیدا
خۆڵت خوارد و سۆریکەت گرت.
لەو شوێنەی کە لە تەیارەی ئێرانی ترسایت و
تۆپانێت کرد و
قورئانت ختم کرد و ئازادیی لێ نەبوو
دەبێ ئازاد بی.
گوتت:
لەو شوێنەی کە ئازادیی لێ نییە دەبێ ئازادبی
"لەو شوێنەی کە ئازادیی لێ نییە تۆ ئازادی".

# ئەگەرەکان لەپێناو زیندوو مانەوە

ئەگەر لە ترسی نەخۆشی نەوێرم
جگەرەیەك داگیرسێنم..
ئەگەر لەبەر پارە و ترس لە نەخۆشی
نەوێرم پێکێك بخۆمەوە..
ئەگەر لەبەر ترس لە ترسان و شەرەف
نەوێرم عاشقی ژنێك بم..
ئەگەر لە ترسی مانەوەم بە زیندوویەتی
نەوێرم جگەرەیەك داگیرسێنم و
پێکێك بخۆمەوە و
عاشقی ژنێك بم،
مانەوەم بە زیندوویەتی یانی چی؟

# ئەگەر دەتەوێ عاشق نەبیت

کە داوای گوڵی سوور و سینەمای لێکردیت و
شیعری بۆ خوێندیەوە، لەبیریکە..
ئەگەر سەرتان خستە باوەشی یەکتر و
چیرۆکتان گێڕایەوە، لەبیریکە..
ئەگەر ویستان بڕۆن و نەزانن بەرەو کوێ و
لەگەڵ ئەوەشدا بڕۆن، زوو لەبیریکە..

**ئەگەر بتانەوێ**

**واز بێنن و نەتوانن، یانی تێکەوتوون.**

**ئەگەر وازتان هێنا و هەموو چرکەیێ**

**بیر لە یەکتر بکەنەوە**

**یانی حەشیشی عەشق چۆتە خوێنتانەوە..**

**ئەگەر هەموو دنیا داوا بکا واز بێنن و**

**ئێوە بەردەوام بن، یانی عاشقن..**

**ئەگەر ریسوا بن و**

**دنیا بێزی لێتان بێتەوە و**

**هێشتایش واز نەهێنن**

**کەوایە ئەو عەشقە دەتانکوژێ..**

**ئەگەر دەتەوێ عاشق نەبیت**

**هەر لە رستەی یەکەمی**

**ئەو شیعرەوە لە بیریکە.**

# پەلەکردن

بۆ پەلە نەکەم کە دەزانم
هیچ جیاوازییەك نییە
لەنێوان دەسپێك و کۆتایی ئەو ڕێگایە
لەنێوان درەنگ یا زوو گەیشتن لەو ڕێگایە.
ژیانم تەنیا پەلەکردنە
هەمیشە وابووم و هەر واشم دەبم
مادەم یەقینم کە هیچ جیاوازییەك نییە
لەنێوان دەسپێك و کۆتایی ئەو ڕێگایە
لەنێوان درەنگ یا زوو گەیشتن لەو ڕێگایە.

# بێ جانتا دەڕۆم

رۆژێ دادێ دەڕۆم
دوور دوور بێ جانتا
بۆ لای برادەرێکم دەڕۆم
کە سەدان شەو بە مەستی
هەزاران ئەستێرەمان کوژاندەوە.
رۆژێ دادێ بێ جانتا دەڕۆم
دوور دوور بۆ لای برادەرێکم دەڕۆم
کە بیری سەدای قاقا و درۆکانی دەکەم.
رۆژێ دادێ دەڕۆم، بێ جانتا دوور دوور
بۆ لای برادەرێکم دەڕۆم
کە نە باش بوو نە خراپ.
رۆژێ دادێ بێ جانتا دوور دوور
بۆ لای خۆشەویستەکانم دەڕۆم و
چاوەڕوانی هاتنی خۆشەویستەکانم دەکەم.

# سەگێك لە خوێنمدا

بێتاقەتیم سەگێکە ئازا، لە دەمارەکانم.
بێتاقەتیم سەگێکە ئازا، دەمارەکانمە.
بێتاقەتیم سەگێکی ئازا، خوێنمە.
بێتاقەتیم خوێنمە لە جەستەمدا.
بێتاقەتیم سەگایەتی جەستەمە
رووبەڕووی دنیا.
بێتاقەتیم سەگبوونی دنیایە لەناو دەمارەکانم
سەگێکی ئازا  بێتاقەتیمە
هی خۆمە و بۆ خۆمە و لە پێناو خۆمە
بێتاقەتی من بۆ من.

## له تاریکییەوە بەرەو تاریکی

عەقڵی باوکمان تاریك بوو،

ناو سکی دایکیشمان.

ناو قەبر وەك ناو سکی دایکمان.

لەنێوان عەقڵی تاریکی باوکمان و

ناو سکی دایکمان و قەبر، تیشکێك هەیە.

ژیان یانی چی

ئەگەر ئەوەی پێت خۆشە نەیکەی؟

## زەمین.. ئەی دۆزەخی جوان

که هێشتا شەش ساڵ بووم
ماڵی خوا ماڵم بوو
روونتر، مزگەوتێك دین و دنیام بوو
هێندەم لەبارەی
سووتان و دۆزەخەوە بیست، خۆشمویست.
ئێستا که گەورەم
تاقەتم نەما تا دوای مردن چاوەڕوان بم
هەر لێرە.. لەو زەمینە دۆزەخێکم سازکرد
ئەوەی لە ناوی نەژیێ.. نەژیانبێ
هەرگیز نازانێ چەند لەززەتدارە سووتان
لە دۆزەخی زەمیندا.

# بیرۆکەیەکی نەفرەتیی

کارەکە هێندە ئاڵۆز نییە
هەڵکەندنی تونێلێك
بە گوللەیەك لە مێشکدا و تەواو.

بەڵام لە کوێ؟
بەر دەروازەی "تەواری"ی پێخراپ نەبوو.

بەڵام بەر لەوە نووسی:
بۆیە لێرە مێشکم وەك مشك دەتۆپێنم
تا دڵ و کلیە و ئەندامە نەفرەتییەکانم
ببەخشنەوە.

-ئاخ، ئەو خەڵکە جەهەننەمییە
هی خۆیانیان لێزیادە.."وای بە خۆی گوت".

سولفی لێدا و لە بارێك
دوو چارێك عەرەقی خواردەوە و
ئینجا تێگەیشت
کە رێك وەك ژیان
رقی لە خۆکووشتنیشە.

## له دایکبوون و مردنت هی خۆتن

پێیەکانت هی خۆتن، ڕێگاکانیش.

ئاسمان و دابەزین هی خۆتن.

خۆر و تاریکاییەکان هی خۆتن.

کەوتن و سەرکەوتن و

لەززەت بردن لە ئاڵۆزیی هی خۆتن.

تەماشا کردنی خۆری بەر لە مەغریب و

ژماردنی درەختەکان و

ئەستێرەکان هی خۆتن.

ڕۆیشتن و مانەوەت هی خۆتن.

نووستن و خەون نەدیتنت هی خۆتن.

قیبلەی بێ ئیمانیی و

ئیمان هێنان بە ئیمان هی خۆتن.

سەفەر بەرەو نەڕۆیشتن و

لە دایکبوون و مردنت هی خۆتن.

رابردوو..

سبەینێ..

لەوەش گرنگتر ئێستا و ئێستای ئێستات

هەمووی.. هەر هەمووی هی خۆتن..

تێناگەم ئەی بۆ تۆ

ئاوا لە دەرەوەی پێستی خۆتدا راکشاوی؟

# تەنیا سێ سەعاتە ژیان

ئاوابوون، یانی ئەو کاتەی کە سەیارەکە
لەبەردەم بارێك پارك دەکەم.
بارێك کە وەك
یەختێکی نقوومبوو وایە لە ئۆقیانۆسدا.
لەو قوولاییەدا،
دووکەڵ چاوەکانمان دەخواتەوە.
کحول لە خوێندا دەتەقێتەوە.
گایێك ناتوانێ
لەنێو دەمارەکاندا خوێن بکرۆژێ.
گایەکان ناتوانن ژیان بخۆن.

**له بارێك كه وەك ئەشكەوتێكی**

**ژێر دەریا وایە.**

**له بارێك كه وەك**

**یەختێكی نقوومبوو وایە له ئۆقیانۆسدا**

**ئیدی خۆمان بە دەستی خۆمان**

**ژیانی خۆمان دەخۆین**

**ئیدی له ژیاندا**

**تەنیا سێ سەعاتە ژیانمان.**

# بۆچی و لە چی بترسم؟

لە حەڤدە ساڵییەوە دەستم پێکرد
لەو کاتەوە تا ئێستا
رۆژ نییە خۆم نەخەمە
باوەشی درەختێکەوە و بە مشارێك
درەختەکە لەناو قەدەوە نەبڕمەوە.
لەو کاتەوە تا ئێستا
رۆژ نییە وەك بەرخێ خۆم لەبەر
پێیەکانی خۆم رانەیەخەم و
خۆم نەکەمە قوربانیی.
لەو کاتەوە تا ئێستا
رۆژ نییە بە خۆم نەڵێم:
مادەم ژیان وایە بۆچی بترسم
کە رۆژێ لە رۆژان
بێ ئاوڕدانەوە ئەو
هەسارە شینە بە جێدێڵم؟

## کەوتن و دەستپێکردنەوە

ملیۆنان کەوتن و بە ملیاران دەکەون
یەکێك لە شوێنی کەوتن
یەکێك لە قەرەباڵغیدا
کاتێ هەست بە تەنیایی دەکات
یەکێکیان لەبەرانبەر ئاوابوونی خۆر
کەسێك لە ریستورانتێك
کە تەنیا خواردنی ئێکسپایەر دەفرۆشێ.
یەکێك لەناو رەنگ و یەکێك لەناو سەدا و
ئەویدی لەناو مردن
هەر یەکە و لە شوێنێك دەستپێدەکاتەوە.

ژیان یانی چی،
جگە لە کەوتن و سەر لە نوێ دەستپێکردنەوە؟

# زەمەن دایك و باوكی نییە

ڕەنگ ڕەنگ،
ڕەنگەكانت دەوەرن لە پێستتدا.
دڵۆپ دڵۆپ،
بینین لە چاوەكانتدا سڕ دەبن.
سەهۆڵ سەهۆڵ،
دەتنووسێتەوە زەمەن.

هەنگاوەكانت خۆشحاڵانە بدە شەقام
زەمەنی تۆ هیچ دایك و باوكێكی نییە.
بڕۆ بۆ خۆت..
بەڵام بزانە
"سەعاتەكانی تۆ،
هیچ خوشك و برایەكییان نییە".

# خۆشحاڵم کە خۆشحاڵم

دەرگاکە بۆ هەمیشە کراوەیە..

بە دەستێکی پڕ لە مەستیی و

بە دەستێکی پڕ لە شیعر

لەو دەرگایە هاتمە ژوور و

دوای تەواوکردنی تەواوبوون

هەر لەو دەرگایەوە دەچمە دەرەوە..

ناترسم کە ناترسم.

خۆشحاڵم کە خۆشحاڵم.

# چی دەبێ هەرچی ببێ؟

چی دەبێ ئەگەر سەعات دووی نیوەڕۆ بێ و
تۆ پێت وابێ سێی شەوە؟
چی دەبێ ئەگەر خۆت، خۆت بخەیتە بیرێك و
لە نامەیەكدا بۆ باوكت بنووسیت:
بابە گورگ منی خوارد؟
چی دەبێ ئەگەر بچیتە ئەشكەوتێك و
نێیتە دەرەوە
چونكە بڕوات وابێ پێغەمبەرایەتی
پێویستی بە گۆشەیە؟
چی دەبێ هەر بۆ تاقیكردنەوە،
خوا لە رقی شەیتان
سەقفی خانووەكە
بەسەر منداڵەكانتدا بڕوخێنێ؟
چی دەبێ لەسەر تەختێك
لەباوەشی خۆشەویستەكەت هەڵوەرێی؟

چی دەبێ هەڵوەرێیت و

هێشتا فێری سەما نەبووبیت؟

چی دەبێ هەرچی ببێ لەو دنیایە

مادەم دەزانین

ملیۆنان رێگا هەن،

هەمووشیان تەنیا بەرەو تەنیایی.

# هەمیشە هۆیەك هەیە

هەمیشە هۆیەك هەیە بۆ سڕانەوەمان
هەر یەکە و جۆرێك
کەسیش نایەوێ بیەوێ بزانێ.

هەمیشە هۆیەك هەیە بۆ سڕانەوەمان
یەکێ بە کحول.
یەکێ پەرستنی پەرستن.
یەکێ خەونی ناو خەون.
یەکێ نیکۆتین و
یەکێ لە رقی بەرخەکەی باوەشی مەسیح..
یەکێ لە خەفەتی خەفەت.
یەکێ ترس لە ترس.
یەکێ پلەی گەرما.
یەکێ رق لێبوونەوەی رق.
یەکێ خۆشویستنی رق و
یەکێ خۆشەویستنی خۆشەویستیی.

**من بەختەوەرم کە دەزانم چی دەمسڕێتەوە**
**نیکۆتین و کحول و ڕق لێبوونەوەی ڕق و**
**خۆشویستنی خۆشەویستیی.**

**هەمیشە هۆیەك هەیە بۆ سڕانەوەمان**
**هەر یەکە و جۆرێك**
**کەسیش نایەوێ بیەوێ بزانێ،**
**جگە لە هەمووومان.**

## هیچ شتێك هیچ نییە

جگە لە ونکردنی زاکیرە

لەدەستدانی ژیان، شتێکیتر نییە.

کە دەشمرین، جگە لە مردوویێك

ژیان هیچ شتێکیتر نییە.

# سەعات هەڵدەوەرێ؟

وەرینی دەرەوە دەژمێردرێ؟
سەعات هەڵدەوەرێ؟

من  وەرینی دەرەوە دەژمێرم و
لە چاوە ماندووەکانم، ناوەوەم دەبیستم.
من تەنیا دەتوانم وەرینی دەرەوە بژمێرم و
خۆم ببینم کە رادەکەم
وەك ئەوەی لە وەهمدابم و
ژیانیش هێشتا زۆری مابێ
هەر بەڕاست بۆچی هێندە درێژە ژیان؟

# هەڵبژاردنی جۆری مردن

گوتی: شاعیری یەکەم بە کحول مرد.

شاعیری دووەم لە کەنارە و بە کحول دەمرێ.

تۆیش بەشی خۆت ڕێگات بڕیوە.

هیچ ناڵێم.. پرسیار دەکەم:

-خۆش نییە بە خۆت

جۆر و چۆنییەتی

مردنی خۆت

بە دەستی خۆت هەڵبژێری؟

# راهاتن

ماوەیەکە بەوە راهاتووم کە سەفەر دەکەم
بە تەنیا سەفەر بکەم.
کە بە تەنیا سەفەر دەکەم
دەرگای ژوورێکی هوتێلەکە
بە رووی دنیادا قفڵ دەکەم
باوەڕم هێناوە پیاوی تەنیاییم.

ماوەیەکە بەوە راهاتووم
بە تەنیا سەفەر بکەم و
پەردە و دەرگای ژووری هوتێلێك
لەسەر خۆم دابخەم
بخۆمەوە و بکێشم و هیچ نەکەم،
تەنیا دەرگای ژوورێکی هوتێلەکە
بە رووی دنیادا قفڵ بکەم.

## خۆت بدە هەنگاوەکانت

برادەرێك دەڵێ:

"بە گران وەرگرتنی ژیان ئاسانە و

بە ئاسان وەرگرتنی گران"

دەستەکان و

هەنگاوەکانت..

رێگاکان و پێیەکانت بدە ژیان

ناچارە، هەر دەبێ بە رێگایەکتدا ببا.

# له سەفەردا حەزم لە سەفەرە

خۆت و جانتایەك

بچیتە وێسگەی شەمەندەفەر و

لە نەخشەی سەفەر،

سەیری هەموو شارەکانی دنیا بکەیت و

نەزانیت بۆ کوێ بچی، بەڵام بڕۆی.

بچیتە مۆزەخانەیەکی رۆمان و گێرمانەکان

خۆش نەبێت و بێیتە دەرەوە.

بچیتە کەنار "راین" و ریلکە بخوێنیتەوە

خۆش نەبیت و بگەڕێیتەوە ناو گەڕان.

لە کەنیسەیەکی گەورەی

پڕ لە پەیکەر بڕوانیت

خۆش نەبێت و بچیت دۆنەر بخۆیت.

شەقامە سەرەکییەکان، بەرد بە بەرد بپێوی.

بچیتە ماڵی پاشا.

ناو کەشتی.. پارکی پڕ لە تاووس و ژنی رووت.

لەگەڵ باڵندەکانی

ناوەڕاستی ئاسمان بدوێی.

لەگەڵ سەوزایی و بەردەکانی ژێر رووبار.

لەگەڵ ماسیگرەکان.

لەگەڵ شێوەکارێکی چینی کە لەسەر عەرد

وێنەی دەنگی شیعر خوێندنەوەی کێشاوە.

گوێ لە عەزفی ئەفریقییێکی سواڵکەر بگریت.

بکەویتە دوای ماینێکی خەلیجی موحەجەبە.

بچیتە تەنیشت کچێکی شازدە ساڵان و

بتەوێ بپرسی:

بۆ هەموو رۆژ رێك لەو شوێنکاتە

ئاوا بە تەنیایی لەو خاڵە دەڕوانی؟

لەگەڵ زەنگی کڵێسە
بیر لە کڕینی کراسی هەناری و
شاڵی شین و عەترێکی سۆرتاریك بکەیتەوە.
بە پێ بگەڕێیت و بگەڕێیت و
خوێن لە جەستەتدا
وا بزانێ ئینقیلابە.

دواتر لە خوا بپاڕێیەوە
هوتێلەکەت بدۆزیتەوە و
بچیتە سەر قەروێڵە سپییەکەت
دوازدە گلاس وێسکی سادە بخۆیتەوە و
بڵێی: لە سەفەردا حەزم لە سەفەرە
سەفەرێك ئیدی دڵ بە ئارامیی بخەوێ و
هەر لەسەر ئەو تەختە
تا ئەبەد خەبەرم نەکاتەوە.

# دنیا نا، ئێمە دەگۆڕێین

هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیانن..

وێستگەکان.

ڕێگاکان و شەمەندەفەرەکان.

سینەما و بانکەکان.

باڕ و قومارخانەکان.

پارك و مەلەوانگە و

سەنتەری "ئێرۆس"یش لە ئیکندۆفە شتراسە.

هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیانن
گۆڕانەکە تەنیا لەوەیە
ئەو کەسانەی کە من لە وێستگەکان
لە ڕێگاکان و ناو شەمەندەفەرەکان
لە سینەما و بانکەکان
لە باڕ و قومارخانەکان
لە پارك و مەلەوانگە و
سەنتەری "ئیرۆس" لە ئیکندۆفە شتراسە دیتبوومن
ئێستا کەسانیترن.
گۆڕانەکە تەنیا لەوەیە
ئێستا من کەسێکی دیکەم و
گۆڕستانەکانیش فراونتر.

# بەرەو ماڵ

سەفەر دەکەین..سەفەر دەکەین
دەپرسم: بەرەو کوێ سەفەر دەکەین؟
دەنگێک لە دوورەوە دێ
دەنگی کەوتنی رەنگ لە دارستانی لیمۆ.
هاواری پێغەمبەرێك،
لە چاڵێکی قووڵ و وشك.
دەنگێک لە دوورەوە دێ
دەنگی وەرینی دەنگ.
دەنگی بێ دەنگیی..
دەنگی رووناك بوونەوەی سێبەر.
دەپرسم: بەرەو کوێ سەفەر دەکەین؟
دەنگەکان لە دوورەوە دێن
هەموویان بەیەکەوە بەرەو ماڵ بەرەو ماڵ.
دەنگەکان لە دوورەوە دێن
هەموومان بەیەکەوە بەرەو ماڵ بەرەو ماڵ.

## زەمین و ئاسمان هی خۆتن

هیچ کەس بە لافاوی تۆ
دەموچاوی خۆی ناشۆرێ و
هیچ کەس بە غوباری تۆ
پرچی خۆی چەور ناکا و
هیچ کەس بە خۆڵی تۆ،
ئاسمان و زەمینی خۆی داناپۆشێ.
غوباری خۆت، بۆ چەورکردنی پرچی خۆت و
لافاوی خۆت، بۆ شۆرینی دەموچاوی خۆت و
خۆڵی خۆت، بۆ داپۆشینی
ئاسمان و زەمینی خۆت.

غوبار و تۆفان و خۆڵ و
پرچ و شۆرین و داپۆشینی خۆت بۆ خۆت.
هەمووی.. هەر هەمووی بۆ خۆت.

## خۆشییەکان خراپن؟

بەر لە نانی بەیانی
جگەرە دوای جگەرە داگیرسێنیت و
بە دوای شاعیرانی دنیادا بگەڕێیت.
بەر لە سەعات 12ی نیوەڕۆ
دەست بە کحولخواردنەوە بکەیت.
هەندێجار بترسی لەوەی
لەسەر ژنێك بکوژرێیت.
لەسەر شیعر لە عەشیرەت دەربکرێیت و
گرینگیش نەبێ کە شاعیریت.
لە 24 سەعاتدا، چوار سەعات بخەویت.
میوە نەخۆیت و
حەز بە تەنیایی هەمیشەیی بکەیت.
هەرگیز تاقەتی پێکەنینت نەبێ و
لە شیعر و جگەرە و کحول و
خۆشەویستیی بەو لاوە
هیچ شتێکیتر نەزانی.

**هەمووومان دەزانین هەموو خۆشییەکان خراپن**

**من وام، با خراپ بم.**

**کە مردم بڵێن:**

**ماشەڵڵا بێ عەقڵ بوو، تا مرد بە خۆشیی ژیا.**

# سەگی باڵدار

لەناو دارستانێکی چڕی زستانە
بەسەر پردە دارینەکە
بە پایسکلێکی کۆنە دەپەڕیمەوە و
پێویستم بە خۆری رۆژهەڵات بوو.

ئێستا سەرم لەوە سوڕماوە
نازانم بۆ ئەوەندە
لەناو خۆری رۆژهەڵاتدا
پێویستیم بە دارستانێکی چڕی زستانەیە
تا بە پایسکلێکی کۆنە
بەسەر پردێکی دارینی خۆراوادا بپەڕمەوە!

## پیاوە مەزڵومەکانی زەمین

بە داخەوە زۆر جار دەبیستین

لێرە و لەوێ ژنێك بە دەستی پیاوێك دەکوژرێ

حەقیشە کە بەو هەواڵانە

ئاوا تۆفان هەڵدەستێ لە سەرزەمیندا.

من تێناگەم، ئەی بۆچی

هیچ دەنگێ بەرز نابێتەوە

کە رۆژانە لە لایەن ژنانەوە بە ناوی عەشق

بە ملیۆنان پیاو دەکوژرێن لە سەرزەمیندا؟

# سەفەر لەپێناو سەفەر

بێ جانتا لە فارگۆنێك بگیرسێیتەوە.
لەپێناو سەفەر، سەفەر بکەیت و
دەموچاوت بە رووناکیی و با بشۆریت.
هەر بڕۆیت و هەر بڕۆیت و لە ڕێگادا
نە لادانێك
نە جگەرەیەك
نە رێستورانتێك
نە پشوویەك
نە ژنێك لە هوتێلێك و
نە وێستگەیەك هەبێ بۆ دابەزین..

بێ پێکەنین
ژیان
تەنیا سەفەرێکە،
پڕ لە برسییەتی.

# پێکردنی تاریکیی

بتوانم دارستانێك ببڕمەوە،
لە ڕەگەوە بیبڕمەوە.
بتوانم خۆر بکوژێنمەوە، بیکوژێنمەوە.
لەگەڵ ئەوە جیایە کە
بتوانم دارستان ببڕمەوە بەڵام بیڕوێنم
بتوانم خۆر بکوژێنمەوە، بەڵام دایگیرسێنم.

کە دەتوانم بکەم و نەیکەم
لەگەڵ ئەوەی بتوانم
بکەم و هیچ نەکەم، زۆر جیایە.

دەڵێم:
"هەموو جار مرۆڤ ئەوە نییە
چی بوێ بتوانێ بیکا، بیکا
بەڵکو ئەوەیە کە بتوانێ بیکا ئینجا نەیکا".

# پیاوانی قوڕ

بچووك بووم،

بە قوڕ ریزێك پیاوم درووست دەکرد

یەکێ لە شێوەی سەگ.

ئەوەیتر مووداریێکی پرچ لوول،

ڤیۆلۆنێکی بە دەستەوە بوو.

یەکێ باڵابەرز، بە دوو قاچی کورت.

ئەویتر سینارست،

سەرباز

بازرگان

زۆر رەنگ و زۆر پیشە بوون

ئەو پیاوانەی کە بە قوڕ دروستم دەکردن.

بچووکبووم،

به قوڕ ریزێك پیاوم درووست دەکرد

ئالارمی هاتنی تەیارە دەیشێواندم

هەموو پیاوەکانم

تێکەڵ دەکردنەوە و دەبوونەوە خاك

دەڵێم: ئەوانەی کە لە قوڕ درووستکراوین

بۆ پێویستە لەپێناو

نەمریدا بژین؟

## درەوشانەوەی کۆن بوون

هەنگاوەکانمان وەك گیا دەکرۆژین.

وەك خۆشەویستیی و رق،

ئێمەیش داهاتوومان کۆتاییە.

# باشیم لە خۆشیی خۆشتردەویست

باشیم لە دەمارەکانم رواند.
لە ئێسکەکانمدا هەڵمکۆڵی.
باشیم لە خۆشیی پێباشتربوو.

ویستم تا ئەبەد
باشیم لە خۆشیی لاباشتر بێ.
دیتم ژیانمان دەخوا..

راشکاوانە دەڵێم:
جگە لە خراپیی،
باشیی هیچ شتێکی دیکە نییە.

## ژیانیش وەك خاكە

ئەگەر "مردن بكەیتە زاكیرەی ژیان و
ژیانیش بە زاكیرەی مردن" چی روو دەدا؟
ئەگەر لە شەقام و ماركێتەكانی شاردا
بە دوای دیتنەوەی خۆتدا بگەڕێیت و
خۆت نەبینییەوە، چی روو دەدا؟
ئەگەر روو لە ترۆپكی كەوتن
رابكەیت و نەكەویت
ئەگەر بڕوات بە بێ بڕوایی هێنا،
چی روو دەدا؟

ئەگەر هیچ كەس نەبیت.
ئەگەر ناشوێن شوێنت بێ.
ئەگەر زەمەنت نازەمان بێ، چی روو دەدا؟
چی هەر چۆن بێ، چی روو دەدا؟
مادەم دەزانیت دواجار ژیانیش وەك خاك
هەموو شتت پێ دەدات و
هەموو شتیشت لێ دەبات.

# ئاوی ئەبەدییەت

کێ بۆ خواردنەوەی ئاوی ئەبەدییەت
بەناو سەعاتەکاندا راناکا؟
کێ لەو رێگایە
گەمە بۆ خۆی و
گەمە لەگەڵ خۆی و
گەمە بە خۆی ناکا؟
سەیرە هەمووومان بەناو
سەعاتەکاندا بە دوای
ئاوی ئەبەدییەت دەگەڕێین و دەشزانین
کە تەنیا گەمە بۆ خۆمان و
گەمە لەگەڵ خۆمان و
گەمە بە خۆمان دەکەین.

# راگردن له دەست راگردن

به جووتێ پێڵاوی رووت

لەسەر شەختە رادەکەم

هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە

لەدەست خۆ دەربازکردن خۆم دەرباز بکەم

من هەموو شتێ دەکەم تا

خۆم دەرباز بکەم له دەست خۆم دەربازکردن.

کحول و نیکۆتین ئاوێتەی خوێنم دەکەم
وەك مردوو بە قەد تەمەنی نووستن دەنووم
هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە
لە دەست راگردن رابکەم
من هەموو شتێ دەکەم تا
رابکەم لەدەست راگردن.

دەچمە نێو ئەو کتێبانەی
کە بە هێرۆگلۆفی نووسراون
لە هەموو شوێنێك بە دوای خۆمدا دەگەڕێم
هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە
لە دەست خۆ ون کردن خۆم ون بکەم
من هەموو شتێ دەکەم تا
خۆم ون بکەم لە دەست خۆ ون کردن.

## حەزم لەو شیعرەی خۆم نەکرد

حەقیقەتێکی تاریك هەیە لەژێر پێستمان
هەندێجار وەك پارچەکانی
شووشەی شکاو دەبریسکێتەوە.
هەندێجار لەسەر قەروێڵە وەك پشیلە
بەسەر جەستەکانماندا پاز دەدا.
جاروایە لە تەنیشتمان
بەدەم چیپس خواردنەوە، بیرە دەخواتەوە.

حەقیقەتێکی تاریك
یانی مردنێکی ئامادە هەیە لە ژێر پێستمان
تێناگەم بۆچی مرۆڤ
لە جوولە جوولەی
ژێر پێستی خۆی تێناگا؟

# ویستم خۆم بگۆڕم

بڕیارمداوە خۆم بگۆڕم.
ویستم لە جیاتی هاتنە دەرەوە لە دەرەوە
تەنیا بچمە دەرەوە.
بە کورتی، ئەوە نەکەم
کە هیچ کەس نایکا و من دەیکەم.

بەیانی کە لە خەو هەستام
گاڵتەم بە هەموو شت هات
هەمدیس، تەنیا لە دەرەوە بۆ دەرەوە.

# تەنیایی دەرفەتە

له ژیاندا تەنیا دوو جار تەنیا دەبین
جارێ کە تەنیایی داگیرمان دەکا و
جارێ کە ئێمە داگیری دەکەین.
یەکەمیان ناخۆشترین و
دووەمیان خۆشترین دەرفەتە لە بوونماندا
سەیرە کە کەسمان نامانەوێ خۆمان
تەنیایی بۆ خۆمان هەڵبژێرین
لەگەڵ ئەوەش
کە ئەوەیان خۆشترین دەرفەتە لە بوونماندا!؟

## ئەندازیارێك منی كێشاوە

نەخشەیەكی كۆنی نوێم
جەستەم دارستانە و
روانینم كۆلأن و ترافیك و
گەڕەك و ماركێتەكانی شار.

تێكستێكی نوێی كۆنم
دڵم ئەفسانە و جەستەم ئەفسانە.
عەقڵم دوكانێكی
یەك مەتر دووجای سەعاتفرۆشیی.
روانینم كنایپە و مزگەوت و كڵێسە و
ئاتەشگە و مەلهەكانی شار.

ئەندازیارێك منی كێشاوە ناوی جیوەیە..
كۆترێكیش دەمبا
خۆشم نازانم بەرەو كوێ!

## کەوتنی جوان

زەمەنی تۆش دێ
لەناو دارستانێ کۆخە و نقوومبوون و دەرمان
لەسەر تەختێکی نەخۆش بە سەری رووت
دووکەڵ لە ئێسکە رەشەکانتەوە
روو لە ئاسمانی دیسێمبەر هەڵکشێ.
دوای هەر پایزێ زستانێ وەستاوە
بۆیە نامەوێ زەمەنم دابێ
لەناو بیابانێ کۆخە و چاوەڕوانی و دەرمان
لەسەر تەختێکی مردوو بە سەری رووت
دووکەڵ لە ئێسکە رەشەکانمەوە
روو لە ئاسمانی دیسێمبەر هەڵکشێ
بۆیە.. هەر بۆیە عاشقی بە پێوە کەوتنم.

# ناو (بەڵێ)یەکانی پڕە لە نەخێر

چاوەکانی دادەخا،

حەپەی هەموو سەدەکان دەبیستێ

دەیکاتەوە، (کا) دەبینێ.

نوقم بوون بە خۆی دەڵێ.

ناو (بەڵێ)یەکانی پڕە لە نەخێر.

لە شادیدا فرمێسک هەڵدەوەرێنێ.

خۆی وەك

"کەللەی تاشراوی بەرازێك دێتە بەرچاو

کە سێوێکی سەوزی خرابێتە دەمی

لە جامخانەی رێستورانتێکدا؟"

خۆی وا دەنوێنێ

کە سەری بڕاوی کەربەلایە.

کەوایە بۆ خۆی وەك سەگێکی ئێسکین

نێتە بەرچاو

کە بە عارەبانەیەکی ماکیاجفرۆشییەوە هەڵواسراوە و

منداڵێك بە دایکی بڵێ: دایە..دایە،

دایە ئەوەم بۆ یاری بۆ بکڕە؟

# مەودای نێوان نەبوون و نەبوون

بۆ نەڵێم برا ژیانێکی تەواوی پڕ لە کحول؟
کە نەزانین جالبییەتی
بەدەم پێکەنینەوە گریان
لە گۆشەیەکدا یانی چی!
کە لە هەستی تەنیایی
ناو قەرەباڵغییەکاندا تێنەگەین؟
کە نەزانین ئێمە هیچ کوێ و هیچ کەس نین؟

کەوایە بۆ بە کوڕە ئێزدییەکە نەڵێم:
برا چارێگە سەدەیەکی دیکەی پڕ لە کحول؟
بۆ بە کوڕە مەسیحییەکە نەڵێم:
برا ژیانێکی تەواوی پڕ لە کحول؟

## خوو گرتنم هەمیشە بە خەبەرە

خووم بە خاکەوە گرتووە
خاکەڕایم ناخەوێ.
خووم بە خۆشویستنی گۆشە گرتووە
خۆشەویستیم بۆ گۆشەگیری ئەبەد ناخەوێ.
خووم بە راکردن لە درۆ و
درۆ لە پێناو راکردن و
تاریکییدان بە رووناکیی گرتووە..
خووم بە شیعر و کحول گرتووە
خووگرتنم بە شاعیرانە ژیان و مەستیی
ئەبەد ناخەوێ
بوونم خووگرتنە بە خووگرتن
بۆیە تەواوی ژیانم
هەرگیز نەمدەتوانی و ناتوانم بخەوم
ئەگەر خووم بەو خووانە نەگرتبا.

## گەردوونیان لە کۆڵە

لە یەکەمین ماچەوە تا مردن
عەشق تەنیا بارکردنی گەردوونە
لەسەر شانی یەکتر

عاشقان وان
لە یەکەمین چرکەی
عاشقبوونەوە تا مردن
بۆ هەمیشە هەموو گەردوونیان لە کۆڵە.

## شاعیرانە

له باشوورەوە هاتم

له باکوور ژیام

رۆژهەلآت له خوێنمدا مەله دەکا

بە نیازم بچم

له کوخی ناو باخچەیەکی رۆژاوا بژیم

هەمیشە وام

هەر گۆشەیەکی ئەو زەمینە مالّی منە.

## دێتەوە یادم، زامدار

دێتەوە یادم، لەگەڵ یەکەم پێکی مەغریب
بە مەلاکەی هاوسێمانت دەگوت: نەبابە..!
دەمگوت: ئەی بەنی ئادەم، قەبر نەهەنگە.
لە قاقای پێکەنیت دەدا و دەتگوت: نەبابە..!
دەمگوت: ئەو مەغریبەش
چەند کیلۆمەترێك راتکرد.
قاقا پێدەکەنیت و دەتگوت:
پێکەنین، ریازەی مێشك.

دێتەوە یادم

بیبەری کەسکت لەناو پێکی عەرەق دەکرد.

عەرەقت لەناو قاپی جاجك دەکرد.

گێزەر و جاجك و ماستت

لەناو پێکی عەرەق دەکرد

سێو و لیمۆ و گۆشتی هیندیت

لەناو پێکی عەرەق دەکرد

دێتەوە یادم دەمانگوت: شیوی دۆمان.

لە قاقای پێکەنینت دەدا و دەتگوت:

(سەقافەی سحی).

**دێتەوە یادم لەگەڵ ماچکردن، بۆنت دەکردم و**

**وەك دوو برا**

**لە کەناڵەکانی قوبرسمان دەڕوانی.**

**دێتەوە یادم چووینە قەرەچووغ**

**بەر لە خواردنەوە گوتت:**

**ئەڵڵا ئەڵڵا لەو سرووشتە**

**کە مەست بووین،**

**قاقا پێکەنیت و گوتت: کەندێناااااااااااوە..**

دێتەوە یادم شەڕیان پێدەفرۆشتی
تۆ پێدەکەنی.
دێتەوە یادم  بە ئاسمانت رادەبوارد
بە زەمینت رادەبوارد.
دێتەوە یادم نەدەچوویە
پرسەی خۆشەویستان.
دێتەوە یادم دەیانبردیەوە ماڵ،
دەتگوت: بتانبەوە ماڵ..؟
دێتەوە یادم لە شەوێکدا (دە) مێزت دەگۆڕی و
مەجلیسی فیتەران و نووسەران
جیاوازی نەبوو.
دێتەوە یادم کە جاروبار
لە مردن دەترسای و
دەتویست دەرفەتێك بهێڵییەوە
دەتگوت: خوا جوانەکەم خۆشدەوێ.

دێتەوە یادم شەو نییە باست نەکەین.

دێتەوە یادم کە هیچ مردوویێکم

هێندەی تۆ نایەتەوە یاد

دێتەوە یادم کە هەست ناکەم تۆ مردبی.

دێتەوە یادم کە خۆشمویستی و

ئێستاشی لەگەڵدابێ.

## نووسینەوەی ژیانم
## بە بۆنەی لەدایکبوونم

-گەورە بوون و گەورەبوون و
منداڵبوونەوەی بەردەوام.

-خووگرتن بە رق لێبوونەوەی درۆ،
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە لەپێناو خۆشەویستیی دەکرێ.

-کحول و جگەرە و سەفەر و ژنانی زۆر و
یەکجار عاشقبوون..

-نووسینی چەند کتێبێك بە سەرخۆشیی.

-کارکردن لەپێناو خواردن.

-خۆش باوەڕی تا ئاستی دەبەنگیی و
گومان نەکردن لە گومان.

-پێکەنین، تەنیا لە ناخدا بە گەردوون و
گریان، یەکجار زۆر لە تەنیایی و
بە دەنگی بەرز.

-ئارامیی ژیان، بە درێژایی ژیان،
سێجار مردن و زیندوو بوونەوە و..تاد

وا ژیاوم
بگەرێمەوە دەسپێك هەر ئاوا دەژیم..

# داستانێك كە تەواو نابێ..

## له سەمەرقەندەوە تا ئۆرشەلیم

کۆترە دەنووك سوورەکانی رۆژهەڵات
لە ماڵەکانتان دەرکەون.
دەست لە رەنگکردنی پرچتان هەڵگرن.
لە مۆڵەکانەوە وەرنە سەر شەقام.
فوو لە نینۆکی تازە بۆیەکراوتان مەکەن.
کچانی رۆژهەڵات
لە سەمەرقەندەوە تا ئۆرشەلیم
ئەمڕۆ دنیا زۆر جوانترە
کتێبەکانتان داخەن
لێدانی دڵتان راگرن
لاپتۆپەکانتان بکوژێننەوە
واز لە دنیا بێنن
وەرن وەرن بۆ لای ئێمە
وا ژنێك تاجی شاهانەم لەسەر دەکات
وا ژنێك تاجی شاهانەی عەشقم لەسەر دەکات.

## خۆشەویستیی لە پێناو عەشق

لە ژیانمدا هەر ژنێکم خۆشویستبێ
لەپێناو گەیشتن بە عەشق خۆشمویستوە
کەچی نەمدەزانی
بۆ هەموو شتەکان بە سێکس کۆتاییان دێ.

ئەوجارەیان نەبێ
کە ژنێکم خۆشویست
تەنیا لەبەر سێکس خۆشمویست
کەچی گومانم نییە
هەموو شتەکان بە عەشق کۆتاییان دێ.

## گرتنی وەهم

سوێندم خواردبوو لە شیعرەکانم
باسی باران نەکەم
بەڵام کە باران بە خوڕ
لە جامی سەیارەکەیدا
گوتی: بەور.
گوتی: میهرەبان.
گوتی: بەوری میهرەبان.
سوێندم خواردبوو لە شیعرەکانم
باسی باران نەکەم
بەڵام کە باران بە خوڕ
لە جامی سەیارەکەیدا
گوتم: باران.
گوتم: زەمین.
گوتم: هەموو زەمین
لە سەیارەیەکی رەش،
لەژێر بارانێکی سپیدا.

## ڕەنگی ناو دەنگ

هیچ ڕووناکییەك
هێندەی ڕووناکیی وشەکانت
درەوشانەوەی نییە و
هیچ بەردەوامییەك
بە قەد بەردەوامیی تۆ، بەردەوام نییە.
هیچ شەڕێك،
هیچ گریان و ئارامییەك
هیچ بومەلەرزە و پێکەنینێك
بەقەد ئارامیی و گریان و بومەلەرزە و
پێکەنین و شەڕی تۆ پڕ لە چێژ نییە.

هیچ دەسەڵاتێك

لە ئاست دەسەڵاتی تۆ دەسەڵاتی نییە و

هیچ بڵندابیەك،

ئەوەندەی بڵندایی تۆ بڵند نییە.

هیچ رەنگێك بەقەد رەنگی تۆ پڕ لە دەنگ و

هیچ دەنگێك

بەقەد رەنگی ناو دەنگت پڕ لە بۆن نییە.

هیچ پڕێك بەقەد تۆ پڕ و

هیچ هیچ شتێ لە زەمین و ئاسماندا

لە ئاسمان و زەمینی تۆ،

باشتر و بێ عەیبتر نییە..

# نەفرەت

بەرد کۆکەنەوە

دارستان دارستان بەرد کۆکەنەوە

دەی کۆبنەوە و بەرد راوەشێنن

من عاشقم.

## _با_ی ئۆکتۆبەر سپییە

لە ئۆکتۆبەردا،
گۆرانی لە خەو هەڵدەستێ و
حەزیش لە گۆرانی.
لە ئۆکتۆبەردا،
لەگەڵ درەوشانەوەی درەوشانەوە دەدوێم.
لەگەڵ خەونەکانی خەون.
لەگەڵ جوانییەکانی جوانیی.
لەگەڵ حەزەکانی حەز و
لەگەڵ شای شەوان و بارانی باران.

له ئۆکتۆبەردا،
گوێ لە گۆرانییەکی رۆژئاوا دەگرم،
باڵندەکانی باکوور دەبیستم.
لە ئەسپێکی ئەسمەری
پرچ چەوری باشووری دەڕوانم
من لە رۆژهەڵات لە دایك دەبم.

-با-ی ئۆکتۆبەر سپی یا پرتەقاڵییە
لەناو بڕبڕەکانمەوە هەڵدەکا
لە سینگمەوە دێتە دەر و
بەرەو رۆژهەڵات رێگا دەگرێ و
من لە ئۆکتۆبەر لە دایك دەبم.
من لە رۆژهەڵات لە دایك دەبم.
ئۆکتۆبەر مانگی ئێمەیە.

## هەموو کەس ئەوە دەزانێ

بەوە رابێی (4)ی بەیانی بچیتە مەتبەخ،
جگەرە بکێشیت و حەز بە رۆیشتن بکەیت،
بەڵام نەزانی بەرەو کوێ.
لەگەڵت قسە بکات و
هێشتا غەریبی دەنگی بکەیت.
لە خۆتەوە بگریت و
بە دەم گریانەوە پێبکەنیت.
لە خۆتەوە پێبکەنیت و
بە دەم پێکەنینەوە بگریت.
لە خۆتەوە تەمەنی زیاتر بدەیتە ژیان.
لە خۆتەوە پرسە بۆ مردن دانێیت.
لە خۆتەوە هەموو خوارێك راست ببینی و
هەموو راستێك راستتر.

له خۆتەوە هەست بکەیت

شتێکیتر هەیە لە سەرووی خێر و شەڕ.

لە خۆتەوە بە دوای

کەمتەرخەمییەکانی خۆتدا بگەڕێیت.

لە خۆتەوە وا بزانی

"زەمین بێ تۆ ناسوڕێتەوە"

لە خۆتەوە هەموو چرکەیێ جارێ

تەماشای مۆبایلەکەت بکەیت.

لە خۆتەوە هەست بە ژانێکی سووك بکەی

کە بەناو دەمارەکانتا پیاسە بکات و

وەك بزە وابێ.

برادەرێکم دەڵێ:

ئەوانە نیشانەی عاشق بوونن.

خۆم دەبینم..
هەست بە ژانێکی سووك دەکەم
کە بەناو دەمارەکانمدا پیاسە دەکات و
وەك بزە وایە..
هەموو چرکەیێ جارێ
تەماشای مۆبایلەکەم دەکەم..
وا دەزانم زەمین بێ من ناسوڕێتەوە..
بە دوای کەمتەرخەمییەکانمدا دەگەڕێم..
دەزانم شتێ هەیە لە سەرووی خێر و شەڕ..
هەموو خوارێك، راست دەبینم..
مردن دەمرێنم..
پێدەکەنم و بەدەم پێکەنینەوە دەگریم..
دەگریم و بەدەم گریانەوە پێدەکەنم..
لەگەڵت قسە دەکەم و بیری دەنگت دەکەم..
بەوە راهاتووم (4)ی بەیانی بچمە مەتبەخ و
جگەرە بکێشم و بمەوێ بڕۆم،
بەلاّم خۆشم نەزانم بەرەو کوێ..

جا توخوا کەریش نازانێ کە من عاشقم؟

# دۆزینەوە

کێ لە خۆشەویستییدا رقی دۆزییەوە و
کێ لە ئاودا خنکان و روانی دۆزییەوە؟
کێ لە بەرددا بێدەنگیی و
لە مۆسیقادا ئارامیی دۆزییەوە؟
کێ لە مرۆڤدا ئەو هەموو گورگە و
کێ لە مندا
ئەو هەموو تۆیەی دۆزییەوە؟

## ژیانم لە ژیانتدا دەنێژم

ژیانت لە ژیانم داگیرساند
زاکیرەت لە دەمارەکانمدا تەقاندەوە
لەبەرانبەر ئاوێنە گوارە لە گوێ دەکەیت و
من کەمەرت دەخوێنمەوە
لەنێوانماندا، دنیا بورکانێکی گوێگرە.

بۆ هەمیشە ژیانم لە ژیانت دەنێژم
زاکیرەم بە دەمارەکانتدا پەرش دەکەم.
ژیانت لە ژیانمدا بژیێنە
تا بۆ ئەبەد سێبەرم لە سێبەرتدا بتەقێنمەوە.

## له ئاسۆوه تا ستوون

له کورسییەکەوە بۆ کورسییەکیدی
له فارگۆنێکەوە بۆ فارگۆنێکیدی
له شەمەندەفەرێکەوە بۆ شەمەندەفەرێکیدی
له رووناکییەکەوە بۆ رووناکییەکیدی
له ئاسۆوە تا ستوون
له وڵات و کیشوەرێکەوە بۆ
وڵات و کیشوەرێکیدی
له سەفەر بەرەو ژنەکان
بۆ گەشتێك بەرەو ژنەکانیدی
له مردنێکەوە بەرەو مردنێکیدی
له ژیانێکەوە بەرەو ژیانێکیدی
گەڕام، ژیام، مردم، زیندووبوومەوە
ئێستا زانیم دەمویست بڵێم:
ژیان و مردنی منی
لەناو ژیان و مردنی من.

# له دەسپێکەوە دەسپێدەکەین

به چ تۆنێك بانگت بکەم؟
ناوت بنێم هەر چوار وەرز
یا کامه رەنگت پێداتپۆشم؟
که رووت رووت
له قەرەباڵغیدا شەراب دەکێشین
ئاساییه، به ژیان و بوون و
به تۆفان و رووناکیی بانگت بکەم؟
لات چۆنه سەعات پێچەوانه بخولێنینەوە و
له دەسپێکەوە دەسپێبکەینەوە و
له خۆماندا بیوەستێنین؟

## لەگەڵ خۆمدا هی یەکین

نیگای یەکەم دەیزانی.
ترس لە سەگەکانی باشوور دەیزانی.
سەلام نەکردن دەیزانی.
دوژمنایەتی دەیزانی.
مردوویێك کە ئامادەیە شاهێدی بدا دەیزانی.
ژنێك کە گوتی:
"یەکجار لەگەڵ خۆتدا راستگۆبە"، دەیزانی.
پلەی گەرما دەیزانی
رەنگەکان دەیانزانی و زانین دەیزانی
چەند پشیلەیەکی رەش.
شەقامەکان.
ترس لە گومان و گومان لە ترس دەیانزانی
خۆ لە یەك دوورگرتن دەیزانی
خوا دەیزانی
تەنیا من و تۆ نەماندەزانی
کە هی یەکین و تا ئەبەد بۆ یەکین
یا لە ئەوەلەوە تەنیا هی یەکین و یەکین.

## 24 سەعات

دیسان (5)ی بەیانی
بە خەبەر بێی و نەزانی چی بکەی.
تەماشای فیلمێکی پۆڕنۆ بکەیت و
دوای دوو دەقیقە بیگۆڕی.
بزانی خەوتن جۆرێکە لە رەخنەگرتن و
نەتوانی وەك رەخنەگرێك لە خۆت بڕوانی.

جگەرەیەك، دوو، سێ،
بەڕاست.. بەو بەیانییە
جگەرە لە کوێ دەستدەکەوێ؟

چەند لاپەڕەیەك لە

(سوتان لە ئاو،

غەرق بوون لە ئاگر) بخوێنیتەوە و

بەو شاعیرە سەرخۆشە پێبکەنیت.

سەعات 9 خۆت لە چەند ژنێك بشاریتەوە،

چونکە سوێندت خواردوە

خیانەت نەکەی.

سەعات 10 خۆشەویستەکەت هەلگریت و

خیانەت لە ژنەکەت بکەیت و

سوێند بخۆیت و بلێیت:

ئەوە خیانەت نییە.

نەتەوێ لە خۆشەویستەکەت دابڕێی،

بەلام ئەو کاتی نەمینێ.

دووبارە سوێند بە خوا و زەمین بخۆیەوە

کە لە ژیانتدا خیانەت نەکەی.

بەدەم ڕێگاوە هەمبەرگرێك بخۆیت و
بۆ جاری سێیەم بچیتەوە سەر کارەکەت.
وەك ڕۆژان بچیت بخۆیتەوە و
باسی شیعر بکەیت.
لەو کاتەی کە هەموو خەڵك
لە ماڵ دێنە دەرەوە
شیشێك ماسی ترش بخۆیت و بچیتەوە ماڵ.
بەدەم ڕێگاوە، لە چۆنیەتی هاژۆشتنی سەیارە
لە شوفێرەکان تێبگەی کە نازانن
تەنانەت لەگەڵ ژنەکانیشیان بخەون.

بچیتەوەماڵێکی چۆل و بە مۆبایل

بە ژنەکەت بڵێی: بیرتان دەکەم.

سەعات نزیك ببێتەوە لە 24

شاعیرێك تەلەفۆنت بۆ بکا و بڵێ:

یەکی شەو کۆڕی شیعرم هەیە، وەرە

تۆ نەچی، چونکە بزانی لە رێگادا وەردەگرێ.

سەعات 24 ی تەواو

دنیا رووناك ببێتەوە بە تەنویر و

Smsێکت بۆ بێ: (2013 ماچ)

تۆ خەریکی گریان بیت و نەزانی بۆ.

(5)بەیانی هەموو ئاهەنگێڕان

لە خەوی ئارامدا بن و

تۆیش تەماشای فیلمێك بكەیت و

دوای دوو دەقیقە بیگۆڕی.

بزانی خەوتن جۆرێكە لە رەخنەگرتن و

نەتوانی وەك رەخنەگرێك لە خۆت بڕوانی.

جگەرەیەك، دوو، سێ،

لەسەر یەك بكێشیت و

لە پاكەتەكەت بڕوانیت و

بترسی..

بەڕاست.. بەو بەیانییە

جگەرە لە كوێ دەستدەكەوێ؟

## لەناو ناشوێن لە شوێنێکدا

دەڵێیت: بە ناو درەوشانەوە و

گەشانەوەدا هاتم.

بەناو دارستانی بەرد و

دارستانی تاریکیدا هاتم.

قاقا پێدەکەنیت و دەڵێیت:

خۆشم نازانم بۆچی لێرەم!

لە شوێنێك کە کەس نازانێ کوێیە،

دەی ناشوێن لە شوێنێکدا

باسی گریانی گریان دەکەین

باسی  شەیتان و خوا،

کە بۆچی هەردووکیان نێرن

باسی باسکردن دەکەین،

باسی تاریکایی حەقیقەت،

باسی ڕووناکیی تاریکیی

باسی ماینێك دەکەین کە تەماشای پرد ناکا و

بە مەلە ڕووبار دەبڕێ

باسی بێ باسیی دەکەین

باسی کەسێك دەکەین کە لە ڕۆیشتن

لە فڕۆکەخانەدا

کەسی لەگەڵ نییە و

لە دابەزینیشدا کەس پێشوازی لێ ناکا و

بە پۆلیسێك دەڵێ: بژی تەنیایی.

له شوێنێك كه ناشوێنه

له زەمەنێك كه نازەمەنه

له زەمەنێك كه كەس نازانێ چ زەمەنه

سەرمان دەخەینه باوەشی یەكتر و

باسی چنینی ئەفسانه دەكەین.

# ورچێکی ماندوو

ورچێکی ماندوو، نیوەشەوێ بە ماندوویەتی
دێتە ژوورەوە و ناچێتە دەرەوە.
ورچێکی ماندوو، لە خانوویێکدا،
ناتوانێ لە ماندوویەتی رابکا.
ورچێکی ماندوو
لەسەر تەختی ماندووبوون راکشاوە
تاجی ماندوویەتی لەسەر ناوە و چاوەڕوانە
ژنێك جگەرە و ماسی و پۆشاکی بۆ بێنێتەوە.

ژنێك راكە راكە،

مۆم و پەپوولە و گۆشتی مراوی و

قەڵەم و هەتاوی بۆ دێنێتەوە.

ورچێکی ماندوو فوو لە مۆم و هەتاو دەکا،

پەپوولە دەکوژێنێتەوە،

باخچەکە وشك دەکا و نازانێ بنووسێ

پیاوێکی ماندوو تەنیا دەزانێ

لە پێناو ورگ بخوا.

ژنێك راكە راكە، جەستەی سپیکراو و

رۆحی ئاگرینی خۆی

لەسەر سینییەك بۆ دێنێتەوە

پیاوی ماندوو چوزانێ جوانیی بخوا.

ژنێك راكە راكە،

زەمین و ئاسمان بۆ ماڵەوە دێنێتەوە

ورچێکی ماندوو ناتوانێ

لە ماندوویەتی رابکا و ماندووتر دەبێ.

ورچێکی ماندوو،

نیوەشەوێ بە ماندوویەتی دەچێتە دەرەوە

ئیدی نە دەتوانێ و نە بۆی هەیە بتوانێ

بێتەوە ژوورەوە.

پیاوێکی ماندوو لە ژیاندا،

هەرگیز ناتوانێ لە ماندوویەتی رابکا.

## رێژەیی یانی رەها؟

-خۆشە جانتاکەت بخەیتە شان و بڕۆیت؟

-رۆیشتن هەمیشە خۆشە.

-لە بەختەوەریش..؟

-بەختەوەریی زۆرجار جادەیە بەرەو...

-بەرەو کوێ؟

-یانی رۆیشتنێکە بەرەو هیچکوێ

ئاخ..بۆ کەسێك شەقامە، بۆ کەسێك جانتا،

بۆ یەکێ راکردن لە جێگیربوون و

بۆ یەکێ بە تەنیا وەستانە لە وێستگە و..

-کەوایە بەختەوەریش رێژەییە؟

-هەموو شت رێژەییە تەنیا عەشق نەبێ

-ئەها ..دەی ئێستا تێگەیشتم..

لە عەشقدا رێژەیی یانی رەها!

-ئاوا نا دەبەنگ، ویستم بڵێم عەشق رەهایە.

# به ئەشرافێکم بسپێرن

پێسپاردن ئەوەیە
به خوا نا، به ئەشرافێکت بسپێرن
له جیاتی پێکی بێخەونیی،
خەونت پێبدا بۆ ئەوەی خەون ببینی.
پێسپاردن ئەوەیە
به خوا نا، به خانەدانێکت بسپێرن
له جیاتی ئەوەی له چەند
بیرەوەرییێکی سوێردا بتنووسێتەوە
له کتێبه چاپکراوەکاندا بتبینێتـەوە.
پێسپاردن ئەوەیە
به خوا نا، به ئاغاواتێکت بسپێرن
بۆ دووەمجار، که دواینجارە
له باوەشی ئەو له دایکبیتەوە.

## شاری ئاینده

له تاریکییه‌کدا وێرام به‌ناو تاریکییدا رێبکه‌م
به رێ که‌وتم به‌ڵام ده‌بووایه
ئه‌و سه‌یاره سپییه ون نه‌که‌م
که وه‌ك ئاواز به‌ناو کلارنێتدا تێده‌په‌ڕێ
له بن سێبه‌ری دارپرته‌قاڵی ماڵێك وه‌ستاین
شه‌و بۆنی دره‌شانه‌وه‌ی لێ ده‌هات
له سه‌یاره‌که‌دا له ته‌کی دانیشتم و
ده‌ستیم گرت
بۆ یه‌که‌مجار له ژیانمدا
حه‌زم له‌سه‌ر مانگ کرد
تا له‌و بڵندایییه‌وه
له سه‌یاره‌یه‌کی
بن سێبه‌ری دارپرته‌قاڵێك بڕوانم
که ئه‌و و منی تێدا بوو.
له‌ناو ئاینده
شاری ئاینده.

# دەتبارێنم

ببارە، بەسەر سەری خوا و زەمین نا..
بەسەر سەری ئاسمان و شەیتان نا..
بەسەر سەری چیاکان و دەریاکان و
قەڵا و بازاڕی شارەکان نا
یەکڕاست بۆ ناو دەمارەکانم.

دەتبارێنمە ناو رووداوەکانم
ناو هێشووی بێدەنگیم..ناو ناوم
ناو هەتاو و تاریکییەکانم
دەتبارێنمە ناو وشەی (دەتمرم)، ناو ئێسکەکانم
ناو رەنگی گلێنەکانم کە نازانم چ رەنگن و
لە خۆتەوە ناوت ناون: رەش.

دەتبارێنم و دەتبارێم و بۆ تا ئەبەد..

تەماشاکە
لەگەڵ داباریننت
سامالێکی چەند فێنکی تۆخە، ژیان!

## بوونت لە مندا

زووتر شیعرم تەنیا لە پێناو مردن و
بۆ مردن و ترس لە مردن دەنووسی.

ئێستا شیعر لە پێناو ژیان و
بۆ ژیان و خۆشەویستی ژیان دەنووسم.

چ خۆشە ژیانت، بە بوونم لە تۆدا
چ خۆشە ژیانم، بە بوونت لە مندا !؟

# کەسێك كە هەموو كەسمە

یەکەمینجارە
بەرخەکەی باوەشی مەسیح نیم و
ڕێگا نادەم هەر کێ بێ و بەشێکم ببا.
یەکەمینجارە دەبینم ژنێك بە تەنیا
هەموو ژنانی دنیایە.
یەکەمینجارە ببینم کە دەبینم.
یەکەمینجارە کە دواجارە،
خۆم بە عاشقی دەبینم.
یەکەمینجارە کە دواینجارە،
لە شیعرێکدا درۆ ناکەم کاتێ دەڵێم:
خۆم بە عاشقی دەبینم.

## حەز دەكەی لە
## چوار وەرزی ڤیڤالدی بپرسە

بڕۆ لە سەعات پێنجی بەیانی بپرسە
ئەو كاتەی مەلاكەی دراوسێمان
بێ ددان شۆرین داوا دەكا فاتیحەیەك
بۆ رۆحی بیلالی حەبەشی بخوێنین.
بڕۆ لە راچڵەكینی ناو خەو بپرسە.
لە یەكەمین جگەرەی
بەر لە نانی بەیانی بپرسە.
لە تیشكی خۆری سەر سوكان و
لە سولف لێدان بپرسە.
لە گۆرانییە سەیر و سەمەرەكانی رادیۆ.
لە یەكەمین قاوەی بەیانی بپرسە.
لە كۆڕەك تیلكۆم.
لە بەڕێوەبەری ئیدارە.
بڕۆ لە پلەی گەرما بپرسە.

بڕۆ لە نانی نیوەڕۆ لە ماڵ و

نانی نیوەڕۆ لە ڕێستورانتەکان بپرسە.

بڕۆ حەز دەکەی لە کتێب خوێندنەوە بپرسە.

لە یوتوب بپرسە، کاتێ بێ تێگەیشتن

گوێ بۆ شاملوو دەگرم.

لە چوار وەرزی ڤیڤاڵدی

لە (الله اكبر) و

سێ ركەعەت نوێژی مەغریب بپرسە.

لە یەکەمین پێکی عەرەق.

بڕۆ لەو گفتوگۆ ئەدەبیانە بپرسە

کە بە مەستی دەکرێن.

لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵ بپرسە.

لە دڵۆپەکانی باران بپرسە

کاتێ لە جامی پێشەوەی سەیارە دەدەن.

لە من بپرسە: ئەو چرکەیە کەیە،

کە تێیدا بیرت لێ نەکەمەوە؟

## داستانی ورچەکانی پاندا

لە ژوورێك راکشاوە، کۆنترۆڵێکی بەدەستە.
لە تاریکییدا یاری لەگەڵ سێبەری خۆی دەکا.
جیهانی بەدەستە..
نەخشەی شەقامەکان دەگۆڕێ.
ئێستا هەموو رێگاکانی دنیا
فلوتێکە بەرەو ژوورێك
مەستێك لەناو فلوت
بە خێرایی سەیارە لێ دەخورێ.

لە ژوورێك لەسەر عەرد
بە دیار سۆپایەکەوە راکشاون
ڤۆدکا و لیمۆ دەخۆنەوە.
ژنێکی مەست، سەری پیاوێکی مەستی
خستۆتە سەر رانەکانی و
کتێبێکی بەدەستەوەیە:

-بەختەوەرین؟

+نا..رەنگە..ئا..نازانم..نییە..بەڵام.. بەڵێ..

-دەی جۆرێك بڵێ بەڵێ

كە هەست بكەم بەختەوەریین.

+بەڵێ.

-جۆرێك بڵێ بەڵێ

كە هەست بكەم ئێمە تەنیا ئێمەین.

+بەڵێ.

- جۆرێك بڵێ بەڵێ

كە هەست بكەم تا مردن دەڵێی بەڵێ.

+بەڵێ...

لە ژوورێك لەسەر عەرد

بە دیار سۆپایەكەوە راكشاون

ڤۆدكا و لیمۆ دەخۆنەوە

ئێستا هەموو رێگاكانی دنیا فلوتێكە

ژن و پیاوێكی مەست

تێیدا شانۆنامەیەك دەخوێننەوە

شانۆنامەی "داستانی ورچەكانی پاندا".

# چاڵێکم بۆ لە سینگی شەممەدا هەڵکەنن

ژنانی شار هەلهەلە لێدەن
پیاوانی خوا لەبەر دەروازەی مزگەوت کۆبنەوە
لە سینەی شەممەدا چاڵ هەڵکەنن.
بمشۆرن..
با دەنگی خاکەناسی زێڕینتان ببیستم
بمشۆرن..
با دەنگی ئاوی شۆرینی مردوویێك و
دووشی غەریبێك دنیا لاڵ کا..
بمشۆرن با غەدری من و پاکیی ئەو
لە کتێبەکانی مێژوودا بدرەوشێتەوە..

ئەو شەو نایەم.. ئیدی هەرگیز نایەم

شاعیران کوا پێکی من،

لەبەردەم کورسییە بەتاڵەکەم؟

شاعیران دەی کوا نەخب؟

کوا دەنگی گلاسەکانتان؟

کوا برادەرەکانم؟

دەی برادەرە خۆشەویستەکانم

هەر کاتێ منتان دیت

هەر کاتێ منتان بیر هاتەوە

چاوتان داخەن و

شیعرێکی ئەوم بۆ بخوێننەوە..

ژنانی شار هەلهەلە لێدەن

پیاوانی شار

بە خاکەناسی زێرین چاڵ هەڵکەنن

بە بەرد بمشۆرن و

بزانن خوا لە شەممەدا

دەستی لە رووخانی دنیادا هەڵگرت.

# که جیا دەبینەوە

که جیادەبینەوە، ئێواران دەچیتەوە کافتریاکه
له هەمان گۆشه دادەنیشیت و
داوای قاوەیەك دەکەیت.
لەو کوڕه دەڕوانیت
که لەبەر لەرزینی دەستەکانی
تا نیوەی ڕێگا دێت و دەگەڕێتەوە.
دێت و ژێر فنجانەکه،
قاوەی دەڕژێته سەر و دەگەڕێتەوە.
دێت و ژێر فنجانەکه،
قاوەی دەڕژێته سەر و دەگەڕێتەوە.
دێت و ژێر فنجانەکه، قاوەی دەڕژێته سەر و
کلێنسێك دەخاته ژێر فنجانەکه و
به بزەیەکەوه دەگەڕێتەوە.
که جیادەبینەوە،
لەو کوڕه دەڕوانیت و
پێکەنینی نێوانمانت دێتەوه یاد.
ڕۆحت پڕ دەبێ
چاوت پڕ له فرمێسك دەبێ و پێدەکەنی.

که جیادەبینەوە، ئێواران دەچمەوە کافتریاکە

لە هەمان گۆشە دادەنیشم و

داوای قاوەیەك دەکەم.

لەو کوڕە دەڕوانم

کە لەبەر لەرزینی دەستەکانی

تا نیوەی ڕێگا دێت و دەگەڕێتەوە.

گارسۆنە شیرینەکە دێت و تێدەپەڕێ..

ئا، (باری)..

گارسۆنە شیرینەکە ناوی (باری)یە.

دەنگێکی پڕ لە قاقا دێتە گوێم:

"تورەمکەیت، جیادەبینەوە و

شوو بە باری دەکەم"

ڕۆحم پڕ دەبێ.

چاوم پڕ لە فرمێسك دەبێ و پێدەکەنم.

# وەرزێکی جیا لە چوار وەرزەکە

بۆ (غادە السمان)

بترسە لە تەنیایی
بەڵام هەرگیز مەترسە لەوەی
تەنیا بمێنێیتەوە.

چی نەبووە با ببێ
دڵنیابە ناهێڵم تەنیا بمێنێیتەوە.

دەی با بەخێربێن تۆفان و بومەلەزە.

## پێستی لامل

عەتری ڕەگەکانی گەردەنت،
لە بۆنی خۆخ و مسك و شەراب پڕ نهێنیترە.

سەرمامە،
بۆنتم پێ دادە.

ماندووم،
بە پێستی لاملت دامپۆشە.

# له دایکبوونیمان پیرۆز کرد

-ئەو جانتایەم بۆ بێنە،

نۆزدە ساڵە کەس نەیبینیوە،

نەکراوەتەوە، کەس نایناسێ،

تا مردن بە کۆڵمەوەیە وەك کراسەکەت.

جانتاکەم کردەوە..

-ئەوە خوشکە نۆ مانگییەکەم،

کە هەرگیزاو هەرگیز گەورە نابێ

ئەوەش دایکم

کە هەرگیزاو هەرگیز پیر نابێ.

بۆن و لەمسی جلەکانمان کرد و

-ئەمڕۆ لەدایکبوونی

ئەو منداڵەیە کە گەورە نابێ؟

گوتی: سەرمامە.

بەدەم بیستنی دەنگی رووخانی دەنگ

بە دەوری هەموو شاردا خولاینەوە

کێکمان سەند

لەناو تاریکایی شەودا

لە بن دیواری باخچەیەکی ساوایاندا

لەسەر عەرد دانیشتین

سەرمان خستە باوەشی یەکتر و

لەگەڵ ئەستێرەکاندا

جەژنی لەدایکبوونیمان پیرۆز کرد و گریاین.

## خوێنی پاك

ئەگەر لە ژێر پێستمدا ئاوا
بەناو دەمارەكانم
لە بەلەمێكدا راوی رابردووت نەنابووا
كێ دەیتوانی
ئەو هەموو ژنەی ناو خوێنم لەناو ببا؟

ئەی ئەگەر من لە ژێر پێستتدا ئاوا
بەناو دەمارەكانت
لە بەلەمێكدا راوی رابردووم نەنابووا
كێ دەیتوانی
ئەو بەرازانەی ناو خوێنت لەناو ببا؟

# مێژووی کەوتنی پیاو

ئەو رستە چەند جارێك دەخوێنمەوە:
"مێژووی پیاو تەنیا مێژووی کەوتنە
لە تۆوە دەستی پێکرد ئەی ئادەم".

چاوم لەسەر کتێب لادەدەم
چاوەکانی تۆ دەبینم
کە پێڵوەکانت دادەخەی، من رووناکیی نابینم.
کە دەخەویت، من خەون بە تۆوە دەبینم.
دەزانی چی؟
کە تۆ خەون بە منەوە نابینی
من تەنیا و تەنیا، تاریکایی ژیانم دەبینم.

# خۆمانین

قەرویڵەیەکی جیا، لە ژوورێکی جیا،
بە دیکۆرێکی دیکە
سەرینێکی دیکە
کورسی و مێز و هەوایەکی جیا
تابلۆی جولاوی ئەودیو پەنجەرەیەکی جیا
زمانێکی دیکە
تەلەڤزیۆن و حەمامێکی دیکە
رێگا
بانك
باخچە
رەنگی تاکسی
بەرگی پۆلیس و پلەیەکی دیکەی گەرما

جانتاکانمان دەکەینەوە
پێڵاوەکانمان لە پێ دەکەینەوە
گلاسەکانمان پڕ دەکەین لە شەرابی سوور
هەموو شت، شتێکی دیکەیە لەو زەمینەدا
جگە لە ئێمە..ئێمە خۆمانین.

## دەستەکانمان

بە پەنجەکانت پرچم دادێنم.
شیعر دەنووسم و
جگەرەی پێدەکێشم و
شەرابی پێدەخۆمەوە.

بە پەنجەکانم پرچت دابێنە.
شیعری پێبنووسە و
جگەرەی پێبکێشە و
شەرابی پێبخۆوە.

## باوەڕم بە کووشتن هێنا

لەسەر قەنەفەکە
رووبارێکی زیوین دەدرەوشێتەوە.
پێیدەڵێم:
سەرت بخە سەرسینگم و جگەرە داگیرسێنە
هەرگیز باوەڕم بە کووشتن نەبووە
ئەو جارەیان نەبێ..

دەمبینی وا خەریکم تەنیاییت دەکوژم؟

## کوا ڕێگای ڕاکردن

لە ژێر پێستیدا دارستانێ دەمار دەبینرێ
لەناو دارستانێ دەماردا رووباری خوێن هەیە
لەناو رووباری خوێندا بەلەمێك دەبینرێ
لەناو ئەو بەلەمەدا ژنێك هەیە
لە ژێر پێستی ئەو ژنەدا
دارستانێ دەمار دەبینرێ
لەناو دارستانێ دەماردا رووباری خوێن هەیە
لەناو رووباری خوێندا بەلەمێك دەبینرێ
لەناو ئەو بەلەمەدا پیاوێك هەیە
دەی کوا ڕێگای ڕاکردن و چوونەدەرەوە؟

## ڕەقسی دەروونی

کە نیوەشەوێ لە بەرزاییەك
بەسەر پشت ڕادەکشێیت و
لەسەر شانی چەپم هەور و
لەسەر شانی ڕاستم مانگ و ئەستێرە
بە پەنجە ڕووناکەکانت دەگریت
ئەوە هی منە.. نایدەیتە کەس.

**كە برژانەگەكانت لەگەڵ ریتمی موزیك**

**لێك دەدەیت و**

**ئەو بەزمەت ناو ناوە (رەقسی دەروونی)**

**ئەوە هی منە.. نایدەیتە كەس.**

**كە بەدەم گریانەوە**

**بە شەقامە مردووەكانی شاردا دەسوڕێیتەوە و**

**هاوار دەكەیت:**

**لە دەورت گەڕێم و**

**لە دەورت گەڕێم و لە دەورت گەڕێم..**

**ئەوە هی منە.. نایدەیتە كەس.**

کە لەبەر چاوی پاسەوان و
کامیرای بانك و حەرەسی مزگەوت
لەژێر تەرزە ماچ دەگۆڕینەوە
ئەوە هی منە.. نایدەیتە کەس.

کە بۆ پێنج خولەك زیاتر
سەر خستنە سەر سینگم
زەمین پێچەوانە دەخولێنیتەوە و
بە توڕییەوە دەڵێی:
عاشقتم و عاشقتم و عاشقتم..
ئەوە هی منە.. نایدەیتە کەس.

**کە بەر لە چێشت لەسەر تەخت**
**رێد لێبل دەخۆینەوە و لە شەوێکی درەنگ**
**لەناو لەپەکانم دەڕشێیتەوە و**
**توند توند بۆنت دەکەم**
**ئەوە هی منە.. نایدەیتە کەس.**

**کە لەو شوێنەی**
**خۆت ناوت ناوە (کۆلانی پیاوکوژان)**
**مۆم بەسەر باسکم دەتوێنیتەوە و**
**دووکەڵی ناو سییەکانمان دەگۆڕینەوە**
**ئەوە هی منە.. نایدەیتە کەس.**

**کە وەسیەتنامە دەنووسیتەوە و دەیدڕێنیت و**
**هەموو نهێنییەکانی**
**چیرۆکی وجودت دەگێڕیتەوە**
**ئەوە هی منە.. نایدەیتە کەس.**

یەکەمین دیوانت..

خاڵی سەر پەراسووت

ژیان و مردنت

هەمووی..

هەر هەمووی

وەك من کە هەمووم

هەر هەمووم هی تۆیە و نایدەمە کەس..

# خۆڵەمێش

هات

رایهەژاند

وەراندی

لقەکانی بڕی

لە رەگەوە هەڵی تەکاند

ئاگری لێ بەردا و

رۆیشت

ئەو درەختە گوناحەت بۆ کردە خۆڵەمیش؟

# ئاگری رۆژێکی نوێ

له قاتی دووەمی ماڵێك له ماڵەکان

له پەنجەرەوە له شەقامێکی سوور و

بارانێکی نەرمی سوور دەڕوانم

دەی کوا پارك کردنی سەیارە و

له چاوکردنەوەی چاوێلکەکەت؟

سەعاتی سوور له نۆ لایداوە،

هەر بەڕاست بەیانیمان باشە؟

به دەستە سوورەکانم چایەم بۆ تێکردووی،

کوا لێوەکانت؟

جگەرەم بۆ داگیرساندووی،

کوا نینۆکە سوورەکانت؟

لەسەر قەنەفەیەکی ڕەش دانیشتووم

لە مێز و کورسییەکە دەڕوانم

کوای بەڕێوەم ببەی؟

فیلمی بارۆنی سوور و

ڕۆمانی سوور و ڕەشی ستاندالم بۆ داناوی،

بیدەمە کێ؟

کێ ببەمە بەر دەرگا

لە شەقامێکی سوور

بەرانبەر هەوری سوور و

دارستانی سووری سنەوبەر و

لە ژێر بارانێکی نەرمی سوور

بەرانبەر خەڵك و خوا

ماچی بکەم و بۆ سەر کار، بەڕێی بکەم؟

## فاوستی مەلعون

ئەو زێبرایەی سوکانی گرتووە و
بەدەم گوێگرتن لە گۆرانی فارسییەوە
تەزین لێدەخورێ،
من نیم.

ئەو پیاوە تاریکەی
دوو باڵی لە قورقوشم لێ رواوە و
شێی هەوای شار سییەکانی دەکرۆژێ، من نیم.

ئەو پیاوە وشکەی
خۆی لە خۆیدا دەنێژێ، من نیم.

ئەو بێهودەیە
کە دەریا دەریا
شووشەی شکاو
بەناو دەمارەکانیدا پیاسە دەکا و
دەستێکی عەلاگەی پیاز و
دەستەکەیتری پڕ لە خوێن و ئیلتیزام،
من نیم.

ئەو مێرووولەیەی
کە لە دەریاچەی سەعاتدا نقووم بووە،
من نیم.

ئەو هاوارە لاڵە، من نیم.

ئەو نوورە تاریکە، من نیم.

ئەو ئاوە تینووە، من نیم.

ئەو پشیلە گوناحەی سەر خاچ، من نیم.

ژنێك دەڵێ:

-دەزانم تۆ ئەوانە نیت، فاوستی مەلعون.

-تەماشای ژێر پێستی لاملت، بن زمانت

دووکەڵی ناو سییەکانت

ناو ئیسك و دەمارەکانت

من لەوێم..

من لەوێ چەقیوم و

هیچ چوونە دەرەوەیەك نەماوە.

# خەیاڵ ناگێڕمەوە

لە دەمارەکانتدا
بە دوای ئەو خوێنەدا دەگەڕێم
کە شەوێ لە برینەکانی
دەستی راستمەوە هەڵتمژی..
لە ئێسکەکانم بە دوای ئەو ددانەتدا بگەڕێ
کە شەوێ لە دەستی دکتۆرم رفاند و قووتمدا.

خوێنم لە خوێنتدا مەلە دەکا
ئێسکت لە ئێسکم.

## بەیانییەکی زستانیی.. ئاوا بوو

دەرگای حەمامی قفلْدا
وەك مێرووله، له گۆشەیەك بە رووتی
خۆی گرمۆڵە کرد
بە دەستە سڕەکانی، قاچەکانی
کە وەك قاچی دارینی مێز وابوون، گرێدا
رووخساری له چۆکەکانیدا حەشاردا
دنیا سەهۆڵ بوو
بەیانی بوو، نوور نەبوو، زستان بوو
گوێیدایە گۆرانی
(شب بود، بیابان بود، زمستان بود)
له پڕێکا ئاوی کردەوه
تا دەنگی وەرینی فرمێسك و
هەنسك و گریانی پیاوانەی پیاوێك ئاو بیبا.

# کۆتاییتان باش

ژن و پیاوێك

هەر یەکە و کلیلی ڕێگای ژیانیان دەخەنە مل

-نەخبی مردنمان..

-نەخبی مردنمان..

-کۆتاییت باش..

-کۆتایی و سەرەتای نوێی تۆش باش..

لەناو قەڵای داخراوی

پڕ لە عەشقیان دێنەدەر و

کەس نازانێ بەرەو کوێ

لە شەقەی باڵ دەدەن.

# داخران

دەڵێ: نەخشەی ژیانمان وەك هێڵكاریی دڵ وایە

راست ڕێكردن دەمانكوژێ

پیاوێك دەڵێ: ئەو هەموو دۆڵ و

بیابان و ترۆپك و

ئەو هەموو یاڵ و پێدەشت و چاڵەیش مردنە.

ژن و پیاوێك

لەسەر لوتكەی بورجێكی بەرز

دەستەوەستان دانیشتوون

نە دەتوانن دابەزن و نە دەشتوانن روو لە رەها

لەگەڵ هەورەكان هەڵفڕن.

# کات هاتووه کاتمان هەبێ

کات هاتووه کاتمان هەبێ
جل و بەرگ لەبەر زەمەن داکەنین.
"بخەوین، وەك شەراب لە گۆزەدا".
وەك رووبار لە ئۆقیانۆسدا.
کات هاتووه کاتمان هەبێ
پرچمان بە درەوشانەوە دابێنین.
سینگمان بە هەتاو چەورکەین.
لە بومەلەرزەدا، لە خەو هەستین
وەك تێکردنی شەراب لە گلاّسدا.
کات هاتووه کاتمان هەبێ بۆ ژیان
تا ژیانی زیاتر بدەین بە ژیان.

# رووتییمان رووت کردەوە

داخرانمان داخست
رووتیمان رووت کردەوە
دەریای تاریکییمان
لە دەریادا غەرق کرد..
لافاومان لە لافاودا خنکاند
کوژاندنەوەمان کوژاندەوە.

کرانەوەمان پێکرد.
خۆمان داگیرساند
رووتییمان پێکرد
ئەوەندەی ژیام، ژیام
وەك شاعیرێك کە چاوەکانی دارستانی سەگن
ئەوەندەی ماوە بژین، دەژین.

## له بەرانبەر ئەبەدییەت

له ژوورێكی وەك تابووت.
له هوتێلێك كه دەرگای ژوورەكانی
له هەمان جنسی ژوورەكانی ساونەیه.
لەسەر دوو قەنەفەی لەیەكدراو
كه وەك قەروێڵە دیارە.
لەسەر قەروێڵە.
له بن پەیكەری دیكتاتۆرێك
كه خوناو نیشتۆته ژێر برژانگەكانی.
له بن سێبەری پەیكەری شاعیرێك
كه قەلێكی سپی
لەسەر شانی چەپی هەڵكورماوه و
دارستانێك _با_ش لەسەر شانی راستی.
له تەنیشت پەیكەری راهاتوویێكی لۆتۆ
كه سواری پشتی كیسەڵێك بووه.
لای كۆشكێكی رۆژنامەفرۆشی.

له ڕێستورانتی باخچەیەك

كە سەراپای بۆنی ڕەنگ و بۆنی ڕووناكییە.

لە بەرانبەر بزەی شێتێك و

لە بەرانبەر چاوی سووری بازرگانێك

لە بەرانبەر ئەبەدییەتێك كە لە پشتمانەوە

بە دەستەكانی چاومانی داخستووە.

لە بەرانبەر برا كەنناسەكانمان

لە هەشتی بەیانیدا.

لە بەرانبەر خۆرێك

كە لە دەریادا نقوومبووە.

لە بەرانبەر بەرانبەر

دەوەستم و بە شانازییەوە دەڵێم:

بە هەزاران شاعیر هەن لە دنیادا

بەڵام هیچ یەكێكیان، وەك ئێمە

داستانێكیان نییە

كە هەرگیز و هەرگیز تەواو نابێ.

## ژنەکەی دراوسێمان

ژنێکی دراوسێمان سفرەی نیوەڕۆ رادەخا..
ئێمە لە ژوورێکی تاریك، رووناکیی دەکێشین.

گوێمان لە زرنگەی بازنی ژنێکە قاپ دەشوا
ئێمە گلاّسی شەراب و عەرەق بە زرنگە دێنین.

ژنێکی ماندوو لە ژوورێکی رەش رادەکشێ.
ئێمە هێز بە هێز دەبەخشین و
دەنگی تەخت و هەناسەمان بورکانە.

لەنێوان ئێمە و دراوسێکانمان
پرۆگرامێکی دیکە هەیە
لەنێوان ئێمە و دانیشتوانی شاردا
ژیانێکی دیکە هەیە.
لەنێوان ئێمە و عاشقانی دنیادا
مردنێکی جیاواز هەیە.

## بەدەم نووسینەوەی وەسیەتنامە تێنوومان دەبێ

لەسەر قەنەفەیەك

بەرانبەر دارپرتەقاڵەکەی ئەودیو پەنجەرە

کە پشیلەکی سپی

لەسەر لقێکی زەردی هەڵکورماوە و

سەعاتێکە لێمان دەڕوانێ

دەمانچەکە سوار دەکەم.

لای چەپەی سەرم

بە لای راستەی سەری گرێ دەدەم

لوولەکە دەخەمە سەر لای راستەی سەرم و

ئەخیر پێك دەخۆینەوە

چاوەکانمان دادەخەین و ئەخیر ماچ

-بیتەقێنم؟

-دەی

-یەك.. دوو.. ســــێ..

هەناسەیەك هەڵدەكێشم و دەڵێم:

بۆ ئێمەیش وەك شاعیران، بەر لە خۆكووشتن،

بێ ئەوەی دەستمان بلەرزێ،

چەند وشەیەك نەنووسین؟

دەمانچەكە دادەنێمە سەرمێزەكە.

دەنووسین:

-دەزانین هەرگیز رۆژێ لە رۆژان نە دەتوانین

لەناو بەهەشتی یەكتر و نە دەتوانین

لەناو ئاگری بێ یەكتریدا بژین..

بوون یانی چی كە مردن تێیدا

هێندە درێژ و ژیان تێیدا هێندە كورت بێ..؟

دەماوێ بنووسین..

بەدەم نووسینەوەی وەسیەتنامە

تێنوومان دەبێ..

**شەراب تەواو بووە و جگەرەیش**

**بە دوای سویچی سەیارەدا دەگەڕێین و**

**دەڵێم:**

**-دەزانی لە مردندا نە دەتوانین**

**لەناو بەهەشتی یەکتر و**

**نە دەتوانین لەناو ئاگری بێ یەکتریشدا بژین؟**

**-دەزانی چی.... ئێستا دێمەوە**

**ئەرێ هەر لەو شەرابەت بۆ بێنمەوە؟**

**هەر هەمان جۆری جگەرە؟**

# رۆژهەڵات سپی دەچێتەوە

لە دەستەکانماندا، وەرین دەوەرێ.

لە نێو رێستورانتێکی شووشەییدا،

سەر دەخەینە سەر شانی یەکتر و

لێمان دەڕوانن.

بە لێکخشاندنی دەستەکانمان

ئاگر دەکەینەوە و لێمان دەڕوانن.

هەموویان دەزانن،  ئێمە وەك

دارستانێکی وشك و ئاگر، یەکترمان خۆشدەوێ.

لە دەستەکانماندا، دەرەوە دەوەرێ.

رۆژهەڵات سپی دەچێتەوە..

بە گژوگیای باخچەی رێستورانتێکەوە دیارە،

پایز بەهارە.

ئێمە سەر دەخەینە سەر شانی یەکتر و

لێمان دەڕوانن.

ئێمە بە لێکخشاندنی دەستەکانمان

ئاگر دەکەینەوە و لێمان دەڕوانن.

هەموومان دەزانین،

ئێمە تەنیا وەك ئێمە، یەکترمان خۆشدەوێ.

## له ڕۆژهەڵاتەوە تا باشوور

له کام ڕووبار پێیەکانت دەشۆریت؟
بە چ ئاوێك کراسەکەت پاك دەکەیتەوە؟
لەنێو ئەو دارستانی مۆسیقایە
لەژێر سێبەری کام دارخورما
خەون بە ئاوازی خۆبوونت دەبینیت؟

خۆتبە و ببینە کە ژنێك
لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ئەوپەڕی باشوور
خوێنەکانی هی تۆیە.
ئێسکەکانی هی تۆیە.
خەونەکانی هی تۆیە.

**دەی ئێستا بڵێ:**

**لە کام رووبار پێیەکانت دەشۆریت؟**

**بە چ ئاوێك کراسەکەت پاك دەکەیتەوە؟**

**لەنێو ئەو دارستانی مۆسیقایە**

**لەژێر سێبەری کام دارخورما**

**خەون بە ئاوازی پاکبوونەوەت دەبینیت؟**

## له هەموو شوێن و ناشوێنێك

له كەنارى دەرياچه دەستكردەكه
له تەنيشت پياوانى موخابەرات و سەگەكانيان
بەرانبەر سەماى نوور و موزيك و ئاو
كه هەموويان دەستكردى مرۆڤ بوون.
لەبەر دەرگاى مۆڵێك
كاتێ تەماشاى كچ و كوڕێكى هەرزەكار دەكەين
بەدەم فرمێسك هەڵوەراندن
سەريان خستۆته سەرشانى يەكتر.
له ژێر ئاسمانێك كه يەكپارچه
جۆره گوڵێكى مۆر بوو..
لەناو ئەو كۆترانەى كه له مرۆڤ ئازاترن.
لەناو فنجانێك له بڵندترين خاڵى شارێك
مەبەستم ناو چەرخ و فەلەكه.
له شەقامێكى ڕەنگاوڕەنگ
له تەنيشت پەيكەرى ئەتاتورك

بەرانبەر ئەو پیرەمێردەی
سێ گوڵی سوورم لێی کڕی.
لە رێستورانتێك كە نەماندەزانی
داوای خواردن بكەین.
لە گەڕان بە دوای ئەو جۆرە كحولەی
كە ئێمە دەمانویست و نەبوو.
لە ماكدۆناڵدز.
لەسەر قەروێڵەكەیماڵەوە.
لەناو خەڵك، كە ئێمە پێمان وابوو تەنیاین.
لەناو خەون.
لە ژێر باران، لەناو سەیارە.
لەناو پارك
لە ئاسمان و
لە هەموو شوێن و ناشوێنێك
دەی كوا كوێ ماوە ئێمە تێیدا نەژیابین
جگە لەناو قەبر؟

## پیاوێکی نیوە رووت..

سینییەك لەسەر قەروێڵەیەك.
وێسکی و بەفر و
گلاٚسێك ئاوی سرووشتی  و
کوپێك فستق لەسەر سینییەك.

پیاوێکی نیوە رووت،
بەدەم پێك هەڵدانەوە
ناوێرێ بیر بکاتەوە.

**بیر لە چی بکاتەوە!؟**

**لەو فرمێسکە سوورانەی**
**کە دەکەوێتە سەر سینگی رەشی؟**

**پیاوێکی نیوە رووت،**
**ناوێرێ بیر بکاتەوە و**
**تەنیا دەزانێ بڵێ:**
**نەفرەتیم من، وەك مرۆڤەکان.**
**نەفرەتیم من، وەك ناخی جیهان.**

## تاریکایی ژیانمان چەند ڕووناکە!؟

قەروێڵەیەك لەنێوانی
مەغریب و عیشا رادەخەم
پێستت لەسەر قەروێڵەکە.
سەرت لە باوەشم غەرق.
"من تۆم، ئەگەر من من بم"

بە رەنگی پرچت مێزی نێوانمان دادەپۆشم
دوو گلاسیش پڕ دەکەین لە ڕووناکیی
تۆ منی، ئەگەر تۆ تۆ بیت.

لەسەر قەروێڵەی نێوان نیوەڕۆ و عەسر
فەزا بە رەشایی چاوەکانت دادەپۆشم
تاریکایی ژیانمان بە باران دەسڕینەوە
ئێمە ئێمەین، ئەگەر ئێمە ئێمە بین.

## کاتی رووخانی ئاسمان

چاوەکانم چ رەنگن؟ هێشتا رەش؟
ئیدی ناتەوێ پەنجەکانم
ساردیی دەستەکانت هەڵمژن؟
هێشتا شەرابی شیراز و شوکولاتەت پێخۆشە؟
حەز ناکەی دووکەڵی نێو دەمم
بخەیتە سییەکانتەوە؟
کراسی تەنکی نیلی و
ستیانی تاریکت ناوێ؟
ناتەوێ لە دەمی رووخانی ئاسماندا
سەرت غەرقی سینگم بکەیت؟
ئیدی کە تۆفانیت،
کراسەکەم بە فرمێسکەکانت ناشۆری؟

هێشتا ئەو کراسەم دەپۆشی

کە شیعر و کوخێکە

لە بۆنی پێستمان و عەتری "جان پاول"؟

بۆ هێندە بومەلەرزەیت؟

بۆ وا زەمین و ئاسمانمان دەهەژێنی؟

گوتم: دەریاییەکی هاوینی بە و..

هەزارجارە بڵێم:

کە تێلم نەکردووە

خوا دەزانێ هەموو خەتا

لە نەبوونی شەبەکەیە.

## کاردانەوە

پەیکەرێك بووم
داتتاشیم و دەمپەرستی.
پەیکەرێك بوویت
دامتاشیت و دەتپەرستم.

تا هەم، تا هەی، تۆم
تا هەی منی، تا هەی هەم
ناتوانم تا هەم بێ تۆ بم
بێ من ناتوانی تا هەی ببی.

هەین تا ژیان ببێ
تا هەین ژیان هەیە
ئێمە ژیانین لەناو ئەبەدییەتدا.

# ژووری ژمارە 214

دوای زەمەنێ لە نزیك
ژووری ژمارە 214ی هوتێلێك
لەو شوێنەی کە دەستمانپێکرد
بە تووڕەییەوە گوتم:
- لەو شوێنەی کە دەستمانپێکرد
هەر لەو شوێنەش کۆتایی پێدێنین..
بەڵام سەر لە نوێ
لە هەمان ئەو شوێنەی
کە تێیدا دەستمانپێکرد
دەستمانپێکردەوە.

## کەس نازانی بەرەو کوێ!

وەك راوچییە کۆنەکان
ژیانمان رمە و
نێچیریشمان جەستەکانمان.

عەشق رووبارە و دەمانبات
کەس نازانی بەرەو کوێ!

من دەڵێم: بەرەو نادیارێکی دیار.

## روودەدا هەموو شتێ رووبدا

روودەدا پێیەکانم
بە خوناو و برووسك و گاردینیا بشۆرم.
روودەدا لە مارکێتێکی گەوەرە
فێڵ لە کامێرا بکەم و
_با_ بدزم بۆ چەورکردنی پرچم.
روودەدا فێڵ لە فێڵ بکەم.
روودەدا بە درێژایی ژیانم
دەرگاکە بە کراوەیی جێبێڵم
چونکە لەوانەیە یەکێك بگەڕێتەوە.
روودەدا لە رێستورانتێ ژنێك بناسم
کە وەك شوێنەواری دلۆپێ باران وایە
لەسەر بەفر و
منیش بەدەم تەماشاکردنی _با_وە
کە تۆز و خۆڵی شەقام رادەماڵێ
بیر لە ئەبەدییەت بکەمەوە..

# کەسی سێیەم لە خەوندا

کە زیاتر دەزانین، غیرە دەکەین

کە غیرە دەکەین

ئازادیی لەناو دەبەین

کە ئازادیی لەناو دەبەین

لەگەڵ خەونەکانمان تەبا نابین

کە لەگەڵ خەونەکان تەبا نابین

هەوڵدەدەین تا هەوڵی لەناوبردنی

خەونەکانمان بدەین.

چەند خۆشە لە خەونەکانیشماندا

دەتوانین کەسی سێیەم لەناو ببەین.

# خوێنی ڕەگەکانی گەردەنت

دەمەوێ شیعرێك بنووسم.. دەنووسم:
"عەشق بەهێزترین دەسەلاٚتی دنیایە"
دەمەوێ بەردەوامبم..
ناهێلێت و
لە نامەیەکدا دەنووسی: لە کوێی؟
دەڵێم: هەموو ئەو شوێنانە لەناو مندان
کە جارێ لەناویدا ژیاوین
-کوێن ئەو شوێنانەی
کە جارێ لەناویدا ژیاوین؟

-بۆ نمونە:

قاتی شەشەمی هوتێلێك

کە ژمارەی ژوورەکەمم لە یاد نەماوە.

ناو سەدای بۆنی پرچت.

ناو خوێنی رەگەکانی گەردەنت.

ناو هەموو دەنگەکانی ناو دەنگت.

لە ناو ناو.

شوێنی بلۆك و چیمەنتۆفرۆشی و..

دەمەوێ

شیعرێك بنووسم.. دەنووسم:

"عەشق بەهێزترین دەسەڵاتی دنیایە"

دەمەوێ بەردەوامبم..

ناهێڵێت و

شیعرێکی دیکەم پێدەنووسیت..

ئەو شیعرە.

# له چاوەڕوانییدا

سەعاتێك ماوە بێی..
لەسەر چاوەڕوانیی دەنووسم ئۆقیانۆسی بەرد.
کتێبێك دەخوێنمەوە:
"مێژوو هیچ ناڵێ،
مێژوو تەنیا وەڵام دەداتەوە"
حەزم لە وەڵامدانەوە نییە،
کتێبەکە دەکوژێنمەوە.
لە ژیانم گوڵم ئاو نەداوە، دەچم ئاویان دەدەم.
لەسەر قەنەفەکە رادەکشێم و
شیعرێك دەخوێمەوە
باسی دەروازەی دەروازەکانی دنیای کۆن دەکا،
حەزم لە دەرگای ماڵی خۆمانە
کە لێی دەردەکەوی.

سەرێك لە ماركێتەكە دەدەم و

جگەرەیەكی پڕ لە تاریكیی و هەتاو دادەگیرسێنم

تەماشای خۆم دەكەم، تۆ دەبینم.

دەچمە ناو نێت،

براكانم هەموویان بووینە شاعیر..دێمە دەرێ.

سەعاتێك یەك سەدەیە

ئەو شیعرە دەنووسم و بلاّوی دەكەمەوە

هێشتایش نیو سەدە ماوە بێی.

## له پێناو دەرەوە

زۆرجار تەنیا لەپێناو دەرەوە
ژەهر دەپۆشین و
ڕووباری ڕووناکیی
له جەستەدا دەکوژێنینەوە.

زۆرجار تەنیا لەپێناو دەرەوە
بە نووکی چەقۆ، نەخشەی مردن
له جەستەمان تاتۆ دەکەین.

زۆرجار تەنیا لەپێناو دەرەوە
بە ترس خۆمان دادەپۆشین و
نازانین ببینین
کە دەرەوە تەنیا دەرەوەیە
نازانین ببینین
دەرەوە جگە لە دۆزەخێك
کە بە فوویەك دەکوژێتەوە
هیچ شتێکی دیکە نییە.

# ئەگەر بوویتە رۆیشتن

ئەگەر بوویتە رێگا و هەنگاو و رۆیشتن و
لە _با_دا نوقم بوویت،
چی لەگەڵ خۆتدا دەبەیت؟
ئێستای ئێستات؟ ئایندەی زاکیرەت؟
خەونی ناو خەون و خەیاڵی خەیاڵت؟
ئەگەر بوومە رێگا و هەنگاو و رۆیشتن و
لە _با_دا نوقم بووم
چی لەگەڵ خۆمدا دەبەم؟
ئێستای ئێستام؟ ئایندەی زاکیرەم؟
خەونی ناو خەون و خەیاڵی خەیاڵم؟

ئەو وشە تێکەڵاوانەی ناو ئەو شیعرە ئێمەین.

## دەرەوە گۆڕ هەڵدەکەنێ

سایەقەکان قەبر لێدەخوڕن.
هەوا گۆڕ هەڵدەکەنێ.
مرۆڤ سەگی ڕێگایە.

دەگەمە ژێر ڕووناکیی گڵۆپەکان
کۆڵانەکان لەگەڵ ناکۆکیدا تەبان
مرۆڤ دەڵێ: هی من نەبێ، نابێ ببێ.

ژنێك لە ماڵێك ڕاکشاوە
بیر لە سایەقەکان ناکاتەوە
کە قەبر لێدەخوڕن.
نایەوێ بزانێ کە هەوا گۆڕ هەڵدەکەنێ و
مرۆڤ سەگی ڕێگایە.
تەنیا دەزانێ هاوار بکا:
درەنگ هاتن زۆر لە مردوو بێرۆحترە.

# ژیان لەسەر تەختێك

ژوورێکی بچووکی خانوویێکی گەورە

ژن و پیاوێك، لەسەر تەختێك راکشاون

یاری لەگەڵ ژیان و

یاری لەپێناو ژیان و

یاری بە ژیان دەکەن

لەگەڵ ئەوەش کە دەزانن

ژیان یاریان پێدەکا.

## ڕێگایەك بەرەو رۆژهەڵاتی دەبردین

کە دەمرین زیندووەکان عاشقی زوو ناشتنن.
گۆڕستانەکە چۆل دەبێ.
سەرم بە ئەلحەد دەکەوێ.
ئینجا بیر لە زۆر شت دەکەمەوە..
بیر لە گۆشەیەکی
حەوشەی مزگەوتەکە دەکەمەوە
کە "رۆدا" سەری خستۆتە نێوان چۆکەکانی.
بیر لە ماچە گەرمەکانی ماسییەکی سپی،
دوای شەڕە رەشەکان.
بیری پێکەنینمان.
هوتێلەکەی باکووری باشوور.
ئەو ڕێگایەی کە بەرەو رۆژهەڵات دەیبردین.

کە دەمرین زیندووەکان عاشقی زوو ناشتنن.
گۆڕستانەکە چۆل دەبێ.
سەرم بە ئەلحەد دەکەوێ و
بیر لە کلیلی گەردەنی ژنێك دەکەمەوە
کە بە دەرگای هەنگاوەکانمی دەکرد
بیر لە ئارامییەکانی بەر لە تۆفان.
بیر لە هەزاران جار مردن و زیندوو بوونەوە.
بەڵام لە هەموو ئەو شتانە گرنگتر
بیر لەو دیوانە شیعرە دەکەمەوە
کە ژنان بۆیان نووسیبووم و لە ترسی تۆ
نەوێرام کۆیان بکەمەوە.

# له جیابوونه‌وه جیاده‌بینه‌وه

له شوێن و ناشوێن و
زه‌مان و نازه‌مان مه‌ترسه..
شه‌ڕ به ئاگر و شه‌ڕ به ئاشتی و
شه‌ڕ به شه‌ڕ بفرۆشه.
شه‌ڕ بكه و له جیابوونه‌وه مه‌ترسه.
شه‌ڕ ده‌كه‌م و له جیابوونه‌وه ناترسم.
ئیدی ناترسین
له جیابوونه‌وه جیابووینه‌وه.

## ژیان خواردن

دەیبینم
لەسەر قەروێڵە
لە مەتبەخ
لەناو باخچە بچووکەکە
لە مۆڵ و شەقام و لەناو وشەکانیشتدا
ژیانت دەخوا.

دەیبینم
خۆر هەڵدێ و ئەو رووناکی رۆژەکانت دەخوا.
خۆر ئاوا دەبێ و
ئەو رووناکی شەوەکانت دەخوا.

# خوداوند و قەبر

له ژیانی هەر یەکێکمان کەسێك هەیە
وەك خوداوەند و قەبر وایە
بۆ هەر کوێ بچین
هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە.
ئەوەی کەسێکی وای لە ژیاندا نەبێ
نە قەبر و
نە خوداوەندی هەیە.

# جیابوونەوە بچووکترە لە ترس

جیاببینەوە یا نەبینەوە

کە دەزانین تا ماوین جیانابینەوە و

لە چرکەیەکیشدا

کە ناوی جیابوونەوەیە جیادەبینەوە..

دەی کوا دەبێ ترسمان هەبێ لەوەی

کە لە چرکەیەکدا جیادەبینەوە؟

# گۆشەی باخچەیەك لە باکوور

دەمەوێ دوا وێستگەم
گۆشەی باخچەیماڵێکی دارین بێ
لەناو دارستانێکی باکوور
لەوێ لە بولێڵدا
بە کحول خۆمان بشۆرین و لە جەستەتدا
رەسمی دوو پشیلە بکێشم
کە لە گۆشەی باخچەی ماڵێکی دارین
لەناو دارستانێکی باکوور
خۆیان بە کحول دەشۆرن و
شانۆنامە دەخوێننەوە و شیعر دەنووسن
دەمەوێ دوا وێستگەم
گۆشەی باخچەی ماڵێکی دارین بێ
لەناو دارستانێکی باکوور
لەوێ لە گزنگی شەممەیەکدا
"بە ئارامی لەژێر ئەو خاکەدا راکشێین
کە نەمانتوانی تاوێ لە سەریدا بحەسێینەوە".

## قەفەسی ئازادیی

حەزی لە قەفەسە ئەو باڵندەیە؟

لە قەفەسدا هەڵزنا، خلیسکا، ڕاکشا
لە قەفەسدا ژیا، مرد، زیندوو بۆوە
تاقەتی هەڵزنان و خلیسکان و ڕاکشان و
ژیان و مردنی ناو ئاسنی نەما.

لە کەنارەکان و شارەکان و کیشوەرەکان
پیاوێك لە شەقەی باڵدەدا
دەیەوێ تا مردن باڵندەیەك بێت و
لە ئۆقیانۆسی ئاسماندا مەلە بکا..

هەر وایە..لە ئازادیی غەرقبوون
شانازیی زۆر زیاترە
لە قەفەسی عاشقبوون.

## دەیەوێ باوەڕ بە خۆی بێنێ
## کە نەمردووە

خۆشەویستترین کەست بمرێ
چەندت لە زەمەن پێدەوێ تا باوەڕ دەکەی
کە بەڕاستی مردووە؟
چەندت لە زەمەن پێدەوێ
تا ناوی لە مۆبایلەکەت بسڕیتەوە و
فیغانی بێڕیتمی لێدانی دڵت
لە گوێ و چۆکەکانت نەبیستی؟
چەندت لە زەمەن پێدەوێ
تا خۆت باوەڕ بە خۆت دێنی کە نەمردوویت و
لەگەڵ ئەوەش هەموو کەسێ بزانێ
کە تۆ مردوویت؟
چەندت لە زەمەن پێدەوێ
تا باوەڕ بە خەڵك و خوا بێنیت
کە نەمردوویت و لەگەڵ ئەوەش
خۆت لە هەموو کەس باشتر بزانیت
کە تۆ مردوویت؟

## داهێەرە گەمژەکان

دەستی یەکتریان گرت

روو لە بەرزایی، هەڵزنان

لەناو قوڕاوی لێژاییدا کەوتن

بەسەر پشت هێشتا

دەستیان لەناو دەستی یەکتر

لە درەوشانەوەی ناو تاریکایی شەویان روانی

ژنێك دەڵێ: لە باوەشتدا،

عاشقی هەموو کەوتن و سەرکەوتنەکانم..

ژن و پیاوێك

لەناو تاریكایی سەیارە لە بنارێكدا

گەشانەوەی نووری پێستیان

تێكەڵی تاریكایی سرووشت دەبێ

پێكەنینان بە بازنە و باڕووت و خەیاڵ دێ..

پیاوێك دەستێكی جگەرە و
دەستەكەی دیكەی سوكان
ژنێك سەری خستۆتە سەر سینگی پیاوێك.

درەنگ دادێ
پیاوێك دەڵێ: خوا شەوی لە ناخی رۆژ و
رۆژی لە ناخی تاریكیدا دەرهێنا.
ژنێك دەڵێ: مرۆڤ هات،
رۆژ و شەوی دابەش كرد و سەعاتی داهێنا.
پیاوێك دەڵێ:
لەعنەت لەوانەی
كە یەكەمجار سەعاتیان داهێنا.

## ئەو شەوەی کە بۆ کچەکان گریاین

درەنگبوو، سەرمابوو، تۆفانبوو

ترافیك سوور بوو،

دوو گوڵی سوورم

لە کچێکی بێدایك و باوك سەند

چاوەکانی ڕێك،

چاوە کەسکەکانی کچەکەم بوو.

بۆ ئاهەنگ چووبوو

نەخۆشی بووم..

دەبووا ئاگر و پێکەنینەکانی

لەگەڵ من بێ.

لە گەراج وەستام

نامەم بۆی نارد

-دەبێ ڕووناکیی و تاریکییەکانت

لەگەڵ من بێ.

دەنگی پێڵاو و چەگر و هەنگاوم بیست
بەرەو قووڵایی شەو شۆڕبووینەوە
خزاینە باوەشی ڕێگا سپییەکان
لە ڕێستورانت کچێکی بێدایك و باوك
چاوەکانی ڕێك،
چاوە کەسکەکانی کچەکەم بوو
ماسی بۆ هێناین
هیلاك بووین..
لەسەر تەخت ڕاکشاین
تا هێزمان بوو
بۆ هەموو کچە
بێدایك و باوکەکانی دنیا گریاین.

## مردووی زیندوو

ڕوو لە ئاسمان
سەری لەسەر ڕانی ژنێك
شەرابی زیندووی مردوو دەخۆنەوە
دوو غەریبی مەست لە ژوورێکی تاریك
سەریان لە باوەشی یەکتر، تەم دەژەنن
دەنگی بەرزبوونەوەی گریانیان
تێکەڵی هاتنە خوارەوەی غەریبیی دەبێ
بە ستوونێك ژیانیان دێتە خوار و
بە ستوونێك مردنیان سەردەکەوێ..
لە ژوورێکی تاریك
سەریان لە باوەشی یەکتر
شەرابی دوو زیندووی مردوو دەخۆنەوە.

## پەناهەندە

غەریبێك بەڕێوەیە
ژن و پیاوێك لە مەتبەخ، چاوەڕوانن
خوێ بە ئاسن دادەکەن
دوو پێك خوێن
لەسەر مێزی هەوا دادەنێن
لم لە چاوەکانیان دەبرژێنن
دەستەکانیان بە مسی کولاو پاك دەکەنەوە
ئێسك و دڵیان لای پێکەکانیان دادەنێن
چاوەڕوانن غەریبێك بگا
سەریان لە سینگی یەکتر غەرق، بە یەکەوە:
-لێرە بە دواوە
تەنیا دەتوانین پەناهەندە بین.
غەریبێك دەگا
ژن و پیاوێکی عاشق تێیهەڵدەدەن.

## سەرمای گەورە

بەڵێنی ئێمە لە هەوا دایە.

نەتەوێ بکوژی، ناکوژرێی.

لەگەڵ ئەوەش سەرمای گەورە بەڕێوەیە.

سەرما خۆشەویستیی گێسك دەدا.

دەستەکانت زستانن.. ئێمە هەوای زستانین

نەتەوێ بکوژی، ناکوژرێی.

لەگەڵ ئەوەش سەرمای گەورە بەڕێوەیە.

**دوو کێڵ سەهۆڵ لە شەقامەکان**

**خەون لێدەخورِن**

**خەون چاڵ هەڵدەکۆڵێ..**

**ناخی زەوی بەفر لەبەر دەکا.**

**دەستەکانم کێڵی سەهۆڵن،**

**سەهۆڵ مرۆڤ دەژەنێ**

**هەوا دەلەرزێ، ئێمە هەوای زستانین،**

**هەوا ژیان قووت دەدا**

**نەتەوێ بکوژی، ناکوژرێی.**

**لەگەڵ ئەوەش سەرمای هەرە گەورە بەرِێوەیە.**

# دوای جیا بوونەوە

دوای جیا بوونەوە
ئەو جارەیان
کە باران لە جامی سەیارەکە دەدا
دڵۆپەکانی ئاسنن.
دەستەکانت تاریك دادێن،
دەستەکانیتر شەختەیان لێ دەڕوێ.
لە سینەما کە لە فیلمێکی ترسناك دەڕوانیت
دەستەکانت شەختەی تاریکن،
دەستەکانیتر خۆری بەفر.
دوای جیابوونەوە،
ژووری هوتێلەکان ژووری شۆرینی مردووانن.
ئاگر لەناو قەفەس دەخنکێ..
بارەکان دەکۆخن.
ژیان تۆفان لەبەر دەکا.

**دوای جیا بوونەوە**

**ئەو جارەیان**

**کە باران لە جامی سەیارەکە دەدا**

**دڵۆپەکانی بەردن.**

**دەستەکانم شەختەیان لێ دەڕوێ،**

**دەستەکانیتر تاریکیی.**

**کە لە سینەما لە فیلمێکی ترسناك دەڕوانم،**

**دەستەکانم تاریکیی شەختەن و**

**دەستەکانیتر بەفری ژێر خۆر.**

**دوای جیابوونەوە**

**ژووری هوتێلەکان ژووری شۆرینی مردووانن.**

**ئاگر لە قەفەسێکی کراوەدا دەخنکێ..**

**بارەکان دەکۆخن.**

**ژیان مردن لەبەر دەکا.**

## کۆتایی ئەفسانەکە

دوو سەیارە بەناو کلارنێتێکدا ڕەت دەبن
بەرەو نقووم بوون لە درەوشانەوە
لە ژێرزەمینی هوتێلێك.
بەرەو خۆیان لە دەرەوەی دەرەوە.
بەرەو تاریکییەکی شکاو لە ڕۆژهەڵاتی باشوور
ناو دراستانی عەرەق
لە باخچەی پشتەوەی ڕێستورانتێك
بەرەو جەژنی مردن
لەسەر قەروێڵەی ماڵێك لە باکوور..
نووری رووتی سینەما لە دوازدەی شەودا
بەرەو خۆر لەناو دۆزەخێکی بەفرین..
دەگەیشتن..
هەمیشە دەگەیشتنە گەیشتن.
شاریان لە سینگیان هەڵدەگرت
دەستەکانیان بە زەیتوون دەشووشت و
ئاسمانیان بە بۆنی ئێوارە دەگەشایەوە.

ئێستا هەمان شەقام مارێکە
دوو سەیارەی تەریب بە ناویدا رەت دەبن
لە قوولأیی گەرووی کۆلأنێکی تالأدا
کەسێك دەستێکی پڕە لە خەون و
ئەویتری تۆفان
دەیەوێ خەون لە تۆفاندا بنێژێ..
بە تۆفان خەون دەچێنێ..
دەیەوێ بە تۆفان و خەون ژیان بڕوێنێ..
دەیەوێ لەنێوان تۆفان و خەون
دیوارێ بینا یا بڕوخێنێ.
کەسێك لەناو _با_دا دەشنێتەوە
سەری باشوورە و
قەفەزی سینگی رۆژهەلأت
لە قوولأیی ناخی تیمساحێکدا

لەنێوان قەفەزی سینەیی و
کەللەی سەریدا ئێرە و ئەوێ دەکا
خەون دەڕژێ.. تۆفان دەڕوێ..
زەمین دەکوژێتەوە.
تاریکیی کۆڵان دەخوا..
تاریکیی سێبەر دەشکێنێ..
تاریکیی، تاریکایی ئەفسانەکە دادەگیرسێنێ
نەدەبووا شەقامێك کە کلارنێت بوو
ئێستا تونێلی جەستەی مارێك بێ
بەرەو کۆڵانێکی تاڵی رووت
کۆڵانێك کە رووناکیی خوارد
کە تاریکایی ئەفسانەکەی داگیرساند.

## زمانم لە دەمی تۆ دایە

پارچە پەرتبووەکانمت
باوەش باوەش
لە باوەشی ژنانی دنیا کۆکردەوە
ئێستا هەمووم لای تۆیە
رۆژەکانم، خۆرم، خەونم، خوێنم
پێك و شێتی و تاریکیی و عەقڵم..

هەر بۆ ئەوەی تا مردن ژیانمانی پێبنووسم
تەنیا پەنجەکانی خۆمم بدەوە
کە لە دەستی تۆ دایە.
تەنیا زمانی خۆمم بدەوە
کە لە دەمی تۆ دایە.

## چراکەم دەکوژێنمەوە

نیو دڵۆپ دووریی لە نزیکێك، زۆر گەورەترە
لە سەدان ئۆقیانۆس مردن..

چرای نزیکیم دەکوژێنمەوە

دەمەوێ بزانم،
بۆ تۆش
نیو دڵۆپ دووریی زۆر گەورەترە
لە هەزاران ئۆقیانۆس مردن..؟

## هێشتا هەم

ئەوەی مرۆڤ حەز دەکا لە تاریکییدا بیکا
لە رووناکیدا کردم.
ویستم رێگا رەنگاوڕەنگەکانی
تاریکیی تاقی بکەمەوە
ئەوان تاقییان کردمەوە و نەشوەستام.

دەڵێ: خۆتی بۆیە..
دەڵێم: کە نەمام
هێشتا لە شوێنکێك لە شوێنەکاندا هەم
رەنگە لە وشەکانمان
ئەوانەی کە بە خوێن نووسیمان.
بۆیە بۆ من
هەر چرکەیەك فاریزەیەکە
تا حەرفی رووداوێکی نوێ دەستپێبکەین.

# زەوقی ناو دەنگم

لە قووڵایی دەریاوە بۆ شینایی ئاسمان.
لە کەسکایی دارستان و
دارستانی بەردەکانەوە بۆ بیابانە گەورەکان.
لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە
تا ئەودیوی ئەو سنوورانەی
کە هەر سنوورن و هەر سنوور.
مەفرەزەی پۆلیسی هاتۆچۆ.
شاعیرە بێ شعورەکان.
دکتۆرێکی ددان، ئێستا ناوەکەیم لەبیر نەماوە.

له کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە

تا هوتێلەکانی باکوور و

پیاوە بە ژنەکانی باشوور.

درۆزنترین وتاربێژی پۆلەتیکناس.

لە قوتبەوە بۆ قوتب.

لە ئارامیی دەریاوە تا تۆفان

معاون توبی.. کەنناس.. پیاوانی سناعە..

درەختەکان و چیاکان

دەی کێ و چی ماوە عاشقت نەبێ؟

کە وایت و نەشتدەزانی غیرە چییە

ئێستا بۆ غیرە لە زەوقی ناو دەنگم دەکەی؟

## هەم، دەبم..

له گەردەنتمکه

سەرمات بوو بە خۆتم دادە

ماندووبوویت هەنگاوتم

من کەس نیم جگە لە تۆ.

## رووناکیی

تاریکیی  ژیانم بوو
که رووناکیت پێ گوتم.
تەماشای ئاسمانکە ئێستا
ئەوە چ هەڵلایەکییانە هەنگاوەکانمان!؟
تەماشای زەمینکە
ئەوە چ هەڵلایەکییانە دەستەکانمان!؟

# دڵۆپ دڵۆپ موڵکتم

خەریکە دڵۆپ دڵۆپ داگیر دەکرێم

ئەوە بۆ من هەم ترسناکە و هەم نوێ

ڕەنگە خۆشیش بێ

ئەوە نازانم من

بەڵام لەگەڵتم..

تا ئەو شوێنەی کە دڵۆپ دڵۆپ داگیر دەکرێم.

## سڕانەوە

دەبێ باڕەکان و باخچەکان و کۆڵانەکان
دەبێ هەور و سەفەر و ڕێگاکان بسڕێنەوە
دەبێ غرور و رق
پاڕانەوە و شەڕ، سڕانەوە بیانبا..
بۆ ئەوەی نەمێنێین دەبێ شیعر نەمێنێ
کحول و بەرزاییەکان و
سەر خستنە سەر سینگ نەمێنێ
دەبێ جوگرافیا بکوژێتەوە.
ڕۆژژمێر بسڕێتەوە..

ڕاستی بۆ ئەوەی بسڕێینەوە
دەبێ زۆر شت بسڕێنەوە
بەر لە هەمووشیان، من.

## ڕۆیشتن لە دەست ڕۆیشتن

نازانم لە ڕۆیشتن
یا بەرەو ڕۆیشتن دەڕۆین؟

نازانم کاممان زووتر
بەرەو ڕۆیشتن
یا لە ڕۆیشتن دەڕۆین.

## نامرێ و نامرێ

مرد..

ناشتم..

پرسەم بۆ دانا..

کەچی هێشتا هەموو کاتێ

لە هەموو شوێنێ هەیە

دەمکوژێ..

دەمنێژێ..

پرسەم بۆ دادەنێ..

## من ئیمامی تەسبیحەکە نەبووم

ئیمامی تەسبیحەکە نەبوو
ئەو هەمیشە بە چاوانی سوور و
ژێر چاوی رەش و
دەماری پڕ لە عەشقەوە دەهات
لە قوولاّیی خاکی دەروانیی
وەك هەتاو  و هەوا و ئاو و ئاگر دەهات
تۆی کرد بە ئیمامی تەسبیح و
مێز و شەراب و شار و شیعرەکان
تۆی کرد بە ئیمامی شەقام و هەورەکان
بەلاّم مایستڕۆبوون زۆرتر پێویستی
بە هێزی عەشق و ئیرادەیە
نا..ئیمامی تەسبیحەکە نەبوو
ئەو داوێکی خاکیی و ئاویی تەسبیحەکەیە
تا ئێستایش هەروایە
بەلاّم ئیمام، ئیمامی مەزن
لە لوتکەی تەسبیحەوە
بەرەو لێژاییەك خۆی هەلّدا
تەنانەت ئێستا هێزی غلۆربوونەوەشی نەماوە.

# دارستانی پرتەقاڵ

ژنێك لەناو ماڵێکی تەزیودا (تا)ی گرتووە
یوسفی کوڕی یوسفی کوڕی یوسف
لای کامیرەکانی ترافیك
لە هەموو کەس ناسراوترە
سەیارەکەی لای
دوکانێکی میوەفرۆشی رادەگرێ
-سێ کیلۆ پرتەقاڵ..
نا هەموو پرتەقاڵەکانی ئەو دوکانە.

ژنێك لە ماڵێکی سارددا بورکانی گرتووە
ژنێك لە ماڵێکی وشکدا تۆفانی گرتووە
ژنێك لە ماڵێکی بێدەنگدا بومەلەرزەی گرتووە
پیاوێك دەرگای ئەو ماڵە دەکاتەوە
ژوورەکان و سەرمێز و
مەمەڕ و سەر قەروێڵە و
ناو کتێبەکان پڕ دەکا لە پرتەقاڵ

ژنێکی فێنك بە ئارامیی
سەر دەخاتە سەر سینگی پیاوێکی گەرم
لەناو ماڵێك کە دارستان و
ئۆقیانۆسی پرتەقاڵە.

## لەعنەت لە دۆزینەوەی ڕێگا ڕاستەکان

گوتم: (پیرچەشمی)
بە زۆر دەستمی گرت، بەرەو سەنتەری چاو.
من بەرەو مەشروبفرۆشی لێمخوڕی.
وێسکی و کۆلا و
شەراب و شوکلاتە و چەرەز و ڕۆیشتین
پێویست نەبوو بزانین بەرەو کوێ
لە شوێنێك وەستاین دەستمان دەگەیشتە هەور
باران دایکرد.. تەڕ بووین
_با_ وشکی دەکردینەوە.
بۆنی خاکمان لێ دەهات
ون بووین، دەگەڕاین مرۆڤ نەبوو،
تەنیا شەقام.. تەنیا مەستیی.. تەنیا ماچ
تەنیا تەنیایمان..
ئەو کات زانیم
دۆزینەوەی ڕێگا ڕاستەکان چ ئاگرێکە و
ونبوونیش،
تا چ ئاستێ فیردەوس و خۆبوون!!

# بەدوای ناشتندا

له بەرزاییەك چوار دەست
بە ئێسك گۆڕ هەڵدەكەنن..
هەڵدەكەنن و هەڵدەكەنن و
تەنیا دەنگی _با_و
دەنگی خۆڵ و دەنگی هەڵکەندن دێ
هاتوون عەشقیان بنێژن..
پیاوێك دەڵێ: عەشق ناتوانێ قەبری هەبێ.
ژنێك دەڵێ: نا، قەبر رۆح ئارام دەكا.

پیاوێك دوكانێ بتڵی بەتاڵی

ئەلكحول دێنێ

كە رۆژانێ مەستی كردوون

دوو دەستی ئەسمەر و دوو دەستی سپی

لە قەبرەكەدا دەیانشكێنن

پیاوێك دەڵێ: عەشق ناتوانێ قەبری هەبێ.

ژنێك دەڵێ: نا، قەبر رۆح ئارام دەكا.

**دوو دەستی وەك بەفر**

**جانتایەكی پڕ لە بیرەوەری و**

**كراسێكی شینی ئاسمانی دەخەنە چاڵەكە**

**ژنێك دەڵێ: كراسەكەت ماڵم بوو.**

**پیاوێك دەڵێ: عەشق ناتوانێ قەبری هەبێ.**

**ژنێك دەڵێ: نا، قەبر رۆح ئارام دەكا.**

ژن و پیاوێك لە بەرزاییەك

وەك هەمیشە لێوەكانیان

تامی كحول دەدا و یەكتر ماچ دەكەن..

پیاوێك لە سەیارەیەك سەردەكەوێ و چاوڕوانە

ژنێك فاتیحە دەخوێنێ

پیاوێك سەیارەیەك هەڵدەكا

ژنێك لە تەكی دادەنیشێ

كراسێكی شینی ئاسمانی بەدەستەوەیە و

دەیخاتە جانتاكەی و دەڵێ:

تا مردن بە كۆڵمەوەیە.

پیاوێك دەڵێ:

"خۆشەویستیی بەهێزترە لە غەریبی و

حەز گەورەترە لە ترس"و

عەشق ناتوانێ قەبری هەبێ.

# پیاوی ترسنۆك

جوانیی لە باخچەیەك دۆزییەوە،
دیتی جوانە.. خۆشیویست
بووە شەپۆل و کەوتە دوای..
لە ژووری هوتێلێك لە دەست
هەموو دنیای رفاند، عاشقی بوو..
جوانیی دیت مەستیی بوو، خواردییەوە
جوانیی دیت حەقیەت بوو
لە حەقیقەت ترسا..
بووە شەپۆل و رایکرد..
لە ژێر دڵۆپەکانی باران دەستی بەردا
ئێستا تەنیا دەتوانێ لە دوورەوە هاوار بکا
عاشقتم.. عاشقتم.. عاشقتم و ...
پیاوی ترسنۆك
کەی دەتوانێ لە حەقیقەتی جوانیی و
لە جوانیی حەقیقەت تێبگا؟

# یەکێك كە پێی وابوو بەلەمە

كە (تا)ی دەگرت
دەبووە بورجێكی سپی كەنار دەریا
ئارەقەی لامل و گەردەنیشی بە نەورەس
كە (تا)ی دەگرت
گەردەلوول لە رۆژهەڵاتەوە هەڵیدەكرد
لم و زریان لە باكوورەوە دایدەكرد
گەردەنیشی چ رۆشن و درەوشاوە
بەو كلیل و زنجیرەوە..

**(تا)ی گرت**

**دەبووا زوو بگەم، گەیشتم**

**معاون توبیەکە، تووڕەیەکی سمێڵ گەورە**

**لەسەر باسکی راستەی**

**رەسمی رمێکی کوتاوە، دڵێك دەبڕێ**

**لە بنەوەش ئۆقیانۆسێکی سوور.**

**لەسەر باسکی چەپەی رەسمی قابیل کووتراوە**

**لاشەیەك بەدوای خۆی رادەکێشێ..**

**- چیتە؟**

**- (یاو)م هەیە..**

**دەڵێم: نا کاکە (تا)ی گرتووە.**

**ژنێك دەرزییەکی لێدەدەرێ**

**هیچ کەس لە دنیا**

**دەرزی وا توندی لێ نەدرابێ.**

ئێستا ژنێك لەسەر قەروێڵەیەك

لەناو بەلەمێكی سەرخۆش راكشاوە

باوەش باوەش و ..

كە لە ژوورەكە دێینە دەرێ

ژنێك دەڵێ: ها..كوڕە یا..؟

ژنێكیتر: هیچ نییە، شاحینەكەی هات

بوركان و بومەلەرزەی نەما..

-شاحینە!؟

-بەڵێ شاحینە..

من كە پێموابوو بەلەمم

لەو رۆژەدا ناوم نرا شاحینە.

## بیست سەدە خەوتن

نیوەڕۆ لەناو تاریکایی ڕێستورانتێك
داوای عەرەقیان کرد
-با لە سێبەری یەکتر لە خەو هەستین.
ژنێك دەڵێ: هاتی، وێنەی خۆتت هەڵدایە چاوم
چار چییە دەی با لە سێبەری یەکتر
لە خەو هەستین، باشترە لەو هەموو
بوون و نەبوون و بوون و نەبوون و ..
-سەفەر دەتوانێ ئەفسانەش بسڕێتەوە.
ژنێك دەڵێ: جانتاکەم تێك ناوە..
گارسۆنێك دەڵێ: کاکە ئێرە دادەخەین..
دوا پێکیان هەڵدا و
هێمن بوون..
نەیاندەویست لەگەڵ غوبار بدوێن..

له ناكاو هەورێكی سوور
گەیشتە ناو هۆڵەكە و
برووسك و برووسك و هاواری ئاسمان و
باران و ساماڵ و ساماڵ و
لە جەستەیان تیشك نەما.. بەفر و بەفر و
بوونە دوو كێڵ سەهۆڵ
لە جەستەیان هەورێكی سپی هەڵكرد
برووسك و هاواری ئاسمان و
چاوەكانیان سوور سوور
فرمێسكەكانیان ئاگر ئاگر..
لەبەر دەرگای رێستورانت لە ئاسمانیان روانی
لە شەقام و ترافیك و خەڵك و دنیا
هەموو شت سەرەوژێر دەبینرا خۆیان نەبێ
باوەش باوەش و خێرا
بەرەو ژێر دووشی ماڵێك
یەكتریان شۆری و
بیست دەقیقە بە رووتی لەناو یەكتردا خەوتن
بیست دەقیقە، بەلاّم بۆ ئەوان رێك
بیست سەدە خەوتن بوو.

# دەستی بەهەشتی گرت

گەردەنی ژنێك، بورجی پڕ لە چەكی داود
پیاوێك تاجی سلێمانی لەسەر..
پیاوێك دەڵێ: درەنگە،
دەخەوم تا بزانی دڵم تەنیا
بۆ تۆ بە خەبەرە..
ژنێك دەڵێ: نابێ بڕۆی
دەنگی دێ
دەنگی مارش، مارش و مارش و ..
پیاوێك دەڵێ: گەردەنت بورجی داودە..
دەنگ دێ، دەنگی بەرزتر
دەنگی مارش و مارش و
ژنێك تێنوویەتی..
دەستەكانی پڕ دەكا لە خوێنی خۆی
دۆزەخ دادەگیرسێ.. ئاگر دەكەوێتە سەما
ژنێك دەستی بەهەشت دەگرێ و لە دۆزەخدا
سەما .. سەما.. سەما..

## دوا خاڵ

له ئۆكتۆبەری ساڵێك له ساڵەكان كه بەهار بوو
لەناو سەیارەیەكی تاریك
دەرگای داستانێك كرایەوە..

هەشت وەرز، رووناكیی و غوبار و گەشانەوە.
هەشت وەرز، _با_و بومەلەرزە..
هەشت وەرز، گومان و یەقین و
ئاگر و بەهەشت.

له ئۆکتۆبەری ساڵێك لە ساڵەکان کە بەهار بوو
لەژێر ئاسمانێك کە خۆڵەمێش بوو
لە سەرزەمینێك کە چاڵێکی سوور بوو
لە ناو زەمەنێك کە دارستانی بەرد بوو
ژن و پیاوێك دەڵێن:
هیچ سەرەتاییێك نییە بێ کۆتایی.

ئیدی تا زەمەن و زەمین و ئاسمان بمێنێ
تا وەرزەکان و پایزەکان و ئۆکتۆبەر بمێنێ
داستانێك دەمێنێ..
تا ئەو داستانە بمێنێ، ژن و پیاوێك دەمێنن
تا ژن و پیاوێکیش لەو زەمینەدا بمێنن
بە یەکگەیشتن و لێکجیابوونەوە دەمێنن.

## ئەلزهایمەر

قورسایی هەموو شوێنەکانی
ئەو شارەی لە کۆڵە
بە خۆی دەڵێ:
هەمیشە شوێنکاتێ هەیە بۆ هەڵگرتنی پرسە..
بڕیار دەدا.. ریشی دەتاشێ، دووش دەگرێ،
پۆشاکێکی نوێ دەپۆشێ و
سەیارەکە دەخاتە گەڕ..
سیدی گۆرانییەکانی هەمووی هی ئەوە.
دەڵێ: فڕێیان دەدەم.
ناو سەیارە هەمووی رووخسار و بۆنی ئەوە.
دەڵێ: دەیفرۆشم.

کۆڵان و شەقام و هۆتێل و شار

هەمووی هەر ئەوە.

دەڵێ: لەو شارە دەڕۆم.

دەڵێ: چی لە خوێنم بکەم؟

دەڵێ: ئەگەر بتەوێ پرسە هەڵگریت و

نەمریت

تەنیا تاکە ڕێگایەك ئەلزهایمەرە.

# پشیلە، لە چاوەکانم

لە هەر گۆشەیەکەوە سەیری دەکرد
سێبەری درەوشاوەی خۆی دەدیت
شێوەی پشیلەی تاریکی دەدا لە گلێنەکانم

دەڵێ: تۆ ماکینەیەکی لە پێناو سەفەرت
هەموو دەورانت کردۆتە سووتەمەنی.

دەڵێم: لە هەر گۆشەیەکەوە سەیری دەکەم
بە هەر ڕێگایەك دەڕوانم، قووڵ دەبمەوە
جگە لە ریسوابوونی بەردەوام
عاشق بوون، هیچ شتێکی دیکە نییە.

## ئێوارەیەکی شەممە

پێڕاناگەن دەرگاکە دوای خۆیان دابخەن
لەژێر سەقفەکە هەور دەگرمێنێ
پێڵاوەکانیان دەبێتە
بەشێ لە نەخشی ناو رایەخەکە
هەوا ناتوانێ بچێـتە دەمیانەوە
لەناو هۆڵەکە دووکەڵ
لە جەستە بەرز دەبێـتەوە
سەر عەرد و قەنەفە و مێز و
هەموو شوێنێ دەبێتە تەنافی جلەکانیان..
سەدای پێست و تەخت،
هاتوچوونی خوێن
لە دەماری دیوارەکاندا خێراتر دەکەن..
خێرا و خێرا و خێراتر و
موزیکێکی ئارام
ژنێك سەری خستۆتە باوەشی پیاوێك
بە پەنجە سپییەکانی
یاری بە مووی رەشی سینگی دەکا و جگەرە..

**دووکەڵ لە سینگی پیاوێکەوە**

**ڕوو لە ئاسمان بەرز دەبێتەوە**

**وێسکی و شیعر و**

**سەری پیاوێك لەسەر سکی ژنێك**

**سامانی ماڵێك لە ماڵەکان دەدرەوشێتەوە..**

**ئێستا مەستن**

**موزیکی سلۆ و سەمای سلۆ..**

**لەژێر سەقفەکە هەور دەگرمێنێ**

**سەدای پێست و تەخت**

**هاتوچوونی خوێن**

**لە دەماری دار و بەرد خێراتر دەکەن**

**خێرا و خێرا و خێراتر و**

**موزیکێکی ئارام.**

**ژنێك نینۆکەکانی بۆیە دەکا و لە ناکاو مارش**

**ژن و پیاوێك بڵێ دوو سەگی هار**

**شەڕ و شەڕ و شەڕ و**

**لالێیەکی قووڵ.. قووڵ و قووڵتر..**

پیاوێك لە گەرووی
گورگی ناخیدا دێتە دەرەوە
قردێلەی سەر گۆرەوی پێی راستی
ژنێك دەپچڕێنێ و
دەڵێ: بە پیری دەتدەمەوە.

ژنێك لەباوەشی پیاوێك
جگەرە دەکێشێ و پێدەکەنێ.

## غەریبێك لۆتۆی بۆ دەردەچێ

دوو مرۆڤی خۆڵەمێشیی

لەناو تونێلێك راكشاون

ئێسكە رەشەكانیان

بە سەرچەفی بەردین دادەپۆشن.

غەریبێك لۆتۆی بۆ دەردەچێ
لەسەر رێگایەکی دارین کە گیا دایپۆشیوە
بەرەو تونێلێك دێ
کە دوو مرۆڤی خۆڵەمێشیی تێیدا راکشاون
بەخت لە پێیەکانییەوە دەچۆڕێ و
هەنگاو دەنێ
دەنگی لە درەوشانەوەی
رووناکیدا دەنگدەداتەوە
دەیەوێ دەستی ژنێکی خۆڵەمێشیی بگرێ
کە لەباوەشی پیاوێکی خۆڵەمێشی راکشاوە و
هەوڵدەدا بەرەو رووناکیی ببا
کەچی لەوە تێناگا مرۆڤی خۆڵەمێشیی
تاریکایی تونێلی زۆر لا گەورەترە
لە رووناکیی ژیان.

غەریبێك لە جیاتی لۆتۆ
تێهەڵدانی بۆ دەردەچێ..

## ئەو وێنانەی لە یادگە هەڵکۆڵراون

پیاوێك باڵێكی شكاوە و پێیەكانیشی قوڕقوشم
ژنێك دەیەوێ لە پیاوێك هەڵێ
بە دوای قاچاغچییەكی ساختەچیدا
بەرەو شارێكی وێران سەفەر دەكەن
لە ڕێگادا تەم هەیە.. پێكەنین و شەڕ و
ژنێك خۆی هەڵدەداتە ناو
كێڵگەیەكی گوڵەبەڕۆژە و
لە زەرد و سەوزیدا غەرق دەبێ
پیاوێك وێنەیەكی لێدەگرێ..
ئەو وێنەیە تا هەتایە لە زاكیرەدا هەڵدەكۆڵرێ.

مێزێکی بازنەیی لە هۆڵێکی تاریك

کە بە مۆم و گوڵی سوور و

شیعر و هەنار و وێسکی و جگەرە داپۆشراوە

پیاوێك بە رووتی وەستاوە

دەستێکی جگەرە و گوڵ

دەستەکەی دیکە پێك و شیعر

ژنێك وێنەیەکی دەگرێ

ئەو وێنەیە تا هەتایە لە زاکیرەدا هەڵدەکۆڵرێ.

# پیاوێك
# لە هەوادا بزماررێژكراوە،
# _با_ سەمای پێدەكا

# زەمین چاڵ هەڵدەکۆڵێ

دەنگی کۆمپرێسەر و حەفارە دێ..
لە ژێر چاوەکان چاڵ هەڵدەکۆڵن،
تاریکیی دەگا.
ژێر چاوەکان چاڵن.. ژێر چاوەکان تاریکن.
ئاقارێکی پڕ لە تەپ و تۆزە رووخسار..
گەردەلوول هەڵدەکا.
زەمین چاڵ هەڵدەکۆڵێ..
ژێر چاوەکان چاڵن.. چاوەکان تاریکیین.
ترس، ترسان لە ژێر چاڵ دەردێنێ..
چاوەکان چاڵن، زەمین دەبیستن..
ژێرزەمین مرۆڤ دەبینێ..
ژێرزەمین مایستڕۆی ناندینە، مرۆڤ لێدەنێ..
زەمین شێفی هەڵکەندنە،
لە دۆڵێك تاریکیی بۆ مرۆڤ لێدەدا.
ژێرزەمین شێتی مرۆڤە..
زەمین عاشقی مرۆڤی تاریکە.

زەمین لە چاڵێکدا وەستاوە،

بە خێرایی ساکسیفۆن فوو دەکا.

ژێر چاوەکان قووڵن،

حەفارە تاریکیی دەردێنێ.

زەمین لە چاڵێکدا دانیشتووە،

بە خێرایی پیانۆ دەژەنێ.

قفلێ بەفر دەبارێنێ..

لێوەکان سپی دەچنەوە.. دەیسڕینەوە..

وەك ناخی مرۆڤ تاریك دادێ لێوەکان..

زەمین چاڵی هەڵکەندوە،

رووخسار چاڵە و ئاسمانی غوبار.

دەنگی دانانی بلۆك و

پەرشکردنی چیمەنتۆ دێ

وەستاییێك جگەرە دادەگیرسێنێ

کرێکارێك لە چاڵێکدا دێتە دەرەوە

رووخسار چاڵێکی قوڕینە..

دەنگ دێ.. دەنگی خۆڵ..

دەنگی تاریکیی.. دەنگی بێ دەنگیی.

# دەکێڵدرێن

دەرەوە بیر هەڵدەکەنێ
دەیەوێ ئێسکی شکاوی
دوو سەگی تیا بنێژێ.
هەڵدەکەنێ و دۆزەخیان تیا دەچنێ.
دەیانکێڵێ و
مین و خوێناویان تیا دەڕوێنێ.

بە ئێسك بیر بۆ دوو سەگ هەڵدەکۆڵێ
شەڕ دەڕوێ، مردن گەورە دەبێ و
ئێسك لە دایك دەبێ
دواجار دەرەوە
جگە لە درەوشانەوەی عەشق
ناتوانێ هیچ شتێکی دیکە بدوورێتەوە.

# ڕووناکیی دەڕژێ

خۆر لە زمانتەوە دەڕژێ

وشەکان بەناو تاریکیدا ڕەتدەبن، دەدرەوشێیتەوە.

تەماشا مەکە و بڕۆ

بڕۆ و لەوە زیاتر مس بۆ گوێیەکانت کۆکەوە.

زۆر لەوە زیاتر، لە ئێستای خۆت زیاتر خۆتبە.

لە ئێمەدا ڕاکشێ و تەرمبە..

با هێشتا لەوە زیاتر خۆر لە زمانتەوە بڕژێ.

تەرمێکی ڕووناکبە لەناو ئێمەدا..

مس کۆکەوە، قەفەس بۆ چاوەکانت.

با زۆر لەوە زیاتر دەموچاوت کێڵگەی ئاسن بێ

با دارستانی مس بێ رووخسارت.. دەدرەوشێیتەوە.

دووکەڵ دووکەڵ، دووکەڵ و شەوبە
لەناو ئێمەدا
وشەکان بەناو تاریکیدا رەتدەبن،
رووناکیی دەڕژێ.. دەگەشێیتەوە.
تەرمێکی قوڕقوشمبە، با مس بدرەوشێتەوە
قەفەسیش رووناك.
دەی با هەمیشە خۆر لە زمانتەوە بڕژێ و
درەوشانەوەش لە دەستەکانت
بڕۆ.. دەدرەوشێیتەوە..
بدرەوشێیتەوە یا نا هەر دەکوژێیتەوە
تەماشا مەکە و بڕۆ،
بڕۆ و لەوە زیاتر مەبیستە
زۆر لەوە زیاتر
لە ئێستای خۆت، زیاتر خۆتبە.

## هەوا دەگرن

گەردەلوول بە گەردەلوول دادەپۆشن..

غوبار بە غوبار و تاریکیی بە تاریکیی.

پێیەکان بزمارڕێژ کراون..

هەنگاوەکان عەتری سووریان لێ دەڕژێ.

زەمین پێچاوپێچێکی لووسە

کەوتنیان لە رووخساریاندا هەڵگرتووە.

دەستەکانیان بە سوورایی چاوەکانیان

چەور دەکەن.

هەوا دەگرن.

پیاوێك لە هەوادا بزرمارڕێژکراوە، سەما دەکا

لە ناشوێن و ناکات دانیشتوون

پێیەکانیان بە _با_ رەنگ دەکەن..

زەمین پێچاوپێچێکی لووسە..
پێچاوپێچێکی لووسە ژیان..
دوو تابووت هەڵدەخلیسکێن
بۆنی خۆڵ دێ
لەنێو پەراسووەکان
مەسیح سندوقێك
بزماری زیادەی بە کۆڵەوەیە..

لەبەر خۆیانەوە:
درەوشانەوەیەکی خێرا و
کوژانەوەیەکی ئەبەدییە، ئەفسانەی ئێمە.

# چاوەکانی کێڵگەی گەنمن

کێڵگەی گەنم و ڕێگای سوور و پۆلێ قەل

لە نەخشەی چاوەکانی دەنەخشێنێ..

کە لە خۆی دەڕوانێ چاوەکانی کێڵگەی گەنمن.

گیرفانەکانی پڕن لە (کا).

لەسەر شانەکانی پۆلێ قەل پێدەکەنن.

دەنگ دێ.. دەنگی دووکەڵی سوور

لە ئاسمانێکی سامالّ.

لە پەنجەرەیەکەوە لە دەرەوە دەڕوانێ

هەنگاوەکان و

ڕێگاکان و

مرۆڤ و سەگەکان (کا)ن.

برادەرێکی دەڵێ: ئاوی هەنار باشە.

**لە رووبار لە خۆی دەڕوانێ:**

**رێگای حەقیقەت تەنیا رێگای لەززەتە.**

**ترس هەنگاوەکان و**

**رێگاکان و**

**مرۆڤ و سەگەکان دەخوا..**

**ترس حەقیقەت دەخوا..**

**حەز دەکا لەززەت بخوا..**

**لە خۆی دەڕوانێ**

**نە ترس دەتوانێ لەززەت و**

**نە لەززەتیش دەتوانێ ترس بخوا..**

**بە ترس و لەززەتەوە لە خۆی دەڕوانێ:**

**ژیان چییە،**

**جگە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان**

**لەززەت و ترسدا هەیە؟؟**

## خاچ بزماری لێ دەڕژێ

سەرما شووشەی شکاوی لێ دەڕژێ
لەسەر پشت بەسەر شووشەی شکاو راکشاون
تا گەردەن خۆیان
بە ئاسن و چیمەنتۆ داپۆشیوە
دیسێمبەر دەڵێ: سەرکەون
پەیژە گەرمەکە لەوێیە
تەنیا ئەو رێگایە رووناکە
کە روو لە خاچی خۆتان راپێچتان دەکا..
خاچ بزماری لێ دەڕژێ
بەرخێك لەسەر پردێکی تاریك یاری دەکا
ژنێك بە کلیلی گەردەنی
رووناکی قفڵ دەکا..
رووناکی شووشەی شکاوی لێ دەڕژێ
زەنگی رەنگاوڕەنگ لە شوێنکاتی سارد لێدەدا

سەرما دەگا..

لەسەر پشت بەسەر شووشەی شکاو راکشاون

دیسێمبەر دەڵێ:

سەرکەون

پەیژە رووناکەکە لەوێیە

تەنیا ئەو رێگایە گەرمە

کە روو لە خاچی خۆتان راپێچتان دەکا.

بەرخێك لەناو سەرما

وێنەی خۆی بە سووراو رەنگ دەکا

ژنێك بە کلیلی گەردەنی ژیان قفلٚ دەکا

تا گەردەن خۆیان

بە ئاسن و چیمەنتۆ داپۆشیوە

لەسەر پشت بەسەر شووشەی شکاو راکشاون

سەرما شووشەی شکاوی لێ دەڕژێ.

# خۆمان دەخۆینەوە

خۆم ڕێگامدا
لە جامێکی دارین، ئاگر بخۆمەوە.
ڕێگامدا بەرد بمخوێنێتەوە.
لە جامێکی دارین ئاگرمان خواردەوە.
ڕێگاماندا خۆڵەمێش بمانخوێنێتەوە و
فریشتەی ژیان، ئاگر بگرێ
شەیتان ببێتە ئاسمان.
ڕێگاماندا لە جامێکی دارین ئاگر بخۆینەوە.
بەرد بمانخوێنێتەوە و
لە جامێکی دارین ئاگرم خواردەوە.
ڕێگامدا خۆڵەمێش بمخوێنێتەوە.
ئێستا لە ئاگر و خۆڵەمێش و بەرد
نوقم نوقم، خۆمان، خۆمان دەخۆینەوە.

## تەنیایی کۆنترە لە هەتاو

گەرووت تاریکیی دەژەنێ.. قۆڕ داگیرسێنە.

چەند دەستێك لە ئاسن وەرگرە.

قوڕ ئاگر دادەگیرسێنێ

درەوشانەوەت خستۆتە سەر ئازار لە تاریکییدا.

تەنیاییت ئازاترە لە گەردوون،

بەهێزترە لە سرووشت.

لەولا یوسف بە کراسی سپی خوێنینەوە،

لە بارێکی شووسشەیی رەشدا

بەدەم پێك هەڵدانەوە خۆی مات کردوە،

دەیەوێ لە گەردوون بەهێزتر و

لە سرووشت ئازاتر بێ.

گەرووم شەڕ دەژەنێ،
خۆشەویستیی شەڕی پێکردوە..
قۆڕ داگیر دەکەم،
چەند دەستێك لە بەرد وەردەگرم.
هەموو رۆژژمێر، خۆم وا دەنوێنم،
مەزلۆمی کەربەلام.
تەنیایی کۆنترە لە هەتاو،
کۆنترە لە هەوا و کۆنترە لە قوڕ.
لەولا یوسف بە کراسی سپی خوێنینەوە
لە بارێکی شووشەیی رەشدا،
بەدەم پێك هەڵدانەوە
خۆی مات کردوە، گورگ بخوا.
خۆی مات کردوە لە گەردوون بەهێزتر و
لە سرووشت ئازادتر بێ.
گەروومان تاریکیی لێ دەڕژێ،
قوڕ داگیرمان دەکا، خۆڵ دەمانخوا.

# ژنی فڕۆکەوانەکەی F16 و
# ئەوانی دیکە..

**2019**

## له چاوەڕوانیی خراپتر

ژنێ لە وێستگە
چاوەڕوانی هاتنی
خۆشەویستەکەی دەکا
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
لە غەریبیکردن ناخۆشتریش هەیە،
چاوەڕوانیی.

سەگێک چاوەڕوانی خاوەنەکەیەتی
لەبەر خۆییەوە دەڵێ:
لە برسییەتی ناخۆشتریش هەیە،
چاوەڕوانیی.

ژنێکی رووت لە جامخانەیەکدا
چاوەڕوانی مشتەرییە
لەبەر خۆییەوە دەڵێ:
لە خەوتن لەگەڵ پیاوان بە پارە
ناخۆشتریش هەیە،
چاوەڕوانیی.

قورئانخوێنێکی پرسە
چاوەڕوانی زەنگی کارە
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
لە نەمردنی خەڵک ناخۆشتریش هەیە،
چاوەڕوانیی.

مردوویێکی دیندار
چاوەڕوانی رۆژی قیامەتە
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
لە مردن ناخۆشتریش هەیە،
چاوەڕوانیی.

من دانیشتووم و
چاوەڕوانی هیچ ناکەم
لەبەر خۆمەوە دەڵێم:
لە چاوەڕوانیش
ناخۆشتر و خراپتر ئەوەیە
کە چاوەڕوانی هیچ نەکەیت.

# ژنێکی دیندار

کە لە دایکبوو
دایک و باوکی موسڵمان بوون
بۆیە بە موسڵمانی لە دایکبوو
لە هەژدەساڵیدا
کوڕێکی جووی خۆشویست
بووە جوولەکە
لە سی ساڵیدا
تا لە رۆژئاوا
مافی پەنابەری بسەنێ
بڕیاریدا ببێتە مەسیحی
بەڵام کاتێ بۆ تەعمید بردیان، گریا
پرسیان: بۆچی دەگری؟
گوتی: دەترسم بمرم و
کەسیش نەزانێ
کە من هیچ دینێکم نەبوو.

## ئازادیی بۆ ئاپۆ..

لە قەڵای "شپارن بورگ"
یەکترمان ناسی،
کریڤی من ناوی دیلان بوو.
لە بەدبەختییمان ئەو رۆژگارە
"ئۆجەلان" گیرا.
من غیرەم دەکرد
بۆیە لەگەڵی چوومە برۆکسل،
ستراسبورگ،
کۆپنهاگن و سەر مانگ
جێ نەما نەچم و هاوار نەکەم:
ئازادیی بۆ ئاپۆ..
ئازادیی بۆ ئاپۆ..
رۆژێ داهات
من و دیلان جیابووینەوە
بەڵام لەو کاتەوە
لە هەر شوێنێ
کچێکی ئێزدیی ببینم
هاوار دەکەم:
ئازادیی بۆ ئاپۆ..
ئازادیی بۆ ئاپۆ..

## پیاوێکی بەردین

ئێواران لە ژێر درەختێکدا دەخۆمەوە
سەرشانێکم کوکوختی
بە جیقنە دەینەخشێنێ و
سەرشانەکەیترم کۆتر..
پرچم وردە گەڵا دایدەپۆشێ و
برادەرێکم دەڵێ:
_جیقنە رزقە.
کە دەگەمەوە ماڵ
ژنەکەم دەڵێ:
مردم بە شۆرینی کراسەکانت،
شوێنت بگۆڕە..
من پێدەکەنم و
بە برادەرەکەم دەڵێم:
ئەگەر بە قسەی تۆ بێ
دەبووا ئێستا ملیۆنێربم و
بە ژنەکەشم دەڵێم:
توخوا بەردت دیتیە
بتوانێ شوێنی خۆی بگۆڕێ؟

# ژنێکی زەمەن کوژراو

شازدە ساڵ بوو، بە شوویاندا..
لە بیست ساڵیدا
چوار منداڵی هەبوو.

ئێستا، سی و چوار ساڵە
نە منداڵی هەیە و نە شوو.

بۆخۆی سەفەر دەکا
لە پارکدا بە رووتی رادەکشێ
وەرزش دەکا
پیاو دەگۆڕێ
بیرە دەخواتەوە
گۆرانی دەچڕێ و
سەما دەکا..

ئیدی ژیانی وابوو ئەو ئینسانە
بە هەرزەکاری
وەک ژنێکی کامڵ ژیا و
ئێستاش کە ژنێکی کامڵە
وەک هەرزەکارێ دەژیێ..

# ئەگەر دەتەوێ واز لە کحول بێنی

برادەرێکم هەیە
بەر لەوەی ژن بێنێ
تا دەگەیشتە ئێوارە
ناقووسی کحول
دەبووە بومەلەرزە لە مێشکیدا
تێنوویەتی بۆ کحول
دەبووە لافاو لە جەستەیدا
کە ژنی هێنا،
بەڵێنیدا، تەنیا لە خۆشحاڵیدا بخواتەوە
شەش مانگی یەکەمی دوای زەواج
تەنیا دووجار خواردییەوە
بەڵام ئیدی لەو کاتەوە
ئەوە چل ساڵ تێپەڕیوە
هەرگیزا و هەرگیز
هیچ جۆرە کحولێکی نەخواردۆتەوە.

# وەسیەت

لەنێو باڵەخانەیەکدا
ژوورێک هەیە
لەنێو ئەو ژوورەدا
قاسەیەک هەیە
لەنێو ئەو قاسەیەدا
_سی دی_یەک هەیە
لەنێو ئەو _سی دی_ەدا
چەند وێنەیەک هەیە
لەنێو ئەو چەند وێنەیەدا
داستانێکی عاشقانە هەیە
کە مردم
ئەو _سی دی_یە
بە هەوا و هەور و دنیادا
پەخشان بکەن و
لەو قەبرە پۆڵاینە دەریبێنن.

## لەپێناو مانەوەدا

من بووم
26 سەدە بەر لە زایین
بە دوای نەمرییدا گەڕام
بەڵام بە دەستی
پڕ لە مردنەوە گەڕامەوە.

من بووم
سێ سەدە و نیو بەر لە زایین
لە پێناو مانەوەم
جیهانم لە کفنی سوور پێچا
کەچی نەمتوانی
تەنانەت
34 ساڵیش بمێنمەوە.

من بووم
له پێناو مانەوە
به گۆڕهەڵکەنەکانم دەگوت:
قەبرەکە قووڵتر هەڵکەنن
ئەی گۆڕهەڵکەنەکان
دواتر له مەیدانێ
هەڵیانواسیم و
خۆم به بێ گۆڕ مامەوە.

من بووم
له پێناو مانەوە
دەریام لەتکرد
بێباڵ فڕیمە نێو ئەستێرەکان
ئەهرام و شوورەی درێژ و
پەیکەری گەورەم داهێنا
مانگم درووستکرد
باخچەی هەڵواسراو و
داهێنەرم داهێنا
بەڵام هەرگیزاو هەرگیز
نەمتوانی بمێنمەوە..

# ژنێکم خۆشویست

ژنێکم خۆشویست
یەکێ گوتی: برۆی تاتۆیە.
یەکێ گوتی: ڕوومەتی بۆتۆکسە.
یەکێ گوتی: عەمەلیاتی مەمک.
یەکێ گوتی: لێوەکانی سلیکۆن.
یەکێ گوتی: کەعبی پێڵاوی.
یەکێ گوتی: ڕووت و سووک.
یەکێ گوتی: تف لە زەوقت.
من وەڵامی کەسیانم نەدایەوە
تەنیا لە دڵەوە بە خۆمم گوت:
خۆ خەندەی تەجمیل نییە
خۆ سەدای بیر و
هەنگی دەنگی تەجمیل نییە.
خۆ درەشانەوەی
شەقی لێوی ژێرەوەی تەجمیل نییە.

## دوو وەحش لە یەک جەستەدا

بەر لە  نانی بەیانی  دوو جگەرە بکێشیت
دوو جگەرەیتر بکێشیت و
دوو حەب قووتدەیت
دوو کیلۆمەتر راکەیت
دوو پێک بخۆیتەوە و
دوو دەوام بکەیت
دوو فیلم ببینیت
دوو دووش بکەیت
دوو ژن ئاودەیت
دوو شیعر بنووسیت
دوو جار بمریت
دوو پاکەت جگەرە بکێشیت
دوو چارێک عەرەق بخۆیتەوە
دووجار فشاری خوێنت بگریت
ئەوە مانای ئەوە نییە
کە تۆ دوو کەسیت
لە یەک کەسدا؟
کە تۆ دوو وەحشیت
لە یەک جەستەدا؟

## ئەهرامی زبڵ

چوار ساڵان بووین
کە لەناو گوفەکەکەی بەر ماڵمان
خستمە نێو پایسکەلە سێ تاییەکەم
ناوی غەزال بوو
دەتگوت تەمی ئەزەلی وجودمە
کاتێ بە قاقاوە پشتی پایسکلەکەم
بە نێو ئەهرامی زبڵدا پاڵدەدا.

لەگەڵ غەزال چووینە رەوزە
لە مەکتەب لەسەر
یەک رەحلە گوزەراندمان
من و غەزال گەورە بووین
لە هەژدە ساڵییدا غەزال مرد.

ئێستا دوای سی و حەوت ساڵ
هێشتا لەبەرچاومە،
چوار ساڵان بووین
کە لەناو گوفەکەکەی بەر ماڵمان
پشتی پایسکلەکەم
بە نێو ئەهرامی زبڵدا پاڵدەدا و
لە قاقامان دەدا.

## فڕۆکەخانە.. گۆڕستانی ژنان

لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرتەوە
لەگەڵ ژنێ یەکترمان لە ئامێزگرت و
بەرەو مۆسکۆ بەڕێمکرد
بەڵێنم پێیدا دوای شەش مانگیتر بیبینمەوە
بەڵام هەرگیز نەمبینییەوە.

لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە
لەگەڵ ژنێ یەکترمان لە ئامێزگرت و
بەرەو هانۆڤەر بەڕێمکرد
بەڵێنم پێیدا دوای شەش مانگیتر بیبینمەوە
بەڵام هەرگیز نەمبینییەوە.

من هەمیشە وام
کاتێ بمەوێ ژنێ بنێژم
دەیبەمە فڕۆکەخانەیێ
لە ئامێزی دەگرم و
بەڵێنی پێدەدەم
دوای شەش مانگیتر بیبینمەوە
بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نایبینمەوە.

## منداڵێکی لاسار کە گەورە نابێ

زۆرجار بیرم لە خۆکووشتن کردۆتەوە
بەڵام ئەوجارە لە هەموو جارەکان جدیترم.
لیترێ عەرەق و یاتاغ و ماسییەک
دەخەمە نێو سندووقی سەیارە و
بەرەو مەرگم،
مەرگم لە تەنیاییدا بەڕێ دەکەوم.

لە بناری چیایێ،
سفرە دادەنێم و دەخۆمەوە و
دنیا دوای مەرگی خۆم دێنمە بەرچاوم..
_ئاهـ چ خۆشە دوای کەمێکیتر
خۆم لە تەڵبەندەکانی
ئەو دنیا لەعنەتییە دەرباز دەکەم..

دەخۆمەوە و ماسی دەبرژێنم
تەماشای دەمانچە خەوتووەکە دەکەم
لە ژێر گەڵاکانی درەختەکە
وەسیەتم دەنووسم،
بەڵام نازانم بۆ دەبێتە شیعر!

ئێستا لیتری عەرەقم تەواو کردوە
بەردی چیا لە تاریکییدا دەدرەوشێتەوە
بۆنی خۆشی خۆڵ و
گەشانەوەی ئەستێرەکان ئاوێتەن و
دەگەمەوە ماڵ
خۆم نیوە رووت دەکەمەوە و
پێش منداڵەکانم دەکەوم
بە ژوورەکاندا دێین و دەچین
بە حەماسەوە هوتاف لێدەدەین و
دەڵێین:
بمرێ مردن
بژی ژیان
بژی ژیان
بمرێ مردن.

# شاعیرێک، ژنێکی بۆ هێنام

شاعیرێ زەنگیدا:
_ئەو شەو، ژنێکی لە ئێسک و خوێنت بۆ دێنم.
شاعیرێ گەیشت،
ژنێک و کۆرپەیەکی
لە تاریکیی نێو سێبەرمدا بەجێهێشت.

ژنێ لەسەر تەختەکە، خۆی رووت کردەوە
مەمکەکانی بە پەڵەی تۆخ و
رانەکانیشی بە برین داپۆشرابوو
بۆنی تەرمێکی قەدیمی دەدا و بانگی کردم..

چاوم داخست و
سەدای پیاوانی دنیام بیست
روو لە مانگ دەیانلووراند
کۆرپەکە گریا
منیش تا گزنگ
بۆ مەمکی مۆر و
رانی بریندار و
رۆحی مردووی ژنێک و
ژیرکردنەوەی گریانی کۆرپەیەک گریام.

# ئازادیی

منداڵەکانیان ناو دەنێن ئازاد.
جادە و کۆڵانەکانیان ناو ناوە ئازادیی.
رۆژنامە و بورج و یاریگە و
مزگەوتەکانیان ناو ناوە ئازادیی.
هوتێل و باخچە و مۆتێل و
دوکانی گۆشفرۆشیی و تەلەڤزیۆن و
مەیدانی فراوانیان ناو ناوە ئازادیی.
رادیۆ و سینەما و تونێڵ و دراما و
هەتا زیندانەکانیشیان ناو ناوە ئازادیی
تەنیا بۆ ئەوەی پێستی ئازادیی،
لەبەر ئازادیی دابکەنن و
بە ئازادیی، ئازادیی لە خاچدەن و
بێ قەبر و کێڵ لە هەوادا هەڵیوەرێنن.

# درووستکردنی ئەهرام

لەگەڵ ژنێکی نوێ
هەرگیز پێویستی بە حەب نییە.
لەگەڵ سۆزانییەکان، تەنیا 25 ملیگرام.
لەگەڵ خۆشەویستەکەی 50.
لەگەڵ عەشیقەکەی حەبێکی 100ی..
بەڵام لەگەڵ ژنەکەی
ئۆۆۆە لەگەڵ ژنەکەی
پێنج حەبی 300ی و نۆ بیرە و
دە کیلۆ ماسی و  فیلمی پۆڕنۆ و
دوو چارێک وێسکیی و
جەرجیر و حەشیش و
بەڵام لەگەڵ ژنەکەی
ئۆۆۆە لەگەڵ ژنەکەی
هەر بەڕاست ئەوە سێکسە
یا درووستکردنی ئەهرام؟

# فێمینیستەکانی سەر قەروێڵە

پیاوێ کە هیچی لە بارەی
مافی ژنانەوە نەدەزانی
یەک لە دوای یەک
لەسەر قەروێڵەی ژنەکەی
لەگەڵ چەند ژنە شاعیرێکی فێمینیست
لەگەڵ ژنە گۆشەنووسێکی فێمینیست
لەگەڵ بێژەرێکی فێمینیست
لەگەڵ ژنێ کە سەرۆکی
رێکخراوێکی فێمینیستیی بوو
لەگەڵ ژنە کەمئەندامێکی فێمینیست
لەگەڵ ژنە پرۆفیسۆرێکی ماتماتیک،
کە خۆی وەک فێمینیست نیشاندەدا دەخەوت و
هەرگیز لە هیچیانی نەبیست
کە بۆچی لەگەڵ پیاوی "متزوج"
لەسەر قەروێڵەی ژنەکەی دەخەون و
هەرگیز نەشیانپرسی
حقوقی هاوڕەگەز یانی چی؟

# لەگەڵ بەڕێوەبەری مۆزەخانە

کە سولفم لێدا، بە بزەیەکەوە گوتی:
دەبێ چەند ژن لێرە، لەو شوێنەی من
لە تەنیشتت دانیشتبن؟
بە پیشە و رەنگی پرچ و
جۆری خوێنیشیانەوە تا (17)م ژمارد..

لەو (17)یە، زۆریان شاعیر بوون
دواتر شێوەکار و گۆرانیبێژ و
پرۆفیسۆرێک و چەند بێژەرێکی رادیۆ و
قوتابییەکی کۆلێژی وەرزشیی
کە حەزی دەکرد ببێتە شاعیر و
خانەنشینێکیش..
گوتم: لەبەر ئەمنی عائیلی
ناتوانم ناوەکانیان بدرکێنم
بەشێکیان لەناو قەفەزی زێڕینن
بەشێکیشیان رەنگە ئێستا
لە تەنیشت پیاویترەوە
دانیشتبن و بەناوی عەشقەوە
خوێنیان بمژن، کێ چوزانێ!

بەدەم قسەکردنەوە بیرم لە ناوی
(18)یەمین دەکردەوە و
دەمزانی لە رۆژهەڵاتەوە هاتبوو
لە بیرمبوو لە جەژنی سەری ساڵدا
عەشقەکەی خۆی جێهێشت و
لە ژێرزەمینی تاوەرێک هاتە باوەشم.
لە بیرمبوو شەوان لە کۆڵانێکی کۆنی
پشت هوتێلێکی نوێی "تەیراوە "
هەڵمدەگرت و دەمبردە مۆڵ و قەبرستانەکان
شێوەی رووخساری و رەسمی جسمی
بە گۆشت و دەمارەکانییەوە لەبەر چاوم بوو
بەڵام ناویم هەرگیز نەهاتەوە یاد
رەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ
لە رقی ژنێکیتر
کە خۆشمدەویست
بە درۆ پێمگوتبوو: خۆشمدەوێی.

کە سەیارەم لە گەراجی
بەردەم نادییێک پارککرد،
بەڕێوەبەری مۆزەخانە گوتی: بۆ ئەو سەیارە
پێشکەشی مۆزەخانەکەم ناکەی؟

## ژنی فڕۆکەوانەکەی F16

کچێک خۆشیدەویستم
من ئەو سەفەرەم خۆشویست
کە جارێ بە یەکەوە
چووینە ئەشکەوتەکەی "جعیتا".
ئەو کچە ئێستا
ژنی پیاوێکە،
ئەو پیاوە ئێستا
فڕۆکەوانێکیF16 یە
لە کەنارەکانی دەریای مردوو.
ئەو شەوە
فڕۆکەوان تێلی کرد،
وەک برووسک و
تۆفان دەیبرووسکاند
بۆ لای ئەو ژنەم ناسرێیتەوە؟
بۆ؟
بۆ؟
بۆ؟
من لەو کاتە خەمی خۆمم نەبوو
دەترسام لەوەی
ئەو بەرازە
هەولێر وێران بکا.

## پەناهەندەیەک: ئیتر من ماندووم

ماندووبووم لە ماندووبوون
لە مارشی بریقەدار
لە کەمپەکانی دنیا
لە خۆر و رووناکییە دەسکردەکان
لە تەڵبەندی سنوورەکان
لە خەونی حکومەتەکان
لە هەوری تاریک و
لە خەبەری لە ناکاو
لە لێکۆڵەر و پۆلیس و
دیواری دادگا و حاکمەکان.
لە قانونەکان.
لە تابووتی سەر شانمان.
ماندووبووم لە ماندووبوون
لە ژیان، لە خۆم، لە خۆمان، لە مەرگ..
من ماندووم و دڵم دێشێ
دڵم دێشێ و وا خەریکم
بەسەر دەموچاوی
قانون و ئازادیی و جیهان و
دڵی پڕ لە ژیان و مردنی خۆمدا
دەڕشێمەوە.

## کێشەکە لە عەشقدایە

لە دوورگەیەک لە دوورگەکاندا
ڤێلایەک هەیە
لەو ڤێلایەدا
ژوورێک هەیە
لەو ژوورەدا ژنێک هەیە
لەناو ئەو ژنەدا پیاوێک هەیە
لەناو ئەو پیاوەدا
سندوقێکی بازنەیی ڕەش هەیە
لەناو ئەو سندوقە بازنەییە ڕەشە
داستانێکی سەوز هەیە
لەناو ئەو داستانە سەوزەدا
تەنیا و تەنیا
عەشق هەیە..
کێشەکە لە عەشق دایە
کەس نازانێ لەو عەشقە و
هەموو عەشقەکانی دنیادا چی هەیە!

## نووسینەوەی ژیان و مەرگ

ژیانم دەژیێم و
لە بارەی مردنیشەوە
بە کەمێ ژیانەوە دەنووسم.

مردنم دەمرم و
لە بارەی ژیانیشەوە
بە کەمێ مردنەوە دەنووسم.

من وام
کاتێ لە بارەی
ژیان و مردن دەنووسم،
وا هەست دەکەم:
مردن
ژیانە و
ژیانیش
مردن.

## کێ چوزانێ چ ڕاستە!

دکتۆر پێیگوتوە:
لە سیحری شەراب و
دەنگی جگەرە و
سەدای چەوریی و
هاواری ژن و
بوومەلەرزەی خەم
دوور نەکەویتەوە دەمری.
بەیانیانی کۆتایی هەفتە
دێتە دوام و دەڵێ:
لە سیحری شەراب و
دەنگی جگەرە و
سەدای چەوریی و
هاواری ژن و
بوومەلەرزەی خەم
دوور بکەویتەوە دەمری.
کێ چوزانێ چ ڕاستە!

## مێژووی هەموو دنیای دەزانی

بە گۆچانەوە دەهات،
عەرەقی دەخواردەوە.
دەیانگوت: جگە لە رێکپۆشییەکەی،
مێژووی هەموو دنیاش دەزانێ.

وا رێککەوت لە wc دیتم،
رشانەوەی دەهات و نە دەڕشایەوە
میزی دەهات، نەیدەتوانی.

دیتم سەری خۆی بادەدا و
لەبەر خۆیەوە دەیگوت:
مرۆڤ هیچ نییە
جگە لە مەیمونێکی سێرک
کە بە دەستی خۆی،
خۆی قەشمەر دەکا.

## برادەرێکم مرد

لەگەڵ ئەو برادەرە
چووینە باخچەی ساوایان و
مەکتەب و
تۆپانێ و
لە مزگەوتیش ژیاین.

بەیەکەوە گەورەبووین
ئەو لە مزگەوت مایەوە و
من بوومە عەرەقخۆر
ئەو تاکسی کڕی و
منیش شیعرم خۆشویست.

دە ساڵ بەر لە ئێستا
ئەو برادەرە دەعمی کرد و مرد
منیش هێشتا جگەرە دەکێشم و
دەخۆمەوە و
شیعر دەنووسم و
ئەویشم هەر لەبیر ماوە.

# مەحاڵ

ئەگەر بتەوێ
ژنێکی پێرفێکتت هەبێ
دەبێ هەموو ژنانی دنیا
کۆبکەیتەوە و
لە هەموویان
تەنیا یەکێکیان
لێ درووست بکەیت.
رێک وەک ئەوەی
ئەگەر ژن بیت و
بتەوێ پیاوێکی پێرفێکتت هەبێ،
دەبێ هەموو پیاوانی دنیا
کۆبکەیتەوە و
تەنیا یەکێکیان
لێ درووست بکەی.

# غەریب

لە وڵاتدا،
هەستی دەکرد غەریبە
بۆیە سنوورەکان و چیاکان و
رووبار و دەریاکانی بڕی و
لە رۆژئاوا
لە ناو باخچەیەک
لە ماڵێکدا گیرسایەوە،
بەڵام هێشتا
هەستی دەکرد غەریبە
بۆیە گەڕایەوە وڵات
هەموو پێشوازیان لێکرد
بەڵام ئەو جارەیان تێگەیشت
کە لە غەریبیی غەریبترە.

## دەسپێک و کۆتایی

ئەی بەدبەخت
هەر کات
کە بیر لە ئەفسانەمان دەکەمەوە
نازانم بۆ دەسمان پێکرد و
لەوەش خراپتر
نازانم بۆ کۆتایی نایە!

هەر بەڕاست
ئەگەر مرۆڤ
بیزانیبووا کۆتایی بێنێ
چۆن دەیزانی دەسپێبکا؟

# ئامێرەکانی پەیوەندی لە تورکیا

تازە گەیشتۆتە ئیستەنبۆڵ
هێشتا پێیەکانی
بۆنی سەفەریان لێدێ.
لە هوتێل
هاوخوێنێکی
ئەدرێسێکی پێدەدا و دەڵێ:
ئەگەر حەزت لە مەلهایە
پێویستت بە متەرجم نابێ
چونکە چی خزمەتکاری
مەلهاکانی ئەو وڵاتە هەیە
هەموویان
هاوزمان و
هاوخوێنتن.

## له فرانکفۆرتەوە بۆ حەلەب

شەوێکی رووناک بوو
پایتەختی رۆشنبیری ئیسلام
فیستانێکی سپی پۆشی بوو
"حەلەب"
بۆنی گۆشتی رووت و
بۆنی پێستی رووتی لێدەهات
نوور لە هەموو شەقامەکانی
ئەو شارە دەدرەوشایەوە.
تازە لە فرانکفۆرتەوە گەیشتبوو
جل و جەستە و پرچی
بۆنی سەفەری لێدەهات
بەڵام حەزی لە نەوەکانی زەنوبیا بوو
بەو نیوەشەوە چووە
هەموو مەلهاکانی شار
گەوادەکان کە دەیانزانی
عەرەبی باش نازانێ
بە کوردییەکی باش پێیان دەگوت:
ئۆۆ برام، ئەی هاوخوێنم
تۆ تەنیا وەسفکە
من رێک ئەو ژنەت بۆ دێنم.

# تۆم، کاتێ کە خۆمم

دەمەوێ خۆم بم
کە جگەرە دەکێشم
کە دەخۆمەوە
کە لە گۆشەیەکدا
دنیا دەکوژێنمەوە و
خۆم دادەگیرسێنم.

دەمەوێ خۆم بم
کە لە مردندا
ژیانم دەژیم
دەمەوێ خۆم بم
کە لە ژیاندا
مردنم دەمرم
دەمەوێ خۆم بم
تا بیسەلمێنم
'من تۆم، کاتێ کە خۆمم'

# ئێمە چین؟

تەنیا ئیدمان دەزانێ برین چییە و
تەنیا برین دەزانێ ئازار چییە و
تەنیا ئازار دەزانێ غەریبیکردن چییە و
تەنیا غەریبیکردن دەزانێ غوربەت چییە و
تەنیا غوربەت دەزانێ تەنیایی چییە و
تەنیا تەنیایی دەزانێ عەشق چییە و
تەنیا عەشق دەزانێ ئیدمان چییە و
تەنیا ئیدمان و برین و ئازار و غەریبی و
غوربەت و تەنیایی و عەشق
دەزانن ئێمە چین.

# ژنانی زۆرم فێری شیعر کرد

هەوڵم لەگەڵ زۆر ژندا فێریان بکەم
تا بەو شێوازەی من دەمەوێ
ئاوا شیعرم بۆ بنووسن
کە فێر دەبوون،
جیادەبووینەوە و
هەر بەو ستایلە
شیعریان بۆ پیاوانیتر دەنووسی..

من هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە
چۆن بیر لەو داستانە دەکەمەوە
تا کازیوەیێ کاتێ لەگەڵ
بسم الله
بسم الله
بسم اللهی ژنەکەم
لە خەو راچڵەکیم و بینیم
ژاکاو و پەشۆکاو
گڵاسێ ئاوی بە دەستە و
گوتی: چیت بەسەر هاتووە برا
بە درێژایی شەو
لە خەودا وەک شێت هاوار دەکەی
ستایلی خۆمم بدەنەوە
ستایلی خۆمم بدەنەوە.

ئاوەکەم خواردەوە و
سەرم خستەوە سەر سەرینەکەم و
لە دڵەوە گوتم: هەموو شتێ بۆ خۆتان
تەنیا ستایلی خۆمم بدەنەوە
تەنیا ستایلی خۆمم بدەنەوە.

## شۆڕش و سێکس لە یەک جەستەدا

لە هەموو گۆشەیەکی
ئەو خانووە شەست مەترییە
جگەرەکێشان قەدەغەبوو.

برادەرێکم و
مێردەکەی ناتاشا دانیشتوون
باسی جەستەیەک دەکەن
کە بتوانێ سێکس و شۆڕش
لە خۆیدا کۆ بکاتەوە!

ناتاشا بۆ جگەرەکێشان هەستا و
بانگی کردم
کە گەیشتمە WC
بە نەرمی دەرگاکەی قفڵدا
هەستم کرد لە بەهەشتم .

جگەرەمان کێشا
یەکترمان ماچ کرد و
یەخەی گرتم
لێوەکانی لە نەرمایی گوێچکەم
نزیک کردەوە و گوتی:
هەردووکیان عاشقی ئەننان
بەڵام ئەوەیە من و تۆ هی یەکین
با تەنانەت بۆ چەند دەقەیەکیش بێ.

کە بە هیلاکی گەڕاینەوە
برادەرێکم و
مێردەکەی ناتاشا دانیشتبوون
هێشتا باسی جەستەیەکیان دەکرد
کە بتوانێ سێکس و شۆڕش
لە خۆیدا کۆ بکاتەوە.

# بۆ ئەوەی لە بیری بکەم

لە هوتێلێکی هەولێر لەگەڵ شێوەکارێ
کە بۆ کردنەوەی پێشانگە
لە رۆمانیاوە هاتبوو
رەنگمان خستە سەر کانڤاس و
لە کحول و قەروێڵەدا غەرقبووین
تا ژنێکیتر لەبیر بکەم بەڵام لەبیرم نەکرد.

لە هوتێلێکی ئەنکەرە لەگەڵ فۆتۆموێدێلێک
کە لە بەیرووتەوە هاتبوو وێنەمان گرت و
لە کحول و قەروێڵەدا غەرقبووین
تا ژنێکیتر لەبیر بکەم بەڵام لەبیرم نەکرد.

لە هوتێلێکی سلێمانی لەگەڵ شاجوانی
هونەرە جوانەکانی بەغدا
شیعرمان خوێندەوە و
لە کحول و قەروێڵەدا غەرقبووین
تا ژنێکیتر لەبیر بکەم بەڵام لەبیرم نەکرد.

له هوتێلێکی سەر راین لەگەڵ وەرگێڕێک
کە بە خۆڕایی تەرجەمەی بۆ پەناهەندان دەکرد
چووینە نێو زاکیرە و
لە کحول و قەروێڵەدا غەرقبووین
تا ژنێکیتر لەبیر بکەم بەڵام لەبیرم نەکرد.

چوومە نێو باڵەخانەکانی سان پاولۆ لە هامبۆرگ
بەحری رەنگاوڕەنگی ژنبوو
تا غەرقبووم لە کحول و ژندا مەلەم کرد
تا ژنێکیتر لەبیر بکەم بەڵام لەبیرم نەکرد.

ئێستا دانیشتووم لەبەر خۆمەوە دەڵێم:
چارم نییە
تەنیا و تەنیا دەبێ لە بیرکردن لە بیربکەم.

## عەیب نییە پیاو
## هاوڕێی ژنی هەبێ؟

لە ژیانمدا ئەوە یەکەمجارمبوو
بە هاوڕێیەتی ژنێک رازیبم..
لە بەدبەختیم
خۆشەویستەکەی
لە ناکاو و بێهۆ بەجێیهێشت.

ساڵێکی رێک
گوێم لە ناڵە و فیغانی گرت
ساڵێکی رێک
دانە دانەی
فرمێسکەکانیم ژمارد
تا کردی بە ئۆقیانۆسێکی سوور.
ساڵێکی رێک
گوتم: خۆشەویستم
بۆ ئەوەی بتوانی لەبیری بکەیت
دەبێ عاشقی پیاوێکیتر بیت.

ئەخیری باوەڕیهێنا
رەسمی _دە_ پیاوی بۆ ناردم و
گوتی: دڵی من،
ئەوانەن
کە پێشنیازی
خۆشەویستییان پێداوم و
یەکێکیانم بۆ هەڵبژێرە.

_X_م بەسەر
کەمال ئەجسامەکە داهێنا
چونکە دەزانم
ئەوە هەموو جسمی رەقە
جگە لەو شوێنەی کە تۆ پێتخۆشە.
_X_م بەسەر موهەریجەکە و
مەیمونەکە و
پشیلە و
بازرگانەکەدا هێنا و
لەسەر یەکێکیاندا وەستام و گوتم:
خۆشەویستم ئەوەیان بۆ تۆ باشە.

دوای هەفتەیەک
بە گریانەوە تێلی کرد و
گوتی: دڵی من،
لەگەڵی دانیشتم،
لەگەڵ ئەوەی کە تۆ هەڵتبژارد،
بەڵام زۆر موحتەرەم بوو، زۆر
من حەزم لە پیاوی خوێڕییە
چونکە ئەو پیاوەی
کە من عاشقیم
لەوە خۆڕیتربوو
کە مرۆڤ تەسەوڕی دەکا.

# خراپتر لە مردن

هەموو کۆکن،
کە مردن خراپترینە
سەیرە
کەس بیر
لەوە ناکاتەوە
کە زۆر لە مردن
خراپتریش هەیە
بە نموونە: ژیان.

## تۆ لە غلۆربوونەوە دایت

ئەگەر هێزت نەما
لە پێناو هەفتەیێ ژیان لەگەڵ ژنێ
هەزاران کیلۆمەتر ببڕیت..
ئەگەر خۆت بە دیوارەوە گرت
تا گۆرەوی لە پێ بکەیت..
ئەگەر لە ترافیک گوڵفرۆشێکت بینی و
رووی خۆتت لێی وەرگێڕا..
ئەگەر دوای خواردنەوە
چاکێت و سویچ و مۆبایلت
لەسەر مێز لە بیر کرد..
ئەگەر ئێستات رابردووتبێ..
ئەگەر بەیانیان تامی مەعجونی ددان
وەک بەرانێکی پیر
گەرووت پڕ لە کۆخە کۆخ بکا..
ئەگەر لەسەر قەروێڵە لەگەڵ ژنان
لە جیاتی خوێن
بڵێسە لەنێو دەمارەکانتدا نێت و نەڕوا

ئەوە یانی ئیدی تۆ لە ترۆپکدا نیت
ئەوە یانی ئیدی تۆ
لە غلۆربوونەوە دایت
ئەوە یانی ئیدی تۆ
پیرێکی لەعنەتیت و
دەبێ خۆت
خۆت بخەیتە نێو حاویەی بەر ماڵتان
تا سپێدەیەکی زوو
چەند کەنناسێ بێن،
بتبەن و لە دووری شاردا
گومبەتێکی زبڵت پێ بەرزتر بکەنەوە.

# ئاشتکردنەوە

کاری خراپم کرد،
خراپتر و خراپترین و
دەڵێم: تەواو خۆم دەکوژم
جۆرێک سەیری چاوەکانیم کرد
دڵنیابوو کە ئەوە دوا شەوی ژیانمە.
منداڵەکان خەوتبوون
لە مەتبەخ چوومە باخچە بچووکەکەمان
گوللەیەکم لە هەور گرت و
وەک نەیزەکڕژان
ئاوا خۆم خستە باوەشی گیا و
دەمانچەکەش لەناو دەستی راستم.
کە هات،
من لە باخچەکەدا
مردبووم
قیژاندی
دەیقیژاند
هاواری دەکرد

گوێی دانابووە سەر دڵم و
دەیگوت: تۆ نەبی ژیان..

مردوو زیندوو دەبێتەوە؟

بۆ نا؟
بە بزەیەکەوە، تەوێڵیم
ماچ کرد و پێکەنیم،
باوەڕی نەدەکرد،
وا بزانم وڕێنە بوو کە گوتی:
چیتدەوێ بیکە
بەڵام نابێ بەر لە من بمری.
من ئەو شەوە
بە نیشاندانی مەرگی خۆم
ژنەکەمم ئاشت کردەوە
بەڵام باجی
ئەو ئەکتەربازییەم وایکرد
تا مانگێک لەبەر ئازاری پەراسوەکانم
نەتوانم بخەوم.

# ژنێک لە هەوادا دەکێشم

فڵچەیەک دەگرمە دەست
لە هەوادا بازنەیەک دەکێشم و
لەناو بازنەکەدا ژنێک،
لەسەر مەمکی چەپی
قەلەڕەشێکی سپی و
لە نێوان مەمکەکانیشدا
بە دوو ریز مێرووولەی سپی، خاچێک.
فڵچەیەک دەگرمە دەست و
لە هەوادا ژنێکی لە خاچدراو دەکێشم
کەس توانای بینینی نەبێ،
جگە لە من.
کەس نەتوانێ
قەبری لە هەوادا ببینێ
جگە لە من.

# له فەزا گەورەتر

له گەڵام روانی
بچووکتربوو له لق
له لقم روانی
بچووکتربوو له درەخت
له درەختم روانی
بچووکتربوو له دارستان
تەماشای دارستانم کرد
بچووکتربوو له زەمین
له زەمینم روانی
بچووکتربوو له کۆمەڵەی خۆر
له کۆمەڵەیەکی خۆرم روانی
بچووکتربوو له کەون
له کەون ورد ورد بوومەوە
بینیم بچووکترە له تۆ
چونکە من
تۆ سەدانجار له کەون گەورەتردەبینم.

## هونەرمەندێ لە دۆزەخدا

ئەو شەوەش وەک شەوان
لەبەر دەرگای نادی
یەکترمان ماچکرد و
هونەرمەندێکیشم،
کە پێشتر سەرۆکەکان
بە دیار گۆرانییەکانی سەریان بادەدا
گەیاندەوە ماڵەکەی،
ماڵەکەی یانی: ژوورێک لە هوتێلێکدا.
برسیم بوو،
هەموو شەقامەکان و
هەموو رێستورانتەکانم خێرا تێپەڕاند
چونکە دەمزانی وا ژنێ
خەریکە پیتزام
بۆ لەسەر سفرەیەک دادەنێ.
خێرا، وەک هەور و زریان
شەقامەکانم دەبڕی
بەڵام هێشتایش دەگریام
چونکە بیرم لای هونەرمەندێ بوو
کە لەبەر دەرگای هوتێلێ دامنا و
رۆژگارێکیش سەرۆکەکان
سەریان بۆ گۆرانییەکانی بادەدا.

# لە نهۆمی سەرەوەی ماڵی باوکم

تازە گەڕابوومەوە وڵات
ماڵم لە نهۆمی دووەمی ماڵی باوکم بوو.
شەوبوو.. باران بوو.. تەنیا بووم
بە قات و کەرەڤاتەوە
سەربان و سەربان رۆیشتم..
بێنە بەرچاوت، ژنێکی سپی رووت
عەبای رەشی بریقەداری خۆی
بۆ تۆ کردبێتە دۆشەک!
کە سەربان و سەربان گەڕامەوە
باوکم بەرامبەرم وەستابوو،
تووڕە و دڵتەنگ، لێی نەڕوانیم
بەڵام گوتی: تۆمان لەو سەری دنیا
هێناوەتەوە تا ببیتە بەشەر
نەک بۆ ئەوەی بە قات و ریباتەوە
هەموو سەربانەکانی دنیا
لە پێناو بەڕەڵڵایێ ببڕی.
من هیچم نەگوت چونکە دەمزانی
باوکم وەک منی بۆ رەخسابا
چی سنووری گەردوون هەیە
هەمووی لە پێناو ئەو ژنە نیقابییە دەبڕی
کە ڕێک وەک ماین وابوو.

## کلیپپێک لە دوکانی شووشەواتفرۆشیدا

درەوشانەوەی رێک،
درەوشانەوەی کریستاڵ بوو.

لە رێستوڕانتی تاوەرێ
بە گارسۆنەکەی گوت:
هەر ئەو شەرابەم بۆ بێنە
کە سەرۆکی پێشووی حکومەت دەیخواردەوە.

پێکی هەڵدەدا و
باسی دەنگخۆشی خۆی بۆ دەکردم
باسی ئاوازی گۆرانییەکی
نوێی خۆی بۆ دەکردم
باسی لیرکی تازەترین
گۆرانی خۆی بۆ دەکردم
باسی سیناریۆی
کلیپی ئەو گۆرانییەی خۆی بۆ دەکردم
بەڵام من زیاتر تەرکیزم لەسەر مەمکەکانی بوو.

پێکی هەڵدەدا و لە ناکاو..
لەناو بێدەنگیی رێستورانتی شووشەیی تاوەرێکدا
بە پشتڕا کەوتە سەر عەرد

زۆری خایاند تا کۆمکردەوە
بەڵام مەستییەکەی بۆ من
وەک دارستانێ درەختی بەردار وابوو.

ئیتر لەو رۆژەوە نەمویست بیبینمەوە
نەمبینیەوە و تا رۆژێ لە رۆژان
کلیپێکم بینی
کچێک، درەوشانەوەی رێک،
درەوشانەوەی کریستاڵ بوو
لەناو دوکانی شووشەوانفرۆشیدا
بتڵێ شەرابی لەوەی سەرۆکی پێشووی حکومەت
لەسەر مێزێک داناوە و
کلیپ دەکا
کلیپێک
کە تا ئێستا لە ژیانمدا
کلیپ و گۆرانی وا قۆڕم نەبینیوە.

## گۆرانیبێژێکی ژن
## لە تەوالێت گۆرانی دەڵێ

بە رێککەوت لە نێت توشی یەک هاتین،
دوای گۆڕینەوەی دوو حەرفی ئەلکترۆنی
خۆی رووتکردەوە و گوتی: عاشقتم.
دوو رۆژ دوای یەکترناسین
لە رۆژنامەکاندا رایگەیاند کە عاشقە.
من ترسام و پێمگوت: ژنم هەیە.
رۆژی سێیەم
ناومی بە هەموو دنیادا بڵاوکردەوە و
نووسیبووی: ئەو مەلعونە پیاوێکی خەتەرە
دەبێ هەموو ژنان لێی دوور بکەونەوە.
من لە ژیانمدا نەمزانیوە سەما چییە
کە دوور کەوتەوە سەمام کرد.
دوای شەش مانگ لە ژێر سەقفێکی ئارام
تەنیا دانیشتووم و تەماشای تی ڤی دەکەم
کلیپێک دێ.. ژنێک لە تەوالێت دانیشتوە و
گۆرانی دەڵێ.
گۆرانییەک،
باس لە پیاوێکی مەلعون دەکا
کە پێویستە ژنانی دنیا لێی دوور بکەونەوە.

# لە ئۆفیسی پرۆفیسۆرێکی کیمیادا

دەرگاکەی کردەوە
من پەردە و دەرگاکەم داخست
قاوەی بەیانی بۆ دانام
من دوو چارێگ شەرابی سپیم
لەسەر مێزەکەی دانا
ئەو "چایکۆفسکی" پێکرد
من نوورم کوژاندەوە..
زرنگەی گڵاس هات و
من یەکەمجارم بوو
ژنێکی پرۆفیسۆر ببینم
لە باوەشمدا سەما بکا.

## كليۆپاترای پیر

تارماییەکم لەسەر شۆستەکەی
ئەوبەری شەقامدا بینی،
لارە لار، دەشنایەوە..

هاوارم کرد:
_کلیۆپاترا..کلیۆپاترا..
لەنگە لەنگ، سەر هەوراز و
نێو نشێوەکانی پارکی بڕی و
وەک من لەناو تاریکیی شەو و
گیا تەڕەکەدا راکشا.

_ناوت چییە کوڕی گەنج؟
_ئەنتۆنی.. مارک ئەنتۆنی..
_ئەنتۆنی گەنج، حەشیش و گراسم لێبڕاوە.
لە جیاتی حەشیش،
بیتهۆڤنم بۆی هەڵکرد و هۆڵدرینم
بۆ خوێندەوە و ناچار نازانم
تا کەی لەگەڵمدا عەرەقی خواردەوە.

تاریک و روونی بەرەبەیان
پێڵوەکانم ترازاند و بینیم
لە ژێر درەختێکدا
بە رووتی ببووین بە یەک..

سەرەتا ترس لە پێستم روا،
دواتر رشامەوە و رامکرد..
دەڕشامەوە و بە ترسەوە رامدەکرد و
لەبەر خۆمەوە:
_وای برا، یەکەمجارە
کلیۆپاترا وا بە پیری ببینم..
رامدەکرد و دەڕشامەوە و
دەنگێ لە دوورەوە دەهات
_ئەنتۆنی.. ئەنتۆنی.. ئەنتۆنی گەنجم..
رامدەکرد و ئاوڕێکم دایەوە
لە دوورەوە کلیۆپاترایەکەی خۆمم بینی
لە ژێر درەختێک بە رووتی وەستاوە
بە جلە نەپۆشراوەکانی نێو دەستی
مەمکی چورچ و زگی گەورەی داپۆشیوە و
بە دەنگێکی کز هاوار دەکا
_ئەنتۆنی، ئەنتۆنی، ئەنتۆنی گەنجم...

# دەبێ کێ لە خۆت دوور بخەیتەوە؟

ئەوانەی کە وەک کۆپتەری بچووک
ژاوە ژاو و غەڵبەغەڵبیان
لە کار و قەبارەی خۆیان گەورەترە.
ئەوانەی گەردەلوول
لەناو تەنیاییت دادەگیرسێنن،
کاتێ تۆ لە تیشکی خۆری
سەر باڵی شووشەیی هەنگێ راماوی.
ئەوانەی لە نێوان ئازادیی و بەڕەڵڵایی
تەم دەیانخوا و لایان وایە
ئازادیی فڕینە و بەڕەڵڵایش فڕین.
ئەوانەی لە تووڕەبوون تووڕە نین و
رقیشیان لە شەپۆل و
رقی زریانەکانی رقلێبوونەوە نابێتەوە.
ئەوانەی رووخساری خۆشەویستەکانیان
بە دەریاچەیێ نوور نازانن
کە بە گیا و گاردینیا و سێبەر دەورە درابێ.

ئەوانەی پێیان وانییە رۆژێکی بێ عەشق
وەک رۆژێکی بێ خۆر وایە.
ئەوانەی خۆیان لا
بەلەمێکی لاڵ و بچووکی
بێ چارۆگەی
ناو زەریاییێکی بێ کەنار نییە.
ئەوانەی بە دوای تراویلکەی خلودەوە
راکە راکیانە و نایانەوێ بزانن
چرکەکانیان دەسڕێتەوە و
ئەوانیش لە چرکەکاندا.
ئەوانەی لێرە و لەوێی مێژوودا
خوداوەندی جۆراوجۆریان
لە پێناو عەدالەت و ئازادیی و
سەمای هەزاران حۆری
چاخی هەستانەوەی
دوای کەوتنە ئەبەدییەکان داهێنا.

ئەوانەی دەڵێن:
کڕینی دەقیقەیەکمان بەسە و
لە ترسا دەچن سعاتێک دەکڕن.
ئەوانەی نازانن کە دەتەوێ
یەکێ لەبیر بکەی
یانی بیری دەکەیت.
ئەوانەی کە دوای جیابوونەوەیان
لە ژن و مەعشوقەکانیان
بە ئازادیی و بەڕەڵڵایی و
شووکردن و شووکردنەوەی
ژن و مەعشوقەکانیان
ڕۆشنایی
تاریک دەبینن و
خۆیان لا شەریفێکی بێشەرەفە.
ئەوانەی کە دەبێ
لە خۆتیان دوور بخەیتەوە زۆرن
بەڵام بە تایبەت ئەوانە لە خۆت دوور بخەوە
کە دەیانەوێ بە ناوی خۆشەویستییەوە
ڕەگی بەختەوەریت
لە زەمینی ژیانتەوە هەڵتەکێنن.

## لەبیر دەکرێین

هەموومان لەبیر دەکرێین
وەک ئەو پشیلانەی زانیان
نووسەر هیچ ناخۆن و
لە نادی نووسەران
لە برساندا کۆچیان کرد.
وەک ئەو پیاوەی هاتبوو ببێتە شاعیر و
ئێستا لە سێرفسی
دوکانێکی بچووکی پاچەفرۆشیدایە.
وەک ئەفسەرێکی خانەنشین
کە بە رۆژ لە حزبێکبوو،
لە شەویشدا لە حزبێکی دژی حزبەکەی.
وەک ئەو ژنەی لە "یەڵدا"دا
لەناو تەمتومانی گۆشەیەکدا
دەستێکی نابووە گیرفانم و
شیعری دەخوێندەوە.
وەک مەستێکی سپی باڵدار
کە ئێستا بۆتە وێنەیەکی سەر دیوار.
وەک من کە خۆم حەزدەکەم
نەک لەو لاکێشەییە تاریکە
بەڵکو لە گۆشەیەکی
ئەو زەمینە بازنەییەدا لەبیربکرێم.

## بۆ ئەو منداڵەی
## رێگای پێنەدرا لە دایکبێ

دایکتم لە دارستانێکی رەش ناسی،
رەنگی دەڕژاندە نێو عەرەق و دەیخواردەوە..
خۆڵەمێشی لە شەراب دەکرد و دەیخواردەوە..
دەستێکی حەب و دووکەڵ،
دەستەکەیتری رەنگ و فڵچە و تاریکیی.

جارێ دایکت پێیگوتم:
لە دارستانی رەش و خۆری سوور،
لە عەرەق و جگەرە و حەب و
رەنگ و فڵچەش بێزارم.

هیچ شتێ شۆکم ناکا
نە باران و نە خۆری سووتاوی
سەر جەستەی سپیم..
تاکە رێگای روو لە رووناکیم ئاوابوونە.

دەمویست بڵێم و هیچم نەگوت
چونکە بەڵێنمدا ئەو داستانە
بۆ ئەو منداڵەت بگێڕمەوە
کە هەرگیز رێگای پێنادەی لە دایکبێ.

## بە دەست دڵێک درووست دەکەم

جار جار بە دوو دەست
دڵێک لەسەر دڵم
درووست دەکەم و
بە پێکەنینەوە
بۆ منداڵەکانمی هەڵدەدەم
بەو جوولەیەم لە قاقا دەدەن
جۆرێک تەماشام دەکەن
تێدەگەم ئیدی
من جگە لە بەرازێکی پیر
کە بە لێژایی شاخی پیرییدا
بەرەو دۆڵی مەرگ
غلۆر دەبمەوە
هیچی دیکە نیم.

# له ژوورێکی تاریک لەگەڵ سێ ژن

له ژوورێکی تاریک لەگەڵ سێ ژن
له دەوری مێزێک دانیشتبووین
کارەکە جددی و ترسناک دیاربوو
یەکێ گوتی: بڕیاربده هی کامانی؟

من دەستی ڕاستەم
خستە سەر رانی
ئەوەی لای ڕاستەم و
لێویشم سەر لێوی
ئەوەی لای چەپەم،
بەڵام بەرانبەرەکەم
لەگەڵ ئەوەیش کە پێیەکانمان
له ژێر مێزدا تێکەئاڵاندبوو
چاوی نوقاند و
نیو بتڵ عەرەقی سادەی
بە نیو نەفەس خواردەوە.

گوتم: خۆ ئاسمان ناڕووخێ
ئەگەر هی هەر چوارتان بم؟
سەرخۆشەکە بە قیژەیەکەوە گوتی:
_گوێتان لێبوو؟ نەمگوت ژنی ژنیەتی..
ئەوەی لای چەپەم کە خۆی
لە هەموو ژنانی دنیا لا عاقڵتربوو
لێوی لە لێوم دوورخستەوە و گوتی:
_بەڵێ بەڵێ، ئەو لەعنەتییە
ژنی ژنییەتی
ئێمەی تەنیا
بۆ سەر قەروێڵە و
جیماعی جەماعی دەوێ..
ئەوەی لای راستەم بووە زریان و
گوتی: لە ئێوە دەبەنگترم نەبینیوە
ئێ خۆ قابیلە ئێمەی
بۆ نوێژی جەماعی ناوێ..
ئیدی بووە شەڕیان و
منیش بە خۆشحاڵی دانیشتبووم
پێکی بیستەمم تێکرد و
بیرم لەوە دەکردەوە
کەی رۆژێ دێ بتوانم
ئەو چیرۆکە بکەمە شیعر؟

# كريسمس لە گۆشەیەكی مەتبەخدا

یەكێ كە نەیدەهێشت جگە لەو
لە شەوانی سەری ساڵدا
هیچ ژنێ ماچم بكا
ئێستا لە پاریسە
بۆ كریسمس
لە باوەشی نێجیرییێک.

یەكێ لەنێو شەمەندەفەر
وێنەیەكی خۆی بۆ ناردووم
رۆژنامەیەكی عەرەبیی
لە سەرمێزەكەی بەردەمیەتی
دەستێكی بیرە و
دەستەكەیتری جگەرە و
نووسیویەتی: بەرەو كۆڵن..
پرسیم: ئەو دەستەی كە بە ئاستەم
لە وێنەكەدا لەسەر رانت دیارە
دەستی چ بەرازێكە؟
دەڵێ: خۆ كەس وەک تۆ و
نەعامە و كورد جەبان نییە.

یەکێ لەنێو F16
سێلفییێکی نیوەڕووتی خۆی
بۆ ناردووم و
نووسییویەتی: تەرمێک
بۆ ئاهەنگی کریسمس
لەنێو پەڵە هەورەکانی
ئاسمانی دەریای مردوو
تەرمێک، بەڵام تەرمێکی سێکسی.

بۆ ئەو سەری ساڵە
لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ماڵ
لە گۆشەیەکی مەتبەخ دانیشتووم
منداڵەکان لە ژووری خۆیان
یاری دەکەن و
منیش بە دزییەوە
لە مۆڤییەکی نوێی
_Mia khalifa_ دەڕوانم
کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری لەسەر دانراوە و
گۆرانییەکە باس لە پیاوێک دەکا
حەزی لە ژن و کحول و گەڕانە
بەڵام لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ماڵ
لە کریسمسدا وەک سەگ
خۆی لە گۆشەیەکی مەتبەخ حەشارداوە.

# پیاوێکی ڕەق لەسەر سینەی ژنەکەی

پیاوێکی ئامادە،
ڕەق لەسەر سینەی ژنەکەی..
ژن: پیاوەکە منداڵەکانمان
هێندە ڕەنگپەڕیون
دەبێ سەرەتانیان نەبێ؟
پیاوەکە دەکەوێتە سەر پشت و
ڕوو لە سەقف
جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و شل.

پیاوێکی ئامادە،
ڕەق لەسەر سینەی ژنەکەی..
ژن: ڕۆژێ دێ ئەو خانووەمان
بەسەر دادەڕوخێ
کەی ئەو کۆنە جەهەننەمە دەگۆڕیت؟
پیاوەکە دەکەوێتە سەر پشت و
ڕوو لە سەقف
جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و شل.

پیاوێکی ئامادە،
ڕەق لەسەر سینەی ژنەکەی..
ژن: پیاوەکە ڕاستە ئەمشەو
هەسارەیەکی سەدجار لە زەمین گەورەتر
بەر زەمین دەکەوێ؟
پیاوەکە دەکەوێتە سەر پشت و
ڕوو لە سەقف
جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و شل.

پیاوێکی ئامادە،
ڕەق لەسەر سینەی ژنەکەی..
ژن: دەزانی ئەوڕۆ زوو نەگەیشتبام
کچەکمان خۆی دەسووتاند..
پیاوەکە دەکەوێتە سەر پشت و
ڕوو لە سەقف
جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و
بە شلییەوە بە ژنەکەی دەڵێ:
جارێ بە پارە لەگەڵ ژنێ خەوتم
لە ژیانمدا هەر چییم لە ژن دەویست
لەوە زیاتری بۆ کردم،
ئەوە کێشە نییە
بەڵام من کێشەی گەورەم لەگەڵ ئەوەدایە
بەو ژنە دەڵێن قەحپە و
بە تۆش دەڵێن شەریف.

# سەریان لە خۆیان شێواندوە

بیلالی حەبەشی گوتی: الله اکبر..
شەهیدی میحراب و معاویە،
بەرد و رووبار،
حسێنی مەزلوم و یەزید گوتیان: الله اکبر..
خۆر و شەو، باران و سامأڵ دەڵێن: الله اکبر..
سوڵتانی نوێی عوسمانی و
عوسمان خانی یەکەم و
محەمەد خانی شەشەم گوتیان: الله اکبر..
داعش و شۆڕشگێڕ دەڵێن: الله اکبر..
پیس و جوان.. رەش و ساغ..
نەخۆش و سپی.. مەلا، پشیلە،
هەموویان یەک دەنگ و یەک رەنگ دەڵێن:
الله اکبر..
الله اکبر
الله اکبر
الله اکبر و لله الحمد
مرۆڤی بەدبەخت،
هێندە سەرلێشێواوە
سەری لە خۆیی و
سەری لە خواش شێواندوە.

# هیچ شتێ نابینن

لەبەر دەرگای ماڵ
تەماشای باڵکۆنێک دەکەم.
لە باڵکۆنێکدا تەماشای تاوەرێک.
لە ترۆپکی تاوەرێکدا
تەماشای قەڵای شارەکان و
نەخشەی وڵاتان دەکەم
هیچ شتێ نابینم
جگە لە ژنێک
کە لەبەر دەرگای ماڵ
تەماشای باڵکۆنێک دەکا و
لە باڵکۆنێکدا تەماشای تاوەرێک.
لە ترۆپکی تاوەرێکدا
تەماشای قەڵای شارەکان و
نەخشەی وڵاتان دەکا و
هیچ شتێ نابینێ
جگە لە پیاوێک.

## کەتنێکم کردبوو، ژنم زانی..

کەتنێکم کردبوو، ژنم زانی..
دەستی بە قسەکرد و
گوتم: ڕاوەستە
تۆ هیچ هیچ
لە ژیان و دنیای من تێناگەی
تۆ کەی ڕۆمانێکم
وتارێکم
ئەفۆریزمێکم
یا شیعرێکی منت خوێندۆتەوە؟
ڕۆیشتم و بە تووڕەییەوە
دەرگام لە دوای خۆم داخست.

نیوەڕۆ کە گەڕامەوە ماڵ
سێ بەش و نیوی
لە دیوانێکی من خوێندبۆوە
گوتی: خۆشمدەوێی
نامەوێ لەبەر چاوم ڕەشبێت
بۆیە ناتخوێنمەوە..
دواتر تۆ جگە لەسەر ژنی خەڵک
چوزانی لەسەر شتێکیتر بنووسی؟

من هیچم بۆ نەمایەوە و
تا جارێکیتر
کەتنێکیترم
داپۆشم
گوتم: دەی خۆشەویستم
وەرە باوەشم
رۆمان و وتار و
ئەفۆریزم و شیعر
جگە لە خەیاڵ و
درۆی گەورە
هیچ شتێکی دیکە نین.

## عەتر و نینۆک

حەزم دەکرد
ئیدی کەسێک بم، بێ نینۆک،
چونکە هەمیشە لەنێوان دوو ژندا
دەبووە پێشبڕکێ و شەڕ و تۆفان
لەسەر ئەوەی کێ زووتر
نینۆکەکانی
دەست و
قاچەکانم
بقرتێنێ
ئەوە بەو مانایە نەبوو
کە تا ئەو رادەیە خۆشیاندەویستم
بەڵکو هی ئەوە بوو
کە تا ئەو رادەیە رقیان لە یەکتربوو.
بەڵام خۆشبەختانە لە بۆندا
هیچ کێشەیەکمان نەبوو
چونکە هەر سێکیان
عەتری (Chloe) یان بەکار دەهێنا.

# غیرەی رووت

دوای چەند ساڵ، یەکترمان دیتەوە..
دەیویست توڕەیی خۆی بشارێتەوە،
نەیتوانی..
رەسمی ژنێکی
لە مۆبایل نیشاندام و گوتی:
هەر لەبەر ئەوە
رووت
لە من و
لە ژنەکانت و
لە خۆت و
لە هەموو گەردوون و خوا وەرگێڕا؟
توخوا بە درێژایی هەموو سەدەکان
کەستێکت بینیوە،
عاشقی (چێڵ) بووبێ؟
گوتم: ئاخ
من ملیۆنان مرۆڤ دەناسم،
(گا) دەپەرستن.

## _رۆدا_ 2

وەک شێت لە دەرگا دەدرا،
بە هێمنی دەرگاکەم کردەوە و
بە بزەیەک
خواحافیزبوونم
لە سایەقی پاسەکە کرد.
بە چاوی خەواڵو و
جانتای قورسی پشتییەوە
ماچی کردم و
بە زۆر پێڕاگەیشت
لە بن شەوبۆکە
لە باخچە بچووکەکەی ماڵدا
زنجیری پانتۆڵەکەی بکاتەوە..
گوتم: بۆ لێرە؟
گوتی: بابە،
ئەدی ئەو گوڵانەش گوناح نین،
ئەدی نابێ ئاویان بدەین؟

## له بیرمان چووبوو

چونکە جوان بوو، دوای کەوتم.
کە دوای کەوتم، پێیگەیشتم،
کە پێیگەیشتم، دیتم تەنیایە،
کە زانیم تەنیایە، خۆشمویست.
کە خۆشمویست، خۆشیویستم.
کە خۆشیویستم، عاشقمبوو.
کە عاشقمبوو،
ویستی تەنیا
موڵکی ئەو بم.
کە عاشقیبووم،
ویستم تەنیا
موڵکی من بێ.
زۆر بە داخەوە
هەردووکمان لە بیرمان چووبوو
کە من دوو منداڵم هەیە.

# سنوور

توانیم و دەتوانم
هەموو سنوورەکان
بە ئاسانی ببەزێنم
جگە لە سنووری خۆشەویستیی.

هەر بەڕاست
خۆشەویستیی سنووری هەیە؟

# ئەو شەوەی بە مەستی چوومەوە

زۆر لەمێژە بیرم نایە پێکەنیبم

زۆر لەمێژە هەمیشە بە رووخسارێکی گرژ و
تەنیا بە (ئا یا نا)
وەڵامی دایک و باوکمم داوەتەوە.

ئەو شەوە، دەیجووربوو، درەنگبوو
هەوربوو، برووسکبوو، بارانبوو

بە مەستی چوومەوە
دایکمم بینی نەوت لە سۆپا دەکا
دەستیم ماچ کرد و گوتم:

سەرمات دەبێ،
ئەوە کاری منە.
تەماشای کردم
سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و گوتی:
قوربانت بم خوایە
ئەی بۆ دەڵێن: مەشروب حەرامە!؟

## (Dorint Hotel)

دەتوانن لە هەزاران کیلۆمەتر،
رێگای پڕ لە چیا و
دارستان و
دەریا
بپرسن.
لە فڕۆکە و هەور و
شەمەندەفەر و گەیشتن بپرسن.
حەز دەکەن لە (Jack Daniels) و
جگەرەی نێوان پەنجەکانم بپرسن.
دەتوانن لەو گوڵە سوورە بپرسن
کە لە بانهۆف وەرمگرت.
بڕۆن لە دۆنەر خواردن بپرسن
بەدەم رێگاوە.
لە جل و بەرگە پەرش و بڵاوەکانی
سەر عەرد بپرسن
کە بە کەس کۆنەدەکرایەوە.
لە بانیۆ بپرسن.

لەو دنیا کلێنسە بپرسن
کە رەنگی موکێتی ژوورەکەی گۆڕیبوو.
لە دوو جەستەی رووتی
سپی و ئەسمەر بپرسن
کە سەریان بە یەکەوە نووساوە و
لە ئاوێنەدا پێدەکەنن.
بڕۆن لە ژیان و مردن بپرسن
ئینجا دەزانن کە ژن و پیاوێک
چۆن مردنیان مراند و
چۆن ژینیان لە ژیانیاندا ژیاند
لە ژووری هوتێلێک،
هوتێلێک.. لە کەنار ڕووباری _راین_دا.

## هێشتا باشم

هێشتا باشم،
مادەم بەیانیان دوای رشانەوە،
دەتوانم کحول بخۆمەوە.

هێشتا باشم،
مادەم نیوەڕۆیان نان دەخۆم و
کحول دەخۆمەوە.

هێشتا باشم
مادەم لە بیرمە
نانی ئێوارە
دوای خواردنەوەی کحول بخۆم.

من هێشتا زۆر زۆر باشم
مادەم دەتوانم
بەیانیان و ئێواران و
شەوان بخۆمەوە و
جیا لە ئێوە بمرم و
جیا لە ئێوەش ژیانم بژییێم.

## باشووری ئەڵمانیا

دەڵێ: کە دەتەوێ ببم،
ئەو لەعنەتییە لە خۆت دەرکە.
دەڵێم: ژنبە، هەموو ژنانی دنیا
لە من دەرکە.
بلۆکم دەکا ..
نازام بۆ دێتەوە و دەڵێ:
چاوەڕوان مەبە جارێکیتر خۆشمبوێیت و
سینگت، ژیان و قەبرم بێ.
دەڵێم: یانی حەز ناکەیت ئیدی
ئێوارەیەك لەناو کەرنەڤاڵێکدا دەستت بگرم و
شەو سەرت بخەیتە سەر سینگم و
بەیانییەکی زوو
بچینەوە
رێستورانتە تورکییەکە
لەناو دڵی ئەوروپا
لە باشووری ئەڵمانیا؟

## هەمیشە ژن پیاوترە

منداڵ بووم
کە لە ناکاو تەیارەی ئێرانی دەهات
کچەکان دەستی براکانیان دەگرت
دایک دەستی منداڵەکانی
داپیرە دەستی نەوەکانی

منداڵ بووم
کە لە ناکاو تەیارەی ئێرانی دەهات
پیاوەکان دوای خۆشاردنەوەیان
هیچیان نەبوو
جگە لەوەی هاوار
لەسەر
کچ و
دایک و
داپیرەکانمان بکەن و بڵێن:
خۆتان بشارنەوە تەیارە هات
خۆتان بشارنەوە تەیارە هات
خۆتان بشارنەوە تەیارە هات..

# بۆنی ژن

چی سۆتەکە و فلتەری جگەرەی
ناو تەبلەی سەیارەکەم هەیە
هەموویم بە دەستەکانم پاککردەوە و
وەک تەواوبوون لە نوێژیش ئاوا
دەستی خۆڵەمێشیم بە رووخسارم داهێنا.
لیمۆیەکم لەسەر دیواری ماڵێک لێکردەوە
لەسەر لەپەکانم شەق شەقم کرد و
دەستی لیمۆینم بە رووخسارم داهێنا.
لەبەر باران وەستام و
دەستی باراناویم بە رووخسارم داهێنا.
بەرمیلێک،
نەوتی زۆری لەسەر دەڕۆیشت
بە نەوت دەستەکانمم شۆری و
دەستی نەوتاویم بە رووخسارم داهێنا.
دوای ئەو هەڵلایە دەگەمەوە ماڵ
ژنێک لووتی دەگرێ و دەڵێ:
ئەرێ برا شێتت کردم
دیسان بۆنی ژنت لێ دێ
ئەوجارە کێییە؟

## ناتوانی شت لە ژنەکەت داشاری

رووخسار و پێستی خۆت دەپشکنیت و
دەچیتەوە ماڵ،
ئاگات لێ نییە،
وێنەی لێوێکی سوور
لەسەر کراسەکەت دەبیننەوە.

رووخسار و پێست و
کراسی خۆت دەپشکنیت و
دەچیتەوە ماڵ،
ئاگات لێ نییە،
داوی پرچێک لەسەر پاڵتۆکەت دەبیننەوە.

رووخسار و پێست و
کراس و پاڵتۆی خۆت دەپشکنیت و
دەچتەوە ماڵ،
ئاگات لێ نییە،
بۆنێک لەناو ئێسکت دەبیننەوە.

رووخسار و پێست کراس و
پاڵتۆ و بۆنی ناو خوێنت دەپشکنیت و
دەچیتەوە ماڵ،
ئاگات لێ نییە،
شوختی نینۆکی ژنانە
لە جەستەت دەبیننەوە.

بە کورتی:
ئەگەر پیاوێکیت و ژنت هەیە و
حەزت لە چیرۆکە لەگەڵ ژنانیدی و
نەتەوێ ژنەکەت بیزانێ
یا دەبێ واز بێنیت،
یا دەبێ نەچیتەوە ماڵ.

## شاعیرانی سرووشت

ئەی شاعیرانی مانگ و

ئەستێرە و چیا و باران و ئاسمانەکان
هیچ جار بیرتان لەوە کردۆتەوە
شیعرێک لەسەر بزمارێک بنووسن

کە چۆتە بنی پێڵاوەکانتان
یا لەسەر چیلکەدارێک

کە چۆتە ژێر نینۆکەکانتان؟

هیچ جار بیرتان لەوە کردۆتەوە
شیعرێک بنووسن

لەسەر وەرینی پرچتان
لەسەر یەکەمین مووی سپی لە ردێنتان
لەسەر یەکەمین خیانەتتان
لەسەر لە ناکاو گەورەبوونی زگتان
لەسەر لەپڕ گوێ زەعیفبوون و

لەسەر کزبوونی چاوتان،
لەسەر درۆکانتان
لەسەر شێتیەتیی و راستگۆییەکانتان

ئەی شاعیرانی باوبۆران و درەخت و
مانگ و ئەستێرە و ئاسمانەکان،
هیچ جار بیرتان لەوە کردۆتەوە
واز لە نووسینەوەی سرووشت بێنن و
بۆ تەنیا جارێ سرووشتی خۆتان و
سرووشتی ئێسک و دەمارەکانی خۆتان بنووسنەوە؟

## دەستەکانم

دەڵێم: چۆنی؟
دەڵێ: چۆن بم!
تینووم بێ
دنیا پڕە لە رووبار.
بێ ماڵ بم،
لەمێژە
هەموو دنیا ماڵی منە.
برسیم بێ
دنیا پڕە لە کتێب و
فیلم و رێستورانت
بەڵام کە سەرمام بوو
کە سەرمام بوو
دەی کوانێ دەستەکانت؟

## رێک وەک من

کەسێک کە لە هەموو ژیانیدا،
بە زیاتر لە کەسێک بڵێ: عاشقتم،
یانی تا دەمرێ
نەیزانیوە عەشق چییە.
رێک وەک من
کە بە هەموو ژنانی دنیام گوتوە
عاشقتانم و
قەتیش نەمویستوە بزانم عەشق چییە.

## یەکەم بارانی ئەو زستانە

ڕەنگی دانایە سەر مێزەکەم
وێنەی کەمپێکی کێشا
لەناو کەمپەکە ژوورێک
لەناو ژوورەکە گۆڕێک
لەناو گۆڕەکە ژنێک.
قەڵەمی دایە دەستم و گوتی:
لەسەر کێڵەکە بنووسە
خۆی کوشت.

نووسیم :
لە وەهمی عاشقبوون خنکا.

دەستمی گرت
بە پەیژەکان چووینە خوار و
لە شوێنێک
کە تەنیا دەنگی ئاو دەهات
خۆمان دایە بەر
یەکەم بارانی ئەو زستانە.

## خوا لەپێناو پیاو ژنی داهێنا

خوا ژنی داهێنا
تا پیاو فێربکا
تەماشای ئەستێرە بکا و
خۆشویستنی خۆشبوێ.

خوا لەپێناو پیاو ژنی داهێنا
تا فێری دڵسۆزیی بکا و
سۆزی پێبدا و
لە هەموو ئەوانەش گرنگتر
تا لە رەگەوە هەڵیتەکێنی و
بیوەرێنێ و شێت و وێرانی بکا.

## مرۆڤ چی دەکا؟

مرۆڤ درووستبوو
تا درووست بکا
درووست دەکا تا بیڕووخێنێ
دەیڕوخێنێ تا لە بیر بکا
لە بیر دەکا
تا درووستی بکاتەوە.

مرۆڤ هیچ ناکا،
تەنیا دروست دەکا تا بیڕووخێێ و
دەیڕووخێنێ تا سەر لە نوێ درووستی بکاتەوە.

## مردن له خۆردا

سەری خستە سەر سینگم و گوتی:
عەشق رێک وەک رۆلێتی رووسی وایە
ئەها گوللەیەک دەخەیتە
ناو دەمانچەیەکی حەوتخۆری بەتاڵ
لەگەڵ بەرانبەرت بە نۆرە
لەسەر مێشکتان دەیتەقێنن
دەستم خستە ناو پرچی و گوتم:
لە عەشقدا شانسی ژیانت نییە
وەک لە رۆلێت
چونکە عەشق
تەنیا و تەنیا مردنە
بەڵام لە ئیشراقدا.

# چیم کە سەرخۆش نیم؟

لە باخێکدا بتڵی بلاک لێبلم
لەسەر گیای بن مێزەکە دانابوو
دەمنادەمێ بە دزییەوە
پێکم دەکرد و لە هەورم دەڕوانی
مەسەلەکە ترس نەبوو
رێزگرتنیش نەبوو
کە بتڵی بلاک لێبلم
لەسەر گیای بن مێزەکە دانابوو
بەڵام هەر دەیگوت و دەیگوتەوە:
مەخۆوە،
تۆ بێخواردنەوە
پیاوێکی ئازا و جوان و موحتەرەمی..

خواردمەوە و لە رێگای گەڕانەوە
لەناو سەیارەدا
بیست و پێنج کیلۆمەتر
دەستێکم لەسەر سوکان و
دەستەکەیترم لەناو دەستیدابوو
لە رێگای گەڕانەوەدا
کارگەلێکمان کرد
کە لە ماوەی بیست و پێنجساڵی
یەکتر خۆشویستنمان نەمانکردبوو.

کە لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا هاتەخوار
ماچێکی کردم و بە پێکەنینەوە گوتی:
بە بێ سەرخۆشیی
تۆ هیچ نیت
جگە لە پیاوێکی
ترسنۆک و ناشرین و ناموحتەرەم.

# شوقەی ژمارە 13

ئاگرێکی سپی بوو
لەناو خەوکراسێکی سۆرتاریکدا
_ ئاخر دەترسم پەشیمان بیتەوە..
ماچی دەکردم و
بە هەنگاوی لار
روو لە ژووری نووستن
ماچم دەکرد و
لەسەر تەختەخەوەکە
ماچی دەکردم و
حەپەی سەگێکی سپی بچووک
کە دوامانکەوتبوو
بیناکەی دەهەژاند و
تەخت دەهەژا و
_ ئاخر دەترسم پەشیمان بیتەوە..

دوگمەی سەردەستی چەپمم داخست و
لە دەرگای سەرەکی شوقەی
ژمارە ١٣ ئاوڕێکم لێیدایەوە
بە ڕووتی وەستابوو،
خەمگین لێیدەڕوانیم و
لە بن لێوەوە گوتی:
_دەمزانی پەشیمان دەبیتەوە..
سەگێکی سپی بچووکیش
لەسەر تەختەخەوەکە
بە ئارامی و بێدەنگ
لە هەردووکمانی دەڕوانی.

## ئاوێتە

دەڵێم:

کێت لە من خۆشتردەوێ؟

دەڵێ:

تۆ.

دەڵێم:

یانی وەک من

کە دەڵێی:

کێت لە من خۆشتردەوێ؟

دەڵێم:

تۆ.

# لە پێناو هەڵنەسانەوە

دەخۆمەوە تا بخەوم
دەخەوم تا لەبیر بکەم
دەخەوم تا کە هەستام
جگەرەیک داگیرسێنم و
بیر لەوە بکەمەوە
بخۆمەوە تا بخەوم
تا لە بیر بکەم و
جارێکیش کە خواردمەوە و خەوتم
خەوتن و خواردنەوە
ژیانم بخۆن و ئیدی هەڵنەستمەوە.

## مردنێکی جیا

چوونە سەر تەختێک
دەستیان خستە
ژێر رroomەتی یەکتر و
ژیانێک ژیان
کە هیچ مردوویەک
کە هیچ زیندوویەک
ئاوا نەژیابێ.

لە خەو هەستان
دەستەکانیان ترازابوو
تێگەیشتن
مردنێک مردوون
کە هیچ زیندوویەک
کە هیچ مردوویەک
ئاوا نەمردبێ.

## لەگەڵ بوکۆڤسکی

لە شوێنێکی دیکە
لە مێژوویەکی دیکە
لەسەر تەختێکی دیکە
منیش وەک تۆ
بە مەستی پێدەکەنم و دەڵێم:
چ ئازایەتییێکی دەوێ
بەیانیان لەسەر قەروێڵەکەت
لە خەو هەستیت و
دیسان هەموو ئەو شتانە
دووبارە بکەیتەوە
کە رۆژانە دووبارەیان دەکەیتەوە؟

# ژنی شاعیرە عەرەبەکە

برادەرێکی رەخنەگرم و
شاعیرێکی عەرەب
خەریکی قسەی جددی بوون
سەبارەت بە شیعرەکانم و
منیش خەریکی
تەماشاکردنی ژنی شاعیرەکە.

دوای ماوەیێ
لەگەڵ ژنی شاعیرەکە
لە هەولێر
رووت و مەست
لەسەر تەختێک
تا شەکەتبووین
باسی شیعرەکانی
مایاکۆڤسکیمان کرد

له ئیستەنبۆڵ
رووت و مەست
لەسەر تەختێک
تا شەکەتبووین
باسی سیمفۆنیاکانی
چایکۆڤسکیمان کرد
له بەیرووت
رووت و مەست
لەسەر تەختێک
تا شەکەتبووین
باسی چیرۆکەکانی
بوکۆڤسکیمان کرد
برادەرێکی رەخنەگرم و
شاعیرێکی عەرەبیش هێشتا
خەریکی قسەی جددی بوون
سەبارەت بە شیعرەکانم.

## نەفرەت لە هەموو ئەمیرەکانی دنیا

ئەو کاتەبوو کە یەکێ دەڵێ:
_الصلاة خير من النوم.
لە ژوورێکی بچووک
لەسەر قەنەفەیەک
قاچ لەسەر قاچ
باڵەکانم ئاوەڵا
دەستێکم گڵاسێکی
پڕ لە وێسکی سادە و
چوار ژنیش بەرانبەرم
لە عیشاوە تا ئەو بەرەبەیانە
لە سەمادابوون..
لەو شەوەدا هەموو شتێ خۆشبوو
ئەگەر خۆشەویستەکەم
دوو دەقە جارێ
وازی لە سەما نەهێنابووایە و

لە بن گوێم هاواری نەکردبووایە:
_تەماشای قاچ و قوڵ و
مەمکی بەڕەڵڵا و
قوونی خڕیان بکەیت، تۆ کوژراویت.
لەو شەوەدا هەموو شتێ خۆشبوو
ئەگەر خۆشەویستەکەم
دوو دەقە جارێ
لە بن گوێم هاواری نەکردبووایە:
_ها، ئەمیری خەلیجی
حاڵی دڵت چۆنە؟
لەو شەوەدا هەموو شتێ خۆشبوو
ئەگەر لەناو هێمنیی ژووری خەودا
لە بن گوێی خۆشەویستەکەم
هاوارم نەکردبووایە:
_خۆ شێتت کردم،
هەی لەعنەتی خوا یەکەمجار لە من
جا لە تۆ و عەشق و سەما و
هەموو ژن و ئەمیرەکانی دنیا بدا..

## با بتەقێتەوە

ئەگەر جیهان بە نەمانی من سەلامەت دەبێ
ها ئەوە لوولەی تۆپهاوێژەکانی ئێوە و
تونێڵی گەرووی من.
ها ئەوە گەرووی درێژی
زرێپۆشەکانی ئێوە و دەمارە پساوەکانی من.
ها ئەوە ساچمەی
بۆمبەکانی ئێوە و ئێسکی وردوخاشی من.
ها ئەوە خەنجەری درەوشاوەی ئێوە و
خوێ و گۆشت و برینی من.
ها ئەوە باڵی ئایندەی مناڵانی ئێوە و
مەرگی مناڵانی من.
ها ئەوە ژیانی تاهەتایی ئێوە و
قەبری تاهەتایی من.
ها.. دەی دەبا بڕووخێ و بتەقێتەوە
ئەو جیهانە.

## چۆن بە تەنیا مایەوە؟

خوا ئادەمی درووستکرد
ئادەم حەزی لە ژن بوو
خوا حەوای بۆ درووستکرد
فریشتەیەک حەزی لە حەوابوو
خوا ئاگادارکردنەوەی درووستکرد
فریشتەیەک فریودانی درووستکرد
خوا لەعنەتی درووستکرد
فریشتەیەک تەوری درووستکرد
خوا هەڕەشەکردنی درووستکرد
حەوا حەزی لە گۆڕینی شوێن بوو
ئادەم بە تەوری فریشتەیەک
دارسێوێکی بۆ لەتکرد
خوا،
ئادەم و حەوا و فریشتەیەکی دەرکرد
ئیدی لەو کاتەوە
ئادەم و حەوا و فریشتەیەک هاوماڵن و
خوداش تەنیا..

## ژیان بە فیلم تێگەیشتووە
## ئەو نەفرەتییە

دوای چەندین ساڵ
بۆ یەکەمجار بینیمەوە
بێئەوەی لە چاوەکانم بڕوانێ
وەک بەرد لەسەر قەنەفەکە
دانیشت و سەری داخست..

لەسەر مێز
بەرانبەری دانیشتم و
باسکەکانم تێکئاڵاند
بە غرور و تۆزێ غەمگینییەوە
بۆم گێڕایەوە
کە بۆچی لێی جیابوومەوە و
دواتر چەند بۆی سووتاوم و
چەندین شیعرم بۆی نووسیوە و
لە ناکاو لێی روانیم و گوتی:
_هیچ نەگۆڕاوی...
لە پڕمەی گریانیدا..

باشترین دەرفەت بۆ پیاوان
ئەو کاتەیە کە ژنان
بەرانبەریان دەگرین..
دەستم خستە نێو پرچی و
لێوەکانیم ماچکرد
بەڵام کە لێی دوورکەوتمەوە
دەستم بە لێوەکانم داهێنا
ترسام لەوەی
کە دڕیی لێوەکانی
لێوەکانمیان هەڵزڕاندبێ
وردتر سەرنجمدا
ورگ و قوونێکی گەورە
دوو قۆڵی ئەستوور
سینگێکی تەخت
پرچێکی سپی
بەلەکێک کە شوێنەواری

برینی مووسی بەسەرەوە بوو
بۆنێکی ناخۆش دایپۆشیبووم و
لەگەڵ ئەوەشدا گوتم:
_هەموو شتێ
لەو دنیایەدا دەمرێ
عەشقی نێوانمان نەبێ..
پاشان کەمێ دامام،
بە خۆمم گوتم:
_ژنان عاشقی خۆت دەکەیت،
بە شوویان دەدەیت و
دواتر دەتەوێ هەمدیس
پێیان بسەلمێنیتەوە
کە دوای شووکردنیشیان
هێشتا هەر عاشقی تۆن
ئەوە چ گەمەیەکی نەفرەتییە؟
تێبگە برا، ئەوە فیلم نییە ژیانە،
ژیانە، ئەی لەعنەتی..

## دواجار هەمoومان دەبینە زبڵ

گوتی: ڕاگرە.
لەسەر بەرزاییەک، سەیارەکەم ڕاگرت.

دەستێکی جگەرە و
دەستێکی بتڵێ بلاک لێبل،
لارە لار چوو، لەسەر بەردێک
لە کەنار دارستانێ زبڵ دانیشت.

لە نینۆکی سوور و
ملپێچی سوور و
لێوی سوور و
پێستە سپییەکەی ڕامام و پرسیم:
_بۆچی ناو زبڵ؟
پێکێکی هەڵدا و گوتی:
_دواجار هەموومان دەبینە زبڵ.

به راکردنەوە چووم
بتڵی بلاکم لێی سەند و
لەنێو دارستانی زبڵدا راکشام و گوتم:
_کە تۆ بەو هەموو جوانییەتەوە
ببیتە زبڵ
دڵنیام من
دەبمە دارستانێ زبڵ.

## دۆزەخ دەنێرێتە دۆزەخ

ژنێکم خۆشدەویست
کە شەوان تووڕە دەبوو
هاواری دەکرد:
_ئەی نەفرەتیی بڕۆ دۆزەخ.

بەیانیان کە خۆم ون دەکرد
زەنگی بۆ دۆزەخ لێدەدا و
هاواری دەکرد:
_ئەی نەفرەتیی
سووتاندبت
دەبێ تۆ بچیتە دۆزەخ.

ژنی عاشق وایە
یا دەتنێرێتە دۆزەخ
یا لە پێناوی تۆدا
دۆزەخ دەنێرێتە دۆزەخ.

## نیوەت بەهەشتە و نیوەت ئاگر

"لەنێو تۆدا،
گۆشەیەک هەیە
بارینی بارانی تیا ناوەستێ".

لەنێو تۆدا،
گۆشەیەک هەیە
ئاگری تیا ناکوژێتەوە.

لەنێو تۆدا،
جەنگێکی بەردەوام
لەنێوان ئاگر و باراندا هەیە
نە ئاگر دەتوانێ
باران بوەستێنێ و
نە بارانیش دەتوانێ
ئاگر بکوژێنێتەوە.

# برادەرەکانم

یەکێکیان هەوری ئامانج
دەیهێنێ و دەیبا.
یەکێکیان تەوری مەرگ
باڵەکانی وەراندوە و
یەکێکیان بەدەم رێگاوەیە،
دەڕوا و هەر دەڕوا و قەدەریەتی
رۆیشتن ئامانجی بێ، نەک گەیشتن.
من دانیشتووم و چاوڕوانم
یەکێکیان بگاتە ئامانج و
یەکێکیان مردن بمرێنێ و
یەکێکیان بگاتە گەیشتن
بەڵام دڵنیام من لە چاوەڕوانیدا دەمرم و
دوای مردنیشم
نە کەس دەگاتە ئامانج و
نە کەس دەگاتە گەیشتن و
نە کەسیش دەتوانێ مردن بمرێنێ.

# مەرگ دێ و دەڵێ: دەتکوژم

گرنگ نییە تۆ چیت
نووسەر
سایەقی تاکسی
جەللاد
حەللاق
ملیاردێر
پشیلە
سوپاسالار
یا ژنێکی رووناک
وەک بریقەی ئاوی کەنار دەریا
گرنگ نییە تۆ چیت
مەرگ دێ و دەڵێ: دەتکوژم
هەرگیز درۆش ناکا
ئەو حەقیقەتە نەفرەتییە.